٣

سروه

ئەدەبی ـ فەرهەنگی

ناوەندی بلاّوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی
ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی

گۆواری ئەدەبی ـ فەرهەنگی سروە ـ ساڵی یەکەم ژمارە ٣ـ پاییزی ١٣٦٤ ـ نرخ : ١٥ تمەن



اصل پانزدهم قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران:

زبان و خط رسمی و مشترک مردم ایران فارسی است. اسناد و مکاتبات و متون رسمی و کتب درسی باید با این زبان و خط باشد ولی استفاده از زبانهای محلی و قومی در مطبوعات و رسانه‌های گروهی و تدریس ادبیات آنها در مدارس در کنار زبان فارسی آزاد است.



نێوەرۆک

چاپ: از شرکت ایرانچاپ
تیـ ۳۲۸۱


وینەی رووبەرگ : تابلۆی نەقاشی هونەرمەند کاک مستەفا شێرزاد

وێنەی پشت بەرگ : دیمەنی گوندی سەوجە لە ناوچەی شنۆ.

وێنەی لاپەڕی ۲ ـ دیمەنی بەرەبەیانی دەریاچەی زرێواری مەریوان .








گۆواری ئەدەبی ـ فەرهەنگی

سروە

لە ژێر چاودێری دەستەی نووسەران
خاونیشان : اورمیه ـ خیابان شهید باکری ـ نبش کوی ساعد ـ انتشارات صلاح الدّین ایوّبی (مرکز نشر فرهنگ و ادبیّات کردی) تلفن : ۳۵۸۰۰



وێڕای سڵاووپیرۆزبایی جێژنی مەولوود ،جێژنی لەدایک بوونی فەخری عالەم خۆشەویستی خودا ،پێغەمبەری ئاخرزەمان (د.خ) لەئێوە خوێنەرەبەڕێزوخۆشەویستەکانی "سروە "لەگەڵ هیوای هاتنەدی هەمووویست وئامانجە پیرۆزەکانی ئەوگەورەپیاوەی مێژووی جیهان وبەئاواتی سەرکەوتن وبەختەوەری پەیڕەوانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ،ئەوەسەروتاری ئەمژمارەی "سروە" دەست پێ دەکەین .

لەژمارەکانی رابردوودا لەسەربایەخی قەڵەموئەرکی قەڵەمبەدەست وجیاوازی نێوان دەروەستی وبەرەڵڵایی،دوایین. ئێستاش هەروەک بەڵێنمان دابوو سەرەڕای شی کردنەوەی مەبەستەکەمان ،سنووری نێوان بەرپرسی وبەرەڵڵایی باشتر روونتردەخەینەبەرچاو .

لەنێوپیشەجۆربەجۆرەکانی دنیای ئەمڕۆ داکاری نووسەر وەک کارێکی پڕبایەخ وبەنرخ خۆدەنوێنێ.لەدنیای زانست وفەندا ئەرکی پەرەپێدانی زانست وراگواستن و ناساندنی زانستەنوێکانی

بەئەستۆیەدیارە ئەمەش لە زاتی قەڵەمدا یەوئیعتیباری نیە. تا رادەیەک کە دەتوانین بڵێین جگەلەوبەیت وباوانەی سینگاوسینگ پارێزراون تەنیا قەڵەمەکە پارێزەری زانینەکانی ماددی ومەعنەوی یەوئەم میراتە گەورەعیلمی یەی پێشینیانی ئێمەی کەبریتیە لەبەرهەمی رەنج وکوێرەوەری دەیان ساڵەی نەسلەکانی پێشوولە مەترسی نەمان وفەوتان پاراستووە.

بەرفراوانی وگیرایی زمانی قەڵەم، پاراوی وتەئسیری خێرای نووسینەکان، هەروەها ئاسان وهەزاران دەستکەوتنی بڵاوکراوەتەبلیغی یەکان بوونەتەهۆی ئەوەکەئاپۆرەیەکی زۆرلەدەوری کۆببێتەوە وژمارەیەکی زۆرتریش لە بەروبووی بەهرەوەربگرن. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ویڕای هەوڵدانی بەکەلک و ئینسانی نووسەرانی دەروەستە دوژمنانی مرۆڤایەتیش، وەخۆ کەون وشەپۆلێکی بەسام و گەورەی نووسینی دزێو و تێکدەرورووخێنەروەرێ بخەن بۆ لەنێوبردنی ئیستیعدادەکان، هونەروقەریحەپاکەکان ویالادان وبەردەست کردنیان.

سیاسەتەئیستیکباری یەکان بۆدرێژەدانی ژیانی پڕنەنگی خۆیان، کەبێ گومان بەبێ خەیانەت وجینایەت وهەق کوژی درێژەی نابێ پترلەجاران لەنەخشی قەڵەمدەگەن و پووڵ وسەرمایەیەکی زۆری لەسەر دادەنێن. میلیۆن میلیۆن وتار وکتێب وگۆوارورۆژنامە لەلایەکەوەورایەڵی بەرینی هەواڵدەرەکان وفیلمەکان و.... گەئەوانیش پەروەردەی قەڵەمن، لەلای دیکەوە، ئەم قسەمان بەتەواوی دەسەلمێنن.

بەڵێ ئەمڕۆلەجیهانی قەڵەم و نووسیندا تەقەلایەکی زۆر دەکرێ تابەگۆڕین وئاوەژوو نیشاندانی راستی یەکان، بەشێکی زۆرلەخەڵکی جیهان بخافڵێن، شۆڕشگێڕان و چەوساوانی رزگاریخوازلارێ بن وبەمەسایلی لاوەکی وهیچ و پووچەوەخەریک بن، تابەڵکوولەگەیشتن بەئامانجەپیرۆزەکانیان کەبنەبڕکردنی ئیستیعماری کۆن ونوێ بە یەکەمهەنگاوی دەژمێردرێ، دووربکەونەوەوهێزەخواپێداوەکانیان، هەرچەندلەقالبێکی شۆڕشگێڕانەوبریقەداریشداکۆ بووبێتەوە، بۆخزمەت بە مەبەستەکانی ئەوان وەگەڕ بکەوێ. لێرەدایەکە وشیاری وردبینی ووریایی قەڵەم بەدەست ونووسەری دەروەست پترلەجاران پێویستی خۆی دەنوێنێ ودەردەکەوێ کە گەڕانی قەڵەم بەسەرکاغەزدا شتێکی بێ مەبەست نیەودەبێ ئامانج ورێبازێکی بۆدیاری بکرێ.

لەدرێژەی ئەمباسەدا پێویستەزنجیرەوتارێک لەسەر شێوەی کەلک وەرگرتنی ئیمپریالیزمی جیهانی لە قەڵەم پێشکەش بکرێ. ئەگەر بۆمان بگونجێ لەسەروتاری ژمارەکانی داهاتوودا، یاخۆ لەژێرسەردێڕی مەقالەیەکی سەربەخۆدا لەسەری دەڕۆین.

لێرەدا ئەوەندەدەڵێین کە زمانی قەڵەم تەنیا راگەیەنەری زانراوەکان نیە، بەڵکوو زۆرجاردەبێ شتی هەڵبەستراویش دەرخواردی خەڵک بدا. ئەوشتە هەڵبەستراوانەی کەمەکتەب وبیروبڕوا بۆخەڵک دادەتاشن رێبازی سیاسی یان بۆدیاری دەکەن، ئاکاروکردەوەیان فێردەکەن وتەنانەت دەست دەبەنە نێوپەیوەندی یە ئاسایی یەکان وهەڵس وکەوتی رۆژانەی ئینسانەکانیشەوە وشێوەژیانی دیاری کراووبەرچاوی فیرعەونی یەکانیان بەسەردا دەسەپێنن.

بەکورتی ئیستیعماری فکری ئامانجێکەکەسیاسەتمەدارانی ئیستیکباروئیلحاددەیانەوی بەهۆی قەڵەمەوەوەدی بێنن. ئامانجێک کەوەدی هاتنی بەمانای زاڵ بوونی دەسەڵاتەشەیتانی یەکانەبەسەرهەموو لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا جابۆیەبەشەردۆستانی واقیعی وئەوانەی بەدڵ سەرکەوتن وپێشکەوتنی کۆمەڵ بەئاوات دەخوازن، دەبێ لەدژی ئەوسیاسەتەرابوێستن وسەد

هێندەی جاران سەرنج بدەنە گرینگی نەخشی قەڵەم لە ڕۆژگارەدا ،وئەوجۆرەی کەچاکە **ئەمچەکەبەدەستەوەبگرن دڵنیاش بن کەئەگەرهەنگاوێک پاشەکشەبکەن سەنگەرێکیان بۆدوژمن بەتاڵ کردووەو مەودایان داوەتێ سەدهەنگاوی دیکەشیان بەرەوپاش بگێڕێتەوە .**

ئەدی کێ لەناڵەی لە گەرووداخنکاوی زۆرلێکراوان وچەوساوان هاوارێکی شادمانی ئەوتۆدەربرێ کەکۆشکی زوڵم وستەم بلەرزێنێ ؟ کێ دەرکی تاریکخانەی نەزانی وسەرلێ شێواوی مۆربکا ؟ کێ پەردەی ریاودووڕەنگی لە سەرروخساری ئەوفێڵبازانەهەڵداتەوە؟ ولەئەنجامداکێ هیوای دواڕۆژێکی رووناک بەولەخۆ غافڵانەی کەفەرهەنگ و مەعاریفی مەکتەبی خۆیان لەبیرچۆتەوە ،بداوگیانێکی تازەیان وەبەربێنێتەوە ،تا لەسەرڕێی خۆیان راوەستن و مل کەچ نەکەن؟

ئێستاکەپێویستی بەهەر وەرگرتن لەتەعەهھودی قەڵەم روون بۆوە ،دەبێ دەست لەسەر ئەوەش دابنێین کە ،سەرەڕای مەسەلەی دەستێ وەردانی ئیستیکبار ،هەرقەڵەم بۆخۆی داوامان لێ دەکا بەچاکەی بگێڕین وئەگەروانەکەین فەسادەدەخولقێ . **بەقسەیەکی تر قەڵەم وەک تیغێکەکەبا خەوان دڕووی پێ هەڵدەپەرتێوێ وخاین خوێنی پێ دەڕێژێ .**

کورتی ببڕینەوەقەڵەم چونکەوەک ئامرازێک وایە وەدەتوانێ لەخزمەتی دوژمنانی مرۆڤایەتیشدابێ وریامان دەکاتەوەکەجارێکی ترسەرنجی نەخش وگرینگی قەڵەم بدەین ونووسەرانی وڵاتەکەشمان وشیاربکەینەوە .

ئێمەویڕای بانگ هێشتنی خەڵک وبەتایبەتی خوشک و برایانی قەڵەم بەدەستی کورد زنجیرەوتارێکی هەموو لایەنەمان لەسەر"تەعەهھودی قەڵەم وقەڵەمی موتەعەهھید" دەستپێ کردووە .لەژمارەکانی داهاتوودادرێژەبەم باسە دەدەین بەوهیوایەکەجێگای رەزامەندی خوای مەزن بێ و ئێوەی خۆشەویستیش بەدڵتان بێ .

لێرەدا بەپێویستی دەزانین سپاسی هەموو ئەودۆست وزانا و ئەدیب وئەدەبدۆستانە بکەین کەلەپاش بڵاوبوونەوەی دووەمین ژمارەی سروە بەرەو پیری گۆوارەکەمان هاتوون ومنەتیان لەسەردانانوین . چاوەڕوانی هاوکاری پترتانین.

خوا ریارمان بێ .

سرمقاله

با عرض سلام و تبریک میلاد حضرت ختمی مرتبت رسول گرامی اسلام (ص) به شما خوانندگان عزیز و محترم "سروه" و با مید تحقق اهداف و خواسته‌های آن رادمرد جهان بشری در پهنهٔ گیتی و آرزوی توفیق و سعادتمندی پیروان مکتب حیاتبخش اسلام، سرمقالهٔ این شماره از "سروه" را آغاز میکنیم. در دو شماره گذشته در خصوص ارزش و رسالت قلم و قلم بدستان و نیز ضرورت بازشناسی مرز تعهد و لاقیدی سخن گفتیم. مطابق وعدهٔ قبلی اکنون وقت آنستکه ضمن شکافتن بیشتر بحث، تعیین مرز تعهد و بی‌مسئولیتی را پی گرفت.

نویسندگی امروز بعنوان یکی از کارهای ارزشمند در میان مشاغل گوناگون جلوه میکند و درجهان علم و دانش بعنوان وسیله‌ای مهم برای گسترش علوم ،انتقال و تفهیم یافته‌ها و حقایق تازه کشف شده محسوب میگردد، این اهمیت نه امری اعتباری بلکه وابسته به ارزش ذاتی کتابت است، تا آنجا که میتوان صرف‌نظر از محدود محفوظاتی که سینه به سینه نقل گشته، آنرا تنها پاسدار و نگهبان دانسته‌های مادی و معنوی تلقی کرد که میراث بزرگی از علوم و فنونی که ثمرهٔ تلاش و رنج و زندگی مشقت‌بار نسلهای گذشته است

را از خطر محو و نابودی نگه داشته است.

وسعت، گیرائی،نفوذ و ارزانی زبان قلم موجب گشته تا جمعیت قابل توجهی بدان روی آورده و جمعیتی چند برابر از ثمراتش بهره‌گیرند این خود دلیلی بود تا در کنار تلاشهای مفید و انسانی، دشمنان انسانیت و سودجویان ضد بشر را بتحرک واداشته و موج عظیم نوشته‌های مخرب و ویرانگر را برای نابودی استعدادها، هنرها و قریحه‌های سالم و یا انحراف و دربندکردنشان براه اندازند.

سیاستهای استکباری امروزه برای تداوم حیات ننگین خویش که طبعا ادامه خیانتها و جنایتها و حق‌کشیهای بی‌حسابی را قرین است، بیش از پیش به ارزش و کارساز بودن نقش قلم پی برده و روی آن سرمایه گذاری کرده‌اند،میلیونها مقاله،هزاران هزار کتاب و نشریه و روزنامه از یکسو و شبکه‌های گسترده‌ٔ خبرگزاریها فیلمها و... که پرورده‌ٔ دیگر قلمند از سوی دیگر،دراثبات این مدعا جای هیچ ابهام و تردیدی باقی نمیگذارد،

آری امروز در جهان قلم و نویسندگی تلاش بسیاری صورت میگیرد تا با قلب حقایق و وارونه‌ساختن آنها، بخش عظیمی از مردم جهان را در غفلت نگه‌داشته و با ایجاد انحراف در مسیر انقلابیون و مستضعفان ستیزه ـ جوی و مشغول ساختنشان به مسائل فرعي و غیر اصولی، آنان را از دستیابی به اهداف رهائیبخش مکتب که نابودی سیاستگزاران استعمار قدیم و جدید،گام اول آن بشمار میرود،دور ساخته و چه بسا موجودیتشان را هرچند با قالبهای پر طمطراق انقلابی همراه باشد،در مسیر خود بکار گیرند،اینجاست که ضرورت هشیاری،تیزبینی و آگاهی قلم بدستان متعهد بیش از پیش ظهور میکند و لزوم جهت‌بخشی و هدفدار ـ ساختن هرچه بیشتر تلاشهای قلمی نمایان میگردد.

در راستای این بحث طرح سلسله مطالبی در زمینه شیوه‌های استفاده‌ٔامپریالیسم جهانی از قلم بسیار ضروری، قابل استفاده و آگاهیبخش استکه اگر فرصت بدست داد در سرمقاله و یا با عنوان مستقلی بدان خواهیم پرداخت

در اینجا بعنوان اشاره یادآوری میشویم که (زبان قلم همآره ناقل یافته‌ها نیست، بلکه در بسیاری از موارد می‌باید بافته‌ها را هم بخورد مردم دهد، همان بافته‌هائی که با نامهای زیبا و فریبنده برای مردم مکتب و اعتقاد ساخته، مشی **سیاسی تعیین کرده، اخلاق آموخته و حتی درخصوصی‌ترین روابط و مناسبات شخصی و خانوادگی با ارائهٔ الگوهای ازپیش‌تعیین شده برنامه میدهد و روشن استکه وقتی با تبلیغات گسترده و مستمر تدریجی و هدفدار جای خود را در افکار و زندگی مردم می‌یابد چگونه سرنوشتشان را در جهت تعیین شده از سوی فرعونیان رقم میزند)** و در یک کلام استعمار اندیشه که برای تسلط بر جمیع ابعاد زندگی مردم شرط لازم و بلکه کافی نیز میباشد،هدفی است که سیاستمداران و استکبار و الحاد از قلم انتظار تحققش را دارند،بر این **اساس** بشر دوستان واقعی و **مدعیان** حقیقی تعالی انسانیت **می‌باید** در جهت مخالف آنچه که یاد شد، به نقش‌عظیم قلم و اهمیت فوق‌العاده‌اش **در** عصر حاضر، توجهی صدچندان نموده و به یک مقابلهٔ جدی و بنیانی دست زده **و از این سلاح بصلاح بهره گیرند و مطمئن باشند هرگامی که به عقب بنشینند سنگری به دشمن** واگذاشته که **بدان صد گام** دیگر به **عقب خواهندشان** **نشاند.** چه کسانی ازصدای در گلو خفه شده‌ٔ مظلومین و محرومین، غریوی گوش‌خراش

ل ←


رازی شوان

مووسا گەرمیانی

لەسەر باڵی سروەی نەمام ،
ئەو بازی رۆح ،
ئەو تاقانە
باڵای پیرۆزی شوانی کورد ،
جوانی پە گرتوویە ئارام ،
ئیعجازە دەستی وێنەگر
بە تروکەیەک ،
لاوکی پێواری سروشت ،
حەیرانی پڕ وردە کاری ،
وەدەنگ بێنێ .
بە وێنەیەک ،
بە دەنگی رەنگی سەد تەرزی
تەزووی هەستی شاعیرانە
بە گیانی بینەر دابێنێ.
تابلۆی بێ خەوشی سیحراوی
گووراوی جوانی دیتنە
ماکی جوانییە گراوی
ئەویندای بە برینە .

★ ★ ★

لەو دیو دووکەڵی جگارە
گەڵاڵەی لێڵی وەک خەونی
چیای وشکی بەردەڵانە
مەڕ برسیانە ،
تۆ خوا مامە !



کوڵی خەمت بۆ مەڕەکان ،
دادەمرکێ بە جگارە ؟
ئەدی بژیوی تۆ کامە ؟
تۆ خوا مامە ،
ئەگەر هاتم ،
چایەک لە کەتری
ئاوێزانی کۆڵوانەکەت ،
مژێک جگارەی
توتنە هەرزانەکەت
بۆ منی بە تاسە تەرخان کە
ئەگەر هاتم ،
رازی ژین و ژیاری خۆت
هیواکانت ، خەمەکانت
بۆ منی دڵ پڕ بەیان کە .

*

زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی

«بەشی یەکەم»

دەستەی نووسەرانی گۆواری سروە پێی وایە بڕیاردانی دوایی لەسەر مەسەلە بنچینەیی- یەکانی زمانی کوردی نەکاری خۆیەتی و نە کاری هیچ تاکە مامۆستایەکی زانا و زمان ناس. هەرچەند کە زۆریش بە ئەزموون و خاوەن ڕا بێ. بۆ کارێکی وا گرینگ دەبێ کۆڕێک یا کۆنفرانس و کۆنگرەیەک لە زانایان و شارەزایانی زمان و ئەدەبی کوردی پێک بێ و دوای باس و لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە و لێکدانەوەی هەمۆو لایەنە و پشکنینی هەموو کەلێن و قوژبنێکی مەسەلەکە بڕیاری لەسەر بدرێ.هیوادارین هەموو ئەوانەی لەم زەمینەدا ڕا و نەزەروبۆچوونێکیان هەیە خۆیان بۆ پێک هێنانی کۆڕ و کۆنگرەیەکی وا ئامادە بکەن. نەزەری خۆیان بۆ ئێمە بنێرن تا خۆشمان بیانناسین و بەبڵاوکردنەوەی نووسراوەکانیشیان بە خوێنەرانی سروەیان بناسێنین و بەم جۆرە چلۆنایەتی بەشدار بوونیان لە کۆنگرەدا دیاری بکرێ. بەڵام بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆوار و .... بەبێ ڕەچاو کردنی ڕێنووسێکی تایبەتی و زمانێکی ئەدەبی دیاریکراو ئیمکانی نیە.بەم بۆنەوە و هەروەها وەک ئامادە کردنی سەرەتای پێک هاتنی کۆنگرەیەکی ئەدەبی لە گۆواری سروەدا زنجیرە وتارێکی زمان ناسی بڵاو دەکرێتەوە کە یەکەم باس لەسەر ڕێنووس لە دوو ژمارەی پێشوودا بڵاو کرایەوە.

ئێستاش باسێک لەسەر زمانی یەکگرتووی ئەدەبی دەست پێ دەکەین.جگە لەمانەش لەمە و دوا بەرەبەرە نەزەر و ڕەخنە و پێشنیاری هەموو خوێنەرانی سروە لەسەر ئەم باسانە بەبێ هیچ چەشنە دەست تێ وەردانێک بڵاو دەکەینەوە،تاکوو ئەم ڕەخنە و پێشنیارانەش بکەونە بەر سەرنجی هەموو لایەنێک و باس و دمەتەقەیەکی قووڵی ئەدەبی بکێشینە نێو کۆمەڵ،کە ئەم چەشنە لێ دوانە کاری کۆنگرەکە ئاسانتر دەکاتەوە.داوا دەکەین هەر کەس ڕەخنەیەکی هەیە تەنانەت ئەگەر لەسەر ڕەخنە بڵاو کراوەکانیش بێ، بۆمانی بنێرێ.

جا چ ڕەخنە لەسەر یەک یا چەند خاڵی ئەم باسانە بێ و چ ڕەخنەیەکی هەموو لایەنە لەسەر تەواوی باسەکان، بە شێوەی مەقالەیەکی سەربەخۆ. ئێمە لە سروەدا بڵاویان دەکەینەوە.ئەگەر بارستی نووسراوەکان لە توانای لاپەڕەکانی سروەدا نەبوو تێکڕای ئەو مەقالانە وەک پاشکۆیەکی سروە لە چاپ دەدەین بەڵام تەنیا کۆنگرەیە کە دەتوانێ بڕیاری دوایی لەسەر بدا.بڕیارێکی ئەوتۆیش بۆ ئەوە دەبێ کە هەموومان پەیڕەوی لێ بکەین. بەهیوای ئەو ڕۆژە.

دەستەی نووسەرانی گۆواری "سروە"

سەرەتا :

دەکرا .مامۆستایەکی بە سال کار لەسەر شیعروئەدەب

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا ئەزموونی کورد دەیگوت : و نووسینی کوردی،خوێندنەوەی

باسی زمان و ئەدەبی کوردی " ئێستاش دوای نزیک بە چل نووسراوەیەکی فارسی یا

عەرەبیم لە نووسراوەی کوردی لا ئاسانترە . ئەو مامۆستایە رەخنەی لە ئاڵۆز پلۆزی رێنووسی کوردی دەگرت. پیاو حەق بڵێ ناحەقیشی نەبوو . رەخنەکەی لە دوو لاوە جێگای سەرنجە . یەکەم ساغ نەبوونەوەی هەموو نووسەرانی کورد لەسەر رێنووسێکی کوردی تاقانە . دووەم ئەو بێ سەرە و بەرەبییە کە هەرکەس دەستی قەڵەم دەگرێ و لەوەش خراپتر هەر ناشیرێک کە بە خێوی خۆی چوار کتێبان بۆ چوار نووسەر یا شاعیری هەناسە سارد بڵاو دەکاتەوە ، بە کەیفی خۆی و بەبێ گوێ دان بەوانەی پێشتر ئەم کارەیان کردووە ، رێنووسێکی دڵخواز بۆ زمانی کوردی دادەنێ .

وەنەبێ ئەم بێسەرە و بەرەیی و پاشا گەردانییە تەنیا بۆ رێنووس بێ.کاتێک سەرنجی نێوەرۆکی نووسراوەکانیش بدەین داخەکەمان دوو چەندانە دەبێ .هەرکەس لە ئاشێک لێدەکا و بە لەهجەیەک دەنووسێ .ئەمەش رەسمی هیچ زمانێکی زیندووی دنیا نیە .هێندێک وا دەزانن ئەمە هەر کوردییە کە لە هەر مەڵبەند و شارێکدا لەهجەیەکی هەیە و زمانەکانی تری دنیا تاقە لەهجەیەکیان هەیە ،بۆیە هەر بەیەک شێوە دەنووسن . دەستەیەکیش خۆ هەڵدەکێشن و بەچاوی گەلانی دیکەیدا دەدەنەوە کە ئەگەر ئێوەی بەناو پێشکەوتوو تاقە زمانێکتان هەیە ئێمەی کورد پێشکەوتووترین و ئەوەندەمان زمان هەیە لە حیساب نایە! !

- بۆ ئەوەی کوڵ و کۆی دڵی ئەم چەشنە نووسەرانە دابمرکێتەوە دەڵێین ئەوە هەر زمانی کوردی نیە کە لە چەندین لەهجە پێک دێ.هیچ زمانێک لە دنیادا نیە وا نەبێ.عەرەبی میسر و عەرەبی لوبنان وەک دوو زمانی جیاواز دەچن،هەروەها عەرەبی ئەلجەزایر و شام و یەمەن و.. و تەنانەت عەرەبی هەر شارێکی وڵاتانی عەرەب لەگەڵ لەهجەی شارەکانی دیکەی ئەو وڵاتە .

سەرەڕای ئەم هەموو جیاوازییە ئەدەبیاتی عەرەبی بە زمانێک دەنووسرێ و هیچیان لەو نەزمە لانادەن. هەر واشە زمانی فارسی و تورکی و فەڕانسەوی وئینگلیسی و... بەهەر شتێکی دیکەش خۆ هەڵکێشین،دەبێ باسی زمانەکەمان هەر نەکەین . نەک هەر نابێ زمانی خۆمان لە پێشتر بزانین،بەڵکوو دەبێ پێی لێ بنێین کە **زمانەکەمان هەر وەک نەتەوەکەمان زۆر هەژارە و هەتا بڵێی لە دواوەیە. ئاخر کوا خزمەتی کراوە؟کوا بایەخی بۆ دانراوە؟کوا بە زمانیان زانیوە؟**

ئەگەر نەتەوەکانی دیکە (بێجگە لەوانەی ژێر چەپۆکە بوون و هەن)دەیان و سەدان ساڵ خزمەتیان بەزمانەکەیان کردووە و شیعر و پەخشان و چیرۆک و بابەتە زانستی و فەرهەنگییەکانیان پێ نووسیوە ،کەنگێ و لەکوێ و چ ماوەیەک بۆبووژاندنەوەی زمانی کوردی هەوڵ دراوە ؟

خو ئەگەر بمانەوێ گوێ لە دەنگ و باس و بەرنامەکانی دیکەی رادیۆ کوردییەکان بگرین ئەوەندەی لێ جارز دەبین کە مامۆستای ناو نەبراو لە نووسراوە کوردییەکان جگە لەتاک وتەراکێکی ئەو بەرنامانە سەرباقی ئەوەندە لەگەڵ زمان و رێزمانی کوردی بێگانەن کە پیاو حەز دەکا واز لەو چەشنە کوردییانە بێنێ و گوێ لە بەرنامە فارسی وعەرەبییەکان بگرێ.چونکوو بەڕاستی لەوان زیاتر تێ دەگا .

بەڵێ زمانی کوردی نەک هەر خزمەتی پێنەکراوە و بەرەو تەکامول نەڕۆیشتووە ، بەڵکوو بەرەو فەوتانیش چووە. **بەڕاستی ئەگەر سەرنجێکی نەدرێ و ئەوانەی خۆ بە دڵسۆزی کورد دەزانن بە هانایەوە نەیەن زۆری پێ ناچێ ئەوەشکە ماوە لەنێو دەچێ.بۆ راست و دروستی ئەم قسەیە با بەراوردێکی زمانی خەڵکی شار و گوندی کوردستان**

بکەین .

زمانی دانیشتووانی شارە کوردەکان بە بۆنەی خوێندن بە زمانی ڕەسمی وڵات و بایەخ دان بەو زمانانە بەهۆی دام و دەزگا تەبلیغاتی و فەرهەنگی یەکانەوە ،هەتا دێ لە زمانی لادێ کە ئەم هەوڵدانانە کەمتر کاری تێ کردوون،دوورتر دەکەوێتەوە . ئەگەر گوێ لە کوردی قسە کردنی لاو یا منداڵێکی خوێندەواری خەڵکی شار دەگرین دەبینین زوربەی ئەو رستانەی بەزاریاندا دێ بەپێی ڕێزمانی فارسی داڕێژراون (دیارە بۆ کوردەکانی ئەو دیوی سنوور دەبێ بڵێین عەرەبی) . لێرەدا باسی وشە فارسی یەکان ناکەین، چونکوو هیچ زمانێک لە وشەی زمانەکانی دیکە خاوێن ناکرێتەوە .لاوە خوێندەوارەکانی ئێمە جوملەکانیشیان فارسی یە .چون بە فارسی بیر دەکەنەوە جا دوایە وەری دەگێڕنە سەر کوردی و دەیڵێن **" تۆ چەند ساڵتە "، " من ئەو شتە لە فلانەکەس ناگرم ". "سەعاتی دوو بوو کە زەنگی خوارد "، "ئەو قسەی بە بای فەرامۆشی سپاردووە "، "من بەو کارە هەڵسام "، " لە حەق نەبوورین "، "بەرق رۆیی " ، "ئەویش لە جەریان بنێ " ، "فلانە جێگا بە مەسیرم ناخوا"** رۆژ نیە ئەمانە و دەیان جوملەی لەم چەشنە نەبیسین، جێگای داخ ئەوەیە نەک هەر زمانی لاوەکان و منداڵەکانمان تووشی ئەو نەخوشی یە بووە ،بەڵکوو ئەوانەش کە دەنووسن زۆرکەم تووشی هاتوون.لاپەڕەی ئەو چەند کتێب و رۆژنامە و گۆوارانەی جارناجارێک بڵاو کراونەتەوە و زوربەی وتارە رادیۆیی یەکان پڕن لەم چەشنە غەڵەتانە .**سەیر ئەوەیە ئەم چەشنە کوردی نووسانەی ئێمە بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆیان بە کوردی یەکی پەتی نووسیبێتیان بە زەحمەتێکی زۆر تێدەکۆشن تاقە وشەیەکی فارسی وعەرەبی و . . . .لە نووسراوەکانیاندا نەبێ.بەڵام ئاگایان لەوە دەبڕێ کە چوارچێوە و قالبی جوملەکانیان کوردی نیە و فارسی یا عەرەبی یە . سەیرێکی ئەم چەند جوملە کوردی یە "پەتی"یە بکەن :**

" زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە هندو- ئەورووپا ییەکان، ئاریەکان،وە زمانێکی سەربەخۆی سەرکەوتووی داگوور وەرگرە ،وە لە ماخە جیا کەرەوە گرنگەکانی بنەماڵەی ئاری ئەوەیەکە لەبنچی داگور وەرگر بە تاو وتێ پێک هاتوون و داتاشینیان تیاجێ بەجێ ئەبێکە بنچەکەی سەرچاوەیە . ".

خوێندن و زانست و ، فەرهەنگ ڕێگای داهاتوو یەکی پڕ لە خێرو بێر و بەختەوەری بۆ هەر نەتەوە یەک دەکاتەوە .گەشە کردنی زمان و ئەدەبیش یەکێک لە ئاکامە باشەکانی ئەو پێشکەوتنەیە .بەڵام بەداخەوە بۆ کوردی هەناسە سارد کە بە زمانی خۆی ناخوێنێ دەبێتە هۆی لەنێو چوونی زمانەکەشی

ئێستاش نووسەر و شاعیری کورد بۆ ئەوەی وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردی بۆ نووسراوەکانی خۆی بدۆزێتەوە ناچارە پەنا بەرێتە بەر لادێ و لە زمانی خەڵکی نەخوێندەوار و چارەڕەشی دێ شت فێر بێ،کە هێشتا لە بەروبووی خوێندەواری و زانست و فەرهەنگی نوێ بەهرەی وەرنەگرتووە .ئێستاش بەیتە کۆنەکان باشترین سەرچاوەی زمانی ڕەسەنی کوردین.

لە وەزعێکی وادا ئەگەر شاعیرێکی دەربەدەری کورد بۆ دەربڕینی هەستی دەروونی خۆی دەستی دابێتە قەڵەم و شیعرێکی هێنابێتە سەر لاپەڕەی کاغەز ،یا ئەگەر لە هێندێک شوێنی وەک عێڕاق ،یەکیەتی سۆڤیەت و ئێرانی پاش شۆڕشی ئیسلامیدایا لە نێو کوردە ئاوارەکانی ئورووپادا دەرفەتێک بۆ بڵاو کردنەوەی شیعر و ئەدەبیات و نووسینی کوردی پێک هاتبێ ، لەبەر یەکگرتوو نەبوونی ئەم هەوڵدانانە ،هەر یەکەی

نەزمێکیان گرتۆتە بەر ،هەر دەستەیەک بە رێنووسێکی نووسیوە و هەر کەسێک رێزمان و لەهجەیەکی تایبەت بەخۆی رەچاو کردووە .تەنانەت کتێب و گۆواری وا بڵاو کراونەتەوە کە هەر لاپەڕە یا هەر مەتڵەبێکیان بە لەهجەیەک یا بە رێنووسێکی جیاواز لەوانی تر نووسراوە ،ئەم پاشاگەردانی هەرکەس هەرکەسییە گرینگترین هۆی سەر لێ شێواوی خوێنەری کوردە . **جا ئیتر چۆن حەق نەدەین بەو مامۆستایەکە پاش نزیک بە چل ساڵ کار لەگەڵ ئەدەبی کوردی ئێستاش نووسراوەیەکی فارسیوعەرەبی لە نووسراوەیەکی کوردی باشتر و ئاسانتر دەخوێنێتەوە ؟**

لێرەدا ئیدیعا ناکەین کە دەرمانی ئەم دەردە گرانەمان بە دەستە بەڵام هەروەک لە دوو ژمارەی پێشووی سروەدا ئێمەش وەک زۆر دەستەو لایەنی دیکە رێنووسێکمان هەڵبژارد و ئوسوولی ئەو رێنووسەمان لە دوو بەشدا راگەیاند . لەم بڕوایەداین کە بە بێ هەڵبژاردنی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبیش بۆ کورد لەم کارەدا سەر ناکەوین دەترسێین کە کاری ئێمەیش سەر لێ شێواوی یەکە زیاتر بکا

هیوادارین وانەبێ و لە درێژەی ئەم کارە گرینگە فەرهەنگی یەدا بەهاوفیکری و هاوکاری مامۆستایانی دڵسۆز و خاوەن ڕا رێگا چارەیەک بۆ ئەم گیروگرفتە بدۆزینەوە ، ئینشائەڵڵا .

ئێستاش دەچینەوە سەرباسی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی کە بۆ ئەم جارەمان لەبەرچاو گرتووە ، ئەمباسە بەرێکی درێژی هەیەو بۆئەوی زووتر بە ئامانج بگەین زۆر زوو بە سەرچەند باسێکی گرینگی زمانناسیدا تێدەپەڕین ورای خۆمان لە سەر زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی دەر دەبڕین . بێگومان هەرکام لەم باسە سەرەتایی یانە بۆخۆی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی جیاواز هەیە ، کە خوا یاربێ لە ژمارەکانی داهاتوودا ، دەیانخەینە بەرباس وزیاتر یان لە سەر دەڕۆین .

زمان و لەهجە

زمان کۆمەڵە نیشانەیەکی دەنگی یە کەئدامانی کۆمەڵێکی ئینسانی بۆپەیوەندی گرتن لەگەڵ یەکتر دیاری دەکەن. ئەڵبەت ئینسان دەتوانێ جگە لە دەنگ لە رەنگ، و بۆنیش بۆ گەیاندنی مەبەستی خۆی بە کەسێکیتر کەڵک وەربگرێ. بۆ وێنە چرای سووررادەگەیەنێ کەماشێن دەبێ لەسەر چوار ، رێیان رابوەستێ و چرای سەوز وەک نیشانەی ئازادی هاتوچۆ دیاری کراوە . یا خۆ ئینسانێک دەتوانێ بۆ پەیوەندی گرتنی رەمزی لەگەڵ دوستێکی خۆی بۆنی عەترێکی تایبەتی بەنیشانەدابنێ . ئەم چەشنە نیشانانە زمان نین . **زانستی زمانناسی ئەو دەستە نیشانە دەنگیانە بەزمان دەزانێ کە لە پێشەوە باسمان کرد .**

هەر کۆمەڵێکی ئینسانی زمانێکی هەیە و ئەو زمانە لە روانگەی زمانناسییەوە جێگا و نرخی تایبەتی خۆی هەیە ،جا چ زمانی دواکەوتووترین کۆمەڵی ئینسانی وەک خێڵە ئەفریقایییەکان بێ و چ زمانی وڵاتێکی پێشکەوتووی ئورووپایی و ئەمریکایی. زۆر و کەمی ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە زمانێک قسە دەکەن هەروەها گرینگی ئەدەبی و سیاسی زمانێک لەچاو ئەوانی تر ، نابێتە هۆی ئیمتیازێکی تایبەتی کە ئەمیان بە زمان بناسرێ و ئەوانیتریە لەهجە .

ئەوانەی کە یەکێک لەم بابەتانە دەکەنە بیانوو بۆ ئەوەی زمانی نەتەوەیەک بە زمان لە قەڵەم بدەن و ئەوانی تر بە لەهجە بە هەڵە چوون و بۆچوونێکی زانستییان نیە .زانستی زمانناسی دەڵێ هەموو ئەو زمانانەی کە دەچنەوە سەر یەک ئەسڵ و ریشە ،لەهجەن **و** هەموو ئەو لەهجانەش **وەک** برا وان. هیچیان سیمەتی باوکی بەسەر ئەوانیتر**ەوە**

نیه .

لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی بۆمان دەردەخا کە لەگەڵ ئەوەی هەر وڵاتێک و تەنانەت هەر شار و مەڵبەند و گوندێک لەهجەیەکی جیاواز لەوانی‌تری هەیە ، نزیکایەتی‌یەکی سەیریش لەنێو زمانی نەتەوە دراوسێکاندا زۆر بەرچاوە ، لەنێو زمانی نەتەوە دوورەدەستەکانیشدا دەبینرێ .

لە ساڵی ١٧٨٦ی‌ز (١٢٠١ی.ک.م) دا قازی‌یەکی ئینگلیزی بەناوی ویلیام جۆنز نزیکایەتی زمانی سانسکریتی لەگەڵ زمانی یۆنانی ولاتینی دۆزی‌یەوە . لەوکاتەوە زانستی زمانناسی پەرەی‌گرت ودەرکەوت کە هەموو ئەو لەهجە لێک جیاوازانەی کە نزیکایەتی یەکی کەم یا زۆریان لەگەڵ یەکتر هەیە دەچنەوە سەر زمانێکی ئەسڵی .

زەمان وەک دیاردەیەکی زیندوو دایم لەگۆڕاندایە لە سەردەمی زووکە وەزعی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، دانیشتوانی مەڵبەندێکی لێک دادەبڕی،لەبەر گرانی و کەم بوونی هات‌وچۆ پەیوەندی گرتنی ئینسانەکان لەگەڵ یەکتر دژوار بوو ، لە ئاکامدا زمانی هەرقەوم و تایفەیەک بە ڕێگایەکی تایبەتیدا گەشەی دەکرد و دەگۆڕا . بەم جۆرە جیاوازی لەهجە یێک دەهات .

لەهەرجێگایەکیش کە کۆسپ و بەرگرێکی تەبیعی وەک چۆم و دەریا و شاخو داخوبەرزایی خەڵکەکەی زیاتر لێک‌دادەبڕی جیاوازی لەهجەکان زیاتر دەبوو . هەر ئەمەیە هۆی پەیدا بوونی لەهجەکان دەنا لە قانوونی خیلقەتدا بەبۆنەی زمانەوە مافێکی تایبەتی بۆ هیچ نەتەوەیەک لە چاو ئەوانی تر دانەنراوە و ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش پلەی ئینسانێک بە بەرزتر دەزانێ کە تەقوای هەبێ نە وەک بە بۆنەی قەوم و تایفەو زمانەکەیەوە .

زمانی یەک‌گرتووی ئەدەبی

لە دینادا هیچ وڵاتێک نیە کە خەڵکەکەی بە تاقەزمانێک قسەبکەن . ئەگەر ریشەی زمانەکەشیان یەک بێ ئاخاوتنیان بە لەهجەی جۆرا و جۆرە . لەهجە لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر دەگۆڕدرێ . بەڵام ئەم خەڵکە بۆپێکەوە ژیانێکی ئاسایش‌نیازیان بە زمانێکی هاوبەش هەیە .

لێرەدایە کە دیاری ، زمانێکی یەکگرتوو پێویستی خۆی دەنوێنێ . زمانێک کە بۆ تێک‌گەیشتن ببێ،دەرسی پێ بخوێندرێ و کتێب و گۆوار و رۆژنامەی پێ بڵاو بکرێتەوە و....

لەلای ترەوە دیاری کردنی زمانێکی یەکگرتوو بە بێ سەرنج دان بە زمانی زگماکی هەر نەتەوەیەک لەوڵاتێکی فرەنەتەوەدا کۆسپی زۆرتر دێنێتە سەر ڕێگا . مندالی نەتەوەیەک کە زمانەکەی‌نەبۆتە زمانی‌ ڕەسمی‌وڵات ئەگەر هەر لە سەرەتای خوێندنەوەزمانی زگماکی خۆی لێ قەدەغە بکرێ و لە قۆناخەکانی بەرزتری خوێندنیشدا لەزمان و ئەدەبی خۆی بێگانە ، بمێنێتەوە نەقڵی‌قەلەرەشەکەی بەسەردێ کەویستی لەنجەولاری کەو فێربێ ، فێرنەبوو و ئی خۆشی لەبیر چۆوە . ئەمەیش لە ئاکامدا دەبێتە هۆی کوێر بوونەوەی زەوق و ئیستیعدادەکانی ، جا چ ئیستیعدادی زەوقی و هونەری بێ و چ ئیستیعدادی زانستی و....

سەرەڕای ئەوەش ، جگە لە زمانی ڕەسمی وڵاتکە ئیمکانی پەرەگرتنی هەیە ، زمانەکانی دیکەی ئەو وڵاتە لە گەشە کردن دەکەون و لەئاکامدا تێکڕای زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی وڵاتەکە تووشی کزی و لاوازی دەبێ

کەوابێ ڕێگاچارەی ئەم وڵاتانە ئەوەیە کە وێڕای دیاری کردنی زمانێکی یەکگرتووی هاوبەش بۆ هەموو وڵات ، هەر نەتەوەیەکیش ئازاد بێ زمان و فەرهەنگ وئەدەبیاتی خۆی پەرەپێ بدا .

بۆ دیاری کردنی زمانی یەکگرتوو ڕێگای جۆربەجۆر هەیە . لەهێندێک شوێن

دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەیەک، دەبێتە هۆی داسەپانی لەهجەکەی بەسەر نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتەدا. وەک رووسی بۆ هەموو خەڵکی یەکیەتی سۆڤیەت. لە ئێرانیشدا کەپاش دەسەڵاتداری عەبباسی یەکان یەکەمین دەوڵەتە سەربەخۆ ئێرانی یەکان لە خوراسان دامەزران زمانی فارسی دەری کە لەهجەی دانیشتوانی ئەومەڵبەندە بوو بوو بەزمانی رەسمیو ئەدەبی ئێران و بەسەر لەهجەکانی دیکەدا زاڵ بوو. لە و وڵاتانەشداکە تازە لە ژێر چەپۆکەیی ئیستیعمار رزگار بوون. سەرەڕای هەوڵدانی ئازادیخوازانەی نەتەوە رزگارکراوەکان بۆ زیندووکردنەوەی زمانی نەتەوایەتی خۆیان بەکردەوە هەر ئەو زمانە بێگانەی کە پێشتر بەسەریاندا سەپا بوو، وەک زمانی یەکگرتوو بەکار دێ، بۆ وێنە لەوڵاتی فرەنەتەوەی هیندوستاندا ئێستاش زمانی رەسمی هەر ئینگلیسی یە. ئەڵبەت لەووڵاتەدا یازدە زمانی ئازاد و زمانی هیندی وەک زمانی هاوبەش راگەیەندراوە، بەڵام بەکردەوە هەر زمانی ئینگلیسی وەک زمانی رەسمی و هاوبەشیان بەکار دێ.

جاریوایە دین دەبێتە هۆی پەیدا بوونی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی. بۆوێنە لەهجەی ساکسی ئاڵمانی لەو کاتەوە وەک زمانی ئەدەبی ئاڵمانی کەوتە بڕەوکە مارتین لوتێر کەشیشی ئەلمانی وبناغە دانەری مەزهەبی پرۆتستان لە دژی پاپ و کلیسا راپەڕی و کتێبی ئاسمانی ئینجیلی وەرگێڕا سەر ئەم لەهجەیە.

قەومی یەهوودیش کە بە هەموو وڵاتانی دنیادا بڵاوببوونەوە بە هۆی تەوراتەوە زمانێکی هاوبەشیان هەیە هەر وەها نەخشی قورئانی مەجید لەسەقام گرتنی زمانی ئەدەبی عەرەبیدا حاشا نا کرێ لەهێندێک ناوچەش گرینگی **ئابووری و بازرگانی** ئەوناوچە دەبێتە هۆی گرینگ بوونی لەهجەکەی، لەهجەی جێگا یەک کە ناوەندی بازرگانی بێ و خەڵکی ناوچەکانی دیکە بۆ کڕین و فرۆشتنی شت و مەک رووی تێدەکەن، سەرنجی خەڵک رادەکێشی و دەبێتە هۆی پێک هاتنی زمانی هاوبەش.

وەک لەهجەی عەرەبی مەککە لەنێو لەهجەعەرەبی یەکاندا ئەڵبەت ئاینی پیرۆزی ئیسلام و قورئان کە بەم زمانەیە لەسەقام گرتنی زمانی یەکگرتووی عەرەبیدا تەفسیرێکی تەواوی هەیە.

جگە لەم هۆیانەش کتێب و بەرهەمی ئەدەبی و زانستی بە هەر لەهجەیەک زیاتر نووسرابێ دەتوانێ ببێتە هۆی پێک هاتنی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی. دیارە ئەم هۆیەش بۆ خۆی زیاتر بەرهەمی هۆیەکانی پێشووە، چونکوو کتێب و نووسراوە و شوێنەواری ئەدەبی وزانستی بە لەهجەیەک دەنووسرێ کە ئەو لەهجە بەبۆنەی دەسەڵاتی سیاسی یا وەزعی ئابووری وبازرگانی یەوە بایەخێکی زیاتری پێ درابێ.

(درێژەی هەیە)

لە قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هاتووە :
"ئەسڵی پازدەهەم" : زمان ورێنووسی رەسمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسی یە . سەنەد ونامە و مەتنە رەسمی یەکان و کتێبی دەرسی دەبێ بەم زمان و رێنووسە بێ بەڵام کەڵک وەرگرتن لە زمانە ناوچەیی ونەتەوایەتی یەکان لە بڵاوکراوەکان وراگەیەنەرە گشتی یەکانداودەرس گوتنەوەی ئەدەبیاتەکەیان لە مەدرەسەکاندا وێڕای زمانی فارسی ئازادە .

رەخنە و پێشنیار لەسەر باس و لێکۆڵینەوە ئەدەبی یەکان

پێشەکی یەک بۆ ئەم زنجیرە باسە

ئەوەی لێرە دەیبینن رەخنە و پێشنیاری ماﻣۆستایانی خاوەن ڕا و هەموو خوێنەرە بەڕێزەکانی سروە لەسەر باسە زانستی‌یەکانی ئەدەبی کوردی‌یە. خوا یار بێ لەم جێگای گۆوارەکەماندا جار لەگەڵ جار نەزەر و رەخنە و پێشنیاری هەموو خوێشەرانی سروە رادەگەیەنین و دەیانخەینە بەرچاوی خوێنەران. بەڵام پێویستی بە روون کردنەوەیە کە دەقی نووسراوەکان بەبێ هیچ جەشنە دەست تێ وەردان و تەنانەت بەبێ راستکردنەوەی هەڵە ئاسایی‌یەکان (وەک دانانی نیشانەی "٧" و "ـ" و "ــ" و هەڵەی ئیملایی و...) چاپ دەکەین، کەوابێ تکا دەکەین کەرەخنەمان بۆ دەنێرن خۆتان چاوێکی دیکەی پێدا بخشێننەوە و بەبێ هەڵە بۆمانی بنێرن، هەروەها ئەوەش دەبێ بڵێین لەگەڵ رێزدانان بۆ نەزەر و رەخنە و پێشنیاری خوێنەرانی خوشەویستمان، هەروەک پێشتر رامانگەیاندووە بۆ ئەوەی لەو نەزمەی گرتوومانە بەر، لانەدەین هەرچەند بەشێکی زۆر لەو پێشنیارانەشمان قەبووڵ بێ هەتا پەسند کردنی رێبازێکی دیاری کراو لە لایەن کۆڕ و کۆنگرەیەکی ئەدەبی یەوە، لەبەر چاویان ناگرین و تەنیا بو ئاگادار بوونی خوێنەرانی دیکە بڵاویان دەکەینەوە.

هیوادارین لە داهاتوودا تێکرای ئەم باسانە و رەخنەی خوێنەران بە شێوەی کتێبێکی سەربەخۆ بڵاو بکەینەوە و دەمەتەقەیەکی ئەدەبی بکێشینە نێو کۆمەڵ و مەیدان بۆ پێک هێنانی کۆنگرەی ئەدەبی ئامادە بکەین، لەو کۆنگرەدایە کە گیر و گرفتەکانی ئێستای زمانی کوردی چارەسەر دەکرێ. انشاء الله

قازی ئەحمەد

لەسەر رێنووسی کوردی

دەرخستن و بلاوکردنەوەی گۆڤاری "سروە" بێگومان کارێکی گرینگە و بەرهەمی تێکۆشانێکی زۆر و زوربەی کاربەدەستانی ئەم گۆڤارەیە، چاوەروانی درێژە پەیدا کردنی ئەم کارە گرینگەتانم و داوای سەرکەوتنتان ئەکەم.

" کورتە باسێک لەسەر رێ نوسی کوردی" زۆر شایانی سەرنجە و هەڵدەگرێ زۆری لەسەر بنوسرێ. هەروەک خوتان داواتان کردووە پیویستە زانایان و کوردی زانەکان بیر و رای خویان سەبارەت بەو مەبەستە گرینگە بخەنە بەرچاوی خوینەران و ئارەزومەندانی پیشکەوتنی زبان و فەرهەنگی کورد.

هەمو زبان ناسانی دنیا لەسەر ئەم بروایەن کە رێ نوس تاکو سادەتر بێ، پیشکەوتوترە و لەباری لابردنی تەم و نەگبەتی نەزانین و بێسەوادی یەوە بەکەلکترە، هەر لەبەر ئەوەش تێدەکوشن ئاسان ترین و کورت ترین رێگا بدوزنەوە و منالەکانیان لە کەمترین ماوەدا فێری خویندنەوە و نوسینەوە بکەن.

بەداخەوە هەروەک خۆشتان نوسیوتانە،

رێنوسی زبانی کوردی توشی تەنگ و چەڵەمەی جیاوازی سەلیقەی نوسەران و زانایان هاتووە و هەر کەسیک بە پێی بو چونی خویەوە شیوە نوسینێکی هێناوەتە گوڕێ ، و ئەلف و بێتکەی تایبەتی خۆی دارژتووە ، ئەم جیاوازیانە سەری لە زوران شێواندووە و مەیلی کوردی فێر بونی لە زورکەسدا کز کردووە و ئەبی لە زورترین کاتا پێشی پی بگری ، هەر لەبەر ئەوەش دامەزراندنی ئەو باسە لە گوۆاری سروەدا کاریکی بەپرسانەی بایەخ دارە و ئەتوانی ریبازیک بێ بۆ ئال و گۆری بیر و باوەر لەسەر پێکهێنانی رێنوسیکی یەکگرتوی پەسندکراو بۆ زبانی کوردی .

لەسەر بەشی یەکەمی ئەم باسە چەند نوکتەم بە زەین گەیشتووە کە راگەیاندنیانم بە ئەرکێکی فەرهەنگی زانیوە و بۆتانی ئەنێرم .

۱ــ لام وایە بزوینی (وٙ) لە (وو) باشترە چونکو واژە کورتتر ئەکاتەوە و لە نوسین داجوان ترە ، **دوٙر** لە دوور، **پوٙر** لە پوور جوان ترە .

هەروەک ئەزانین رێنوسی کوردی لە پیتی عەرەبی کەلک وەرئەگری بەڵام ئەم رینوسە خاوەنی کاراکتەری زبانی لاتینە . واتا "حەرەکات" لە کوردی دا شکلی پیتیان هەیە ، لە رینوسە جۆراوجورەکانی لاتینی دا گیر و گرفتی " دەنگە"کان بە عەلامەت و نیشانە چارەسەر کراوە و منالەکان زۆر بە ئاسانی فێری خویندن و نوسین ئەبن ، دوپات بونەوەی بزوێن واژەکان و لەباری فێر بونەوە زۆردرەنگ ئەچێتە زەینی قوتابیەکانەوە ، ئەمە ئەزموٙنی تاقی کراوەوەی هەمو ماموستایەکی زبانە وشک و گومانی تیا نیە. قوتابی کورد زوتر فیری رستەی سەرەوە

و حەرەکە) ئەبێتە هۆی پچر پچر بونی و ئەبێ تا رستەکەی ژێرەوە :

نوٙری سوٙری ئاسو دوٙارودوٙر خۆی ئەنواند

نووری سووری ئاسودوورا ودوورخۆی ئەنواند

چونکو لە رستەی یەکەمدا واژەکان تیکدان ، یەکگرتون ، کورتن و زەینی قوتابی ئەیان قۆزیتەوە • بەلام لە رستەی دوهەم دا واژەکان هەلوەشاو و پرژ و بلاون و فێربونیان بو منالێ دژوارترە . بیانوی هەلبرینی دەست و نەبوٙنی مەکینەی تایبەتیش زۆر کزە و بۆ ئەوە نابێ پشتی پی ببەستین !

۲ــ دەکارهێنانی " دەنگی" ص لەجیات"س " لە واژەکانی " سەگ " یا " سەت"دا پیویست نیە چونکو لە زور زبانی دیکەی دنیا شدا ئەم جیاوازی یە بەناوچەیی یانە هەن و پیتی تایبەتی بۆ دانانێن .

۳ــ لە سەرانسەری گوۆارەکەدا واژە عەرەبیەکان بە ئیملای عەرەبی نوٙسراون!! هۆی ئەم کارە ناڕەوایەم بۆ روٙن نەبۆتەوە و ناچار پرسیارتان لی ئەکەم ئەم کارە لەکام زبان و رێنوٙسیتری دینادا باوە ؟ئەگەر کوردی **زبانێکی سەربەخۆیە و پیت و ئەلف بێتکەی تایبەتی خۆی هەیە ئەبی هەموو واژەیەک چ فەرەنگی و چ عەرەبی بە پیتەکانیخۆی بنوسی**ئایا لە سەرداری دنیایە بیندراوە و بیستراوە فەرانسە زبانیک واژەیەکی روٙسی یا ئەلمانی بە ئیملاو پیتی روسی یا ئەلمانی لە زبانەکەی خۆی دا بنوٙسی گەلانی تری دینا نەتەنیا ئەم کارە سەرسور هێنەیان نەکردووە بەلکە تیکۆشاون واژە ، لاوەکیەکان هێندی قەڵت وبڕکەن و سەرو گوێ بشکێنن تابە ئاسانی بویان بنوسرێ و بخوێنریتەوە. بۆ نمونە هیچ ئینگلیزی زبانێک خۆی زەحمەت نادا بلی سەلاحەددین (طلاح الدّین) بەلکە بە ئاسانی ئەلیسالادین Saladin خۆ عەرەبەکانیش خۆتان باش ئەزانن

بە ناوی موعەررەب کردنەوە چ بە سەرواژ ە لاوەکییەکان ئەهێنن !! و ئەلیکساندر ئەکەنە ئەسکەندەر و فلیپوس ئەکەنە فەیلەقوس ئابادان ئەکەنە عوبادان!

لە هەموو زبانێک دا بەپێی خاسیەت و کاراکتەری تایبەتی واژە لیک و لوس ئەکرێن و بە مرووری زەمان زبان خاسیەتی خۆی بەسەر واژەدا ئەسەپێنی . سوچ و گۆشەی لێ دادەتاشێ و ئەی کاتە کەرەستەیەکی لەبار و لەدەستان خۆش کە بەکاری دەکارهێنان بێت ، نوسەران پیویستە لە نوسین و ئاخافتن دا خۆیان لەگەل جیانەکەنەوە و ئەم ئال و گورانەی بەسەر واژەکان هاتون بیگرنە بەرچاو. لە زبانی کوردی دا واژەی کومبایـن (مەکینەی دروینە) بۆتە کومپا ، ئوتاق بۆتە وەتاغ و ساعەت بۆتە سەعات و ... پیویست ناکا نوسەر بگەرێتەوە سەر ریشەی واژەکە ، بۆ نمونە بە بیر و باوەری من ئەم وشانەی ژیرەوە ئەبێ بە کوردی بنوسرین :

عەرەبی	کوردی
عزالدّین	**عێزەدین**
طلاح الدین	**سەلاحەدین**
شمس الدین	**شەمسەدین**
عزت	**عیزەت**
لذّت	**لەزەت**
عبّاس	**هەباس- عەباس**
محمد امین	**حەمەدەمین**
محمد رسول	**حەمەرەسو (ل)**
....	....

نوسەر ئەگەر زۆر پاپای ئەمە بێ کە ریشەی واژەکە بخاتە بەرچاو ئەتوانی لەناو پەرانتێزا عەرەبیەکەی یا لاتینیەکەی بنوسی .

٤-تا ئەو جێگایەی من ئاگادار بم نیشانەی (ّ) تەشدید لە زبانی کوردی دا نیە یا تەنیا لە هێندی لە زاراوەکانیا هەبیت ، لە کوردستانی جنوبی دا زور کەم توشی واژەی رەسەنی کوردی ئەبین کە موشەددەد بن . ئەوانەی کە تەشدیدیان هەیە زوربەیان عەرەبین کە بە پیرەوی لە خاسیەت و کاراکتەری زبانی کوردی تەشدید یان نامێنی :

محمّد	**محەمەد ، حەمە**
عبّاس	**عباس ، هەباس**
منّت	**منەت**

بۆ ئەم واژانەی کە کوردیـن و موشەددەدن (یان لە هێندی زاراوە دا موشەددەدن) بەکار هێنانی (ّ) لە دوپات کردنەوەی پیتەکە جوانترە ،ئەگەر چی تا ئێستا ئەم کارە نەکراوە بەلام هیچ ئیرادێکی نیە ئەم نیشانەیەش لە عەرەبی وەرگرین بۆ خزمەت بە رێنوسی کوردی .

هوررە	**هورّە**
چوررە	**چورّە**
شیددەت	**شیدّەت**
میللەت	**میلّەت**
عیللەت	**عیلّەت**
ئەییوبی	**ئەیّوبی**

دوپات کردنەوەی ئەم نوکتەیە بە پیویست ئەزانم کە لە زبانی کوردی دا واژەی موشەددەد زۆر کەمن و لەهێندی زاراوەی ئەم زبانەدا هەر نین ، ئەم واژانەی لە زاراوەی موکریانی دا موشەددەدن زوربەیان لە زاراوەکانی جنوبی دا موشەددەد نین وەک :

هوررە	**هورە ـ ورە**
چوررە	**چورە**
گللیرە	**گلیرە**
شللیر	**شلیر**
قوررە	**قورە**
زەررە زەر	**زەرەزەر**

به بۆنه ی ...

جێژنی مه ولوودی پیرۆز



والذين آمنوا وعملوا الصالحات وآمنوا بما نزل على محمد وهو الحق من ربهم كفر عنهم سيئاتهم وأصلح بالهم

چارده سه ده له مه و به ر به ره به یانی رۆژی دوازده ی ربیع الاول له په نا مالّی خوا له شاری مه ککه کۆرپه یه ک له دایک بوو، که پاش چل سالّان له پڕ ئاوازه ی گه وره یی ئه و له دنیادا ده نگی داوه !! ناوبانگی شکۆی هه ر له که شکه لانی ئاسمانڕا هه تا پێده شت و ده ریاکانی داگرت . لووتکه ی کێوه به رزه کانی له باوه ش گرت . به کورتی له ماوه یه کی که مدا هه رچی تاریکان و شه وه زه نگ هه بوو به پڕشنگ و تیشکی نادیاری خوا رووناک کردوه وه .

ئه م کۆرپه یه ناوی "محمّد" بوو. له تۆره مه ی " ابراهیم خلیل اللّه " بوو. له ته مه نی چل سالّیدا له نه کاو ده بێته ئاوێنه یه کی بالّانوێنی ره حمه تی ئیلاهی . به ناوی گه وره ترین پێغه مبه ر ئه رکێکی گه وره و گرانی ده که وێته سه رشان . ده بوو دوای تێکڕماندنی بوته کان و خوابه ردینه کان و که سایه تی په رستی رۆم و عه جه م له جێی ئه وان به هێزترین کۆشکی خواپه رستی دابمه زرێنێ .

گه وره یی و شکۆی ئه م پێغه مبه ره نازداره ته نیا به وه وه دیار ناکه وێ که پێ له رێباری هه ق ده نێ و که وشه نه ده ستکرده کان تێک ده دا هه ر چی ده ستکردی به شه ره له نێوی ده با، یا ولّامی خوا له پشت دیواره ئاسنینه کان و ده روازه ، پۆلّایینه کانڕا به گوێی کیسڕا و وته زار و هه رقه ل و قه یسه ره کان ده گه یه نێ ،

به لّکوو به وه ڕا گه وره یی و شکۆی ده رده که وێ که وێرای ئه و هه موو ، سه رکه وتنه که ، ناوی پیرۆزی له گه لّ ناوی خوا وێگرادێن و له دنیادا ده زرینگێنه وه (اشهدان لااله الا الله) و (اشهدان **محمد** رسول الله) . و ئه رکی سه رشانی هه ر

ڕێ و ڕەسمی تایبەتی لەدایک بوونی پێغەمبەری مەزن (دخ) کەلەکوردیدا «مەولوودی» «پێدەڵێن»



موسڵمانێکە کە وێڕای ڕەچاوکردنی ئەمرو . فەرمانی خوا فەرمایشەکانی ڕەسووڵی خواش بەجێ بێنێ (اطیعوالله و اطیعوالرسول) دیسانیش ئەم سەروەرە ئەوەندە بێ فیزە کە لە دانیشتن و کۆڕو دیواناندا جێگای تایبەتی بۆ خۆی دیاری نەکردووە . هەر جێگا یەکی بەتاڵ بووبێ لەوێ دانیشتووە ، نەیهێشتووە کەس لەبەرابەریدا بە پێوە ڕاوەستێ .

بۆ دڵخۆشی دانەوە و سەردان لەنەخۆشە ڕەش و ڕووت و هەژارەکان ، بە پێیان سەری لە دوورترین خانووچکەی ئەوان داوە .هەر کە چۆتە بازار کەل وپەلی بۆ جیران و دراوسێ کڕیوە و بەدەستی خۆی بۆی بردوونەوە

هەروەها گەورەیی ئەم زاتە پیرۆزە ، تەنیا لەوە دانیە کە تەواوی مەلایکە و فرشتەکان لە ئاسمان و ئادەمیزادەکان لە سەر کورەی هەرددا باسی گەورەیی و شکۆی دەکەن و خوا و فرشتەکانی سڵاوی لێدەکەن و تەواوی موسڵمانان لەدنیادا مەئموورن ،

هەتا دروودی بۆ بەڕێ بکەن (ان الله و ملائکه یصلون علی النبی یا ایها الذین امنوا صلوا علیه وسلموا تسلیما) ، بەڵکووشکۆی ئەم ڕێبەرە بەوەڕادیارەکە لە پلەوپایەیەکیئەوتۆدا هەمیشە وێڕای ساڵەی دەردەدارو بێ هەتوانان دەلاڵێتەوە و بەدووی دەرمان و مەرهەمێک بۆ سرەوتنی دەرد و کوێرەوەری یەکانی ئەوا ندادەگەڕێ.

هەروەها گەورەیی ئەو خۆشەو ... تەنیا لەوە دانیە کە هەزاران هەزار ...مان بە درێژایی تەمەنی دنیا بە بۆنەی بەڕێوە بردنی دەستوورەکانی ئەو ڕێگای بەهەشتیان بۆ دەکرێتەوە ولە فیردەوسی خوا دائۆقرە دەگرن . بەڵکوو بەوەڕا شکۆی حەزرەتی محمد وەدیار دەکەوێ کە سەرەڕای ئەو هەموو ڕێز و بایەخەی لەلای خەڵک و خواهەیەتی ، وەک هەموو ئادەمیزادەیک لە غەزەب وتووڕەیی خوا دەترسێ و لەخەڵکپتر دەپاڕێتەوە وبۆ وەدەستهێنانی ڕەزای خوا دژوارترین چەرمەسەری بەدڵ دەسەلمێنێ و ئەوەندە ئەوشار لەسەرشانی قورسایی دەکا کە هاواری زەوی و ئاسمان بەرزدەبێتەوە تا بەڵکوو هیندێک لەم نەوژم و ئەوشارە کەم بێتەوە .

وەهەروەها گەورەیی ئەو تەنیا لەمە

دانیە کە لەکورتترین ماوەدا بەسەر سەر
سەختترین دوژمنەکانیدا زاڵ بووە و لە
تووڕەترین شارەکانی حیجاز وەک "طائف" ،
دوژمنەکانی دەکێشێتە ژێر پەنجەی تۆڵە
بەڵکوو شکۆی لێوە دایە کە ئەودەمەی دەرفە-
تی تۆڵە وەرگرتنیدەست دەکەوێ لەپڕ سەرتابە
پای لەش و رووحی دەبێتە مۆمی رەحم
و بەزەیی . لە دەنگ دانەوە وزرینگانەوەی
(فاذهبوا انتم الطلقاء) هەزاران
تاوانباری مەککە لەسێبەری مەرگرا دەخاتە
بەر بەرۆچکەی هەتاوی ژیانەوەی نوێ .
تاوانبارەکان تەنیا بە هۆی ئەوەکە رەنگ
بێ تروسکەی نووری ئیمان لە دڵیاندا
پەیدابێ لە مەرگ رزگار دەکا .
گەورەیی ئەم پێغەمبەرەتەنیا لەوەدانییە



کە لەماوەیەکی زۆر کورتدا بەو دەسکەوتانەی
لە غەزادا لەو دوژمنە سەرسەختانەی دەستاند،
عەرەبە رەش و رووتەکانی بە ئەنوا دەگەیاند
و هەموو پێداویستی یەکی ئەوانی دابین
دەکرد ،بەڵکوو گەورەیی ئەو لێرەدا یە
کە لەسەر ئەم هەموو رایەخ و پێخەف و
مافوورە جوانە رالەسەر حەسیر دەنوست
شوێنی حەسیر لە سەر لاکەلەکەی دیار بوو
لە دیوەکەیدا سەنیر بەڵمی خورما، خۆراک
چەند کوتە نانی وشک و خواردنە وە جەرەیەک
ئاو و لێوان گلێنە بوون لەوانەش بەدەر ،
هیچی تێدا نەبوو .

بە کورتی گەورەیی ئەم پێغەمبەرە لە
هەموان پتر لە خووخدەی بەرزی ئەودا بە
دیارەوە. بۆیە خوای مەزن دانەری زەوی و
ئاسمان گەورەیی و پلەی بەرزی ئەوی لە
ئاکاری ئەودا ناساندووە .**(وانک لعلی خلق
عظیم)**یا لە پلەی بەرزی فەخری عالەم را
گەیاندوویەتە پلەی فەخری ئەنبیا و مورسەلین.
دوازدەی ربیع الاول مەولوودی پیرۆزوموبارەکی
حەزرەتی محمد (د.خ) مان وە بیردێنێتەوە.

دوعا وپاڕانەوە لەکوتایی رێورەسمی مەولوودیدا

ئەی برای موسڵمان . ئەی خوشکی ئیماندار
جێژنی مەولوودی پیرۆزی گەورەی مورسەلین
و خاتەمی ئەنبیایان لە تۆ پیرۆزبێ سەرکە-
وتنی تۆ و هەموو موسڵمانانی دیکە لە
رێبازی گەیشتن بە خوو وخدەو ئەخلاقی
(محمد)ی لە خوای میری مەزن ئاواتە خوازین.
**"لقد كان لكم في رسول الله اسوه حسنه
لمن كان يرجوالله واليوم الاخر وذكرالله
كثيرا"** سوره ئەحزاب ئایەی ٢١ "
الهم صلوسلم علی النبی محمد.

ربیع الاول ١٤٠٥ ہجری قمری عبدالله احمدیان

ڕەخنە و

نیە لە مومکینێ ئیمکان خەتا و سەهوی نەبێ
بە غەیری خاجەیی دیوانی (عالم الاسما)

لەم بەشەدا کە زۆریش سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی ڕاکێشاوە دوو مەبەستمان لەبەرچاوە: یەکەم: ئەوەی کە بە هاوکاری هەموو خوێنەرە بەئەمەگەکانمان هەڵەی ژمارەکانی رابردوو ڕاست بکرێتەوە. دووەم: پێشنیاری خوێنەر بە هەموو ئەو کەسانەی کە بۆسروە دەنووسن یا دەیانەوێ بنووسن ڕاگەیەندرێ. لە ڕاستیدا ئەم لاپەڕە دەبێتە هۆی پەیوەندی گرتنی خوێنەرانی سروە و ئەو نووسەرانەی لە دوور و نزیکەوە شت بۆ سروە دەنووسن.

بانە: **کاک عطاءاللە قازی زادە**

★لە تەخمیسی هەشتەمی ماموٚستا حەقیقیدا "فەرمانبەرومو تاعن" نادروستە و "فەرمانبەر و موتیعن" دروستە.

★ئەگەر دەکرێ لە بەشی شاعیرانی کورددا حاجی قادر بناسێنن.

بۆکان: **کاک ئەحمەدی مەولانی**

★لە سروەی ژمارە دوودا، شیعری ماموٚستای خودا لێخۆشبوو کاک "محمد صدیق محمودی" بەشێوەیەک چاپکرابوو کە بەبڕوای من چەند ڕەخنەیەکی لەسەرە:

١-بۆناساندنی ئەونووسەرە جوانەمەرگەوپلەی شیعرو شاعیری ئەوشاعیرەبێ مرادە کەموزۆرمەبەستێکتان نە-نووسیوە.

٢-شیعرەکەناوی"بارەگای شیعر"ەکەنازانم لەبەرچی ناوتان لێ گۆڕیوەوکردووتانە بە"شیعرچیە"؟! کەلەگەڵ نێوەرۆکی شیعرەکەباش ناگونجێ.

٣-دێڕێک لەشیعرەکەچاپ نەکراوەکەئەوەش بەلای منەوە وەکوو بنیادەمێک دەچێ کە پیلێکی بڕابێ دێڕەکەش ئەوەیە:

"مەبەست وواتای کورت بێ
یادرێژ بەرزبێ و جوان بێ"

★تاران: **کاک ج.ئاشتی**

لەلاپەڕی ٩۴ قسەی خۆش، تانجی وکەروێشک، دێڕی ٨ لەباتی "تانجی" نووسراوە "ڕێوی"

کەرەج: **کاک موحسینی سەدیقی**

★لە ماموٚستا هەژاردا وا دەکەم بەسەرهات وژیاننامەی زانای مەزن خوالێخۆشبوو دوکتور"محمد صدیق مفتی زادە" بۆسروە بنووسێ.

تەوریز: کاک ا. **حەمیدی**

★چونکە زۆرتری نێوەرۆکی گۆوارەکەلەسەرشێوەی کوری ناوەندی یەوزوربەی خوێنەرانی گۆوارەکە بەو شێوەیە ئاشنان تکام ئەوەیە ئەگەرپارچەشیعرێک بە شێوەکانی دیکەی زمانی کوردی چاپ دەکەن، مانای وشەنامۆکانی هەرلەبن ئەو لاپەڕەی شیعرەکەی تێدا نووسراوە، بنووسن.

★لەماموٚستایانی ناسیاوی وردوەک نالی، مەحوی حاجی قادر، وەفایی، حەریق، گۆران هێمن ودەیان شاعیری دیکەی کوردزۆرترشیعرچاپ کرێ.

تەورێز: **کاک فەرهادی ئێرانی**

★بەبڕوای من باشترە خەتی عادەتی و کتێبی کەهەم خاناتروجوانترە و هەم هەموان زۆربەراحەتی سەرەندەری لێ دەکەن بەکاربەرن.

بانە: **کاک عوسمانی ئەسراری**

★پێشنیاردەکەم کەجوغرافیای تەبیعی ـ سیاسی ئابووری کوردستان بەنەقشەوەبلاو بکەنەوە.

پێشنیارە ٧

سەقز :**کاک حامیدی شافیعی**

★لەبەشی شیعری شاعیرانەدا یادێک لە سوارە و شیعرەکانی دەتوانێ نیشانەی بایەخ دانی سروە بەوشاعیرونووسەرە گەورە بێ کەهێشتا بۆزۆرکەس نەناسراوە تکایەبیناسێنن .

★لەگۆوارەکەدا بەشی "لەگەڵ شیعری شاعیرانی لاو" بەڕاستی جوانە ئەگەردەکرێ لانی کەملا پەڕێک زیاتری بۆدانێن .

پیرانشار :**کاک محمدامین ئاگووشی**

★چونکە لەئێراندا کەمتر کوردی نووسراوە ،هەوڵ بدەن بەزمانێکی سادەتر بنووسن .

★لەسەرژیانی خەڵکی ناوچەجۆراجۆرەکانی کوردستان بنووسن .

جەدوەلەکان ئاسانتر بن .

ئیسکی بەغدای بۆکان

کاک رەشیدی حەبیبی فەڕ

★ئەگەردەتوانن جوغرافیای کوردستان لە لاپەڕەیەکدا بەنەقشەوە بڵاو بکەنەوە .

★ئەگەردەکرێ سەرنج بدرێتە سەنعەت ـ کشت و کاڵ وبیهداشت .

سەردەشت : **کاک عبداللە حسن زادە**

★نووسەرانی سروە سەرنج بدەنە ئەم کەم و کووڕییانە وبۆ نەهێشتنیان هەنگاو هەڵێننەوە :

★پەیوەندی مێژوویی کورد و ئیسلام لەژێر سەردێڕی"ئیسلام وکورد" یا "ئیسلام لە کوردستاندا " یا ...

★باسی تەفسیر حەدیث و شەریعەتی ئیسلام بەکورتی لەبەشی ئاینی گۆوارەکەدا .

★باسێک لەسەر وەزعی ئابووری ئێستا و رابردووی کوردستان و سەرچاوە تەبیعیەکانی ئابووری کوردستان .

★باسێک لەسەر لەهجەکانی زمانی کوردی و ناوبردنی ئەو لەهجانە .

★باسێکی تایبەتی بۆ ژنان و گیروگرفتەکانی ئەوان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا .

★باس لەسەر داب ورەسمە کۆمەڵایەتیەکانی هەر ناوچەیەکی کوردستان .

نەغەدە :**کاک دیاری مەحموود غەنوری**

★گۆوارەکەوێنەی کەمە بەتایبەتی وێنەی دیمەنی کوردستان وئەوچەندوینەش کەتێیدا یەرەش وسپی یە ئەگەررەنگی بایە زۆر زۆر باشتردەبوو .

★لاپەرەیەکی تایبەتی دانێن بۆوێنە .

★چیرۆکی درێژبنووسن .

رەوانسەر :**کاک بەهرامی محەممەدی**

★نووسەرانی سروە تێ بکۆشن بەشیعروچیرۆک و شێوەکانی تری نووسین رەخنە لەداب ورەسمەنالەبارە کۆمەڵایەتیەکان بگرن.بۆ وێنەلەسەرژن بەمێرددان لە ناوچەی هەورامان وشوێنەکانی دیکەی کوردستان بنووسن .

چون هێندێک دایک وباب بڕو بیانوویەکی زۆردەگرن و دەبنە هۆی بەئاوات و ئامانج نەگەیشتنی کوڕ و کچەکانیان. ئەم خوێنەرە بەڕێزانەش رەخنەو پێشنیاری جوان و بە کەلکیان بۆ ناردووین .

زۆریان لەبەر ئەوەی لە رەخنە بڵاو کراوەکانیشدا هەبوون دووپات کردنەوەیمان بەپێویست نەزانی . زۆرێشیان بەکەڵک بوون وکەلکمان لێ وەرگرتوون لێرەدا ناوی ئەوئازیزانە دەنووسین :

● **بانە :** کاک تاها قادرکانی سپیکەیی . **پیرانشار :**کاک محەممەد ئەمینی عبداللەزادە **گوندی تازەکەندی مەهاباد :** کاک کەریمی رەسووڵی **نەغەدە :** کاک جەبباری خۆشناو **سەقز :** کاک ئەنوەری مەعرەفەت .**گوندی چەپەراوێی شنۆ :**مامۆستا مەلاعبداللە میهەنپور . **شنۆ :**کاک سمایل عبداللە . **تەوریز :** کاک تاها فەیزی زادە .**مەهاباد :** کاک مستەفا دادار .

جوغرافیای شارستانی سەقز



نووسینی
عبدالخالق خداجوی قرنی

ئەوەی ئاشکرایە لێکۆڵینە-
وەی وەزعی وڵاتێک زۆر لە
لێکۆڵینەوە و تەحقیق لەسەر
شارستان یا ناوچەیەکی
بچووکی وەک سەقز هاسانترە.
چونکە وڵاتێکی بە درێژایی
مێژوو ناوبانگ و مەوقیعیە-
تێکی تایبەتی بووە،حەتمەن
خاوەنی جوغرافیا و مێژوویەکی
نووسراو (مدون)ە کە
تامەزرۆیی ئەهلی تەحقیقی
کەم تا زۆر پێدەشکێ.لە لایەکی
تریشەوە موتالەعەی جوغرافیا
و مێژووی دراوسێکانی وڵاتێکی
وا ، هەندێک زانیاریتر ،
لەبارەی ئەم وڵاتەوە روون
دەکاتەوە .


کوسپێکی سەر ڕێگەی
نووسینی وتارەکە تا رادەیەک
ئەوزاعی جوغرافیایی سەقز
پیشان دەدا ،نەبوونی کتێبێکی
سەربەخۆیە دەبارەی سەقز
بەم حاڵەشەوە من پرس و رام
بە دۆست و ئاشنایان کرد و
چەند رۆژانیش لە کتێبخانە-
کان خەریک بووم و توانیم
ئەم چەند لاپەڕەیە بە
هاونیشتمانان بەتایبەتی
هاوشاریەسەقزیەکانم پێشکێش
بکەم .

هەرچەندە ئەم بەرهەمە
لە عەیب و ئیراد بەدوور نیە
بەڵام هەنگاوێکە لە ڕێگایەکی
دیاریکراودا ،ئەگەر ئیدارەی
ئامووزش و پەروەرشی سەقز و
موحەقیقەکانی ئامووزش و
پەروەرشی کول رازی بن و
هەندێکم سەرچاوەی زۆرتر لە
ئیختیار بنێن ، دەتوانم لە
سایەی زانایان و بیرورای
ئەوان و ئەو سەرچاوە کۆنانەی
لە کتێبخانەکانی تاران
زۆرن ، نووسراوێکی پوخت و
پاراوتر پێشکێشی ئینقلابی
بەشکۆی ئیسلامی بکەم.

سەرگرۆی جوغرافیای سەقز
"عبدالخالق خداجوی قرنی"

وەزعی تەبیعی :

شارستانی سەقز لە باکووری
کوردستان ، لە بەرزایی ١٨٣٣
میتر لە توولی جوغرافیایی٤٦
دەرەجە و ١٥ دەقیقە و عەرزی
٣٣ دەرەجەدا هەڵکەوتووە.شاری
سەقز بەسەر دوو تەپۆڵکەوەیە
و چەمێک هەر بەم ناوە بە
تەنیشتیدا تێدەپەڕێ ، ئەم
تەپۆڵکە ئامالّ درێژانە کە
چەمێکی بچووک بەناوی **(ولّی
خان)** درێژاودرێژ لێکیان
هەڵدەبڕێ دیمەنی جۆر بەجۆر-
یان داوە بەم شارە، بە
چەشنێکی زوربەی شوێنەکانی
نێو شار و کۆڵانەکانی،نارێکە
و تەپکەکان بوونەتە هۆی
سەرەوژێری یا سەرەوژووریان
ئەم ناهەمواریە ئەوەندەی
کاری کردۆتە سەر دروستکردنی
خانووبەرەکان ئەگەر لە دوورەوە
بڕوانینە رووکاری شارەکە،
خانووبەرەکان وەک پلیکان
بەسەر یەکترەوە دەبینرێن.
رێبوارێکی لە دەرەوە دێتە
نێو شار، دووراودوور دیمەنی
لێک جیاواز دەبینێ کە



ئەویش بەستە بەوەیە لە کا ملارا بێ چونکە دوورە- دیمەنەکانی شار لەبەر ئەو مەوقیعیەتەی هەیەتی بە پێی جیهەتەکان لێک جیاوازن،بە تایبەتی شەوانە کە چرا دایسێنن دیمەنی شار لە دوورەوە بۆ ئەو رێبوارەی لە لای بانەوە دێتە سەقز جوان و دلڕفێنە .

سەقز ناوچەیەکی کوێستانە. هەواکەی زستانان زۆر ساردە و هاوینان گەرمە.رستانان جاری وایە بەفر زۆر ئەستوور دەکەوێ و پایز و بەهارانیش زیاتر چەند رۆژان بێنێوبر باران دەبارێ،دەور و بەری ئەم شارە چیای بەناوبانگی ئەوتۆی لێ نیە بەلام هێندێک بەرزایی دەورەیان داوە ،ئی هەرە گرینگیان کێوەکانی ((**هیجانان**))ە .

سەقز لە یەکەمین یەکیتی- یەکەی قەومی ماددا (**ئیزیرتا م**) یان پێ گوتووە و پێتەختی مادەکان بووە سەرکردە مادەکان هێندێک شوێنی قایمیان بۆ خۆیان ساز کردووە ، **زێویەی** ئێستا و (**ئارامائیت**)قەپلانتووی ئێستا لەوانن . ئەو زەمان (**سارگن**)ی دووەمی پاتشای ئاشوور پەلاماری مەلبەندی مادەکانی داوئیزیرتا وزێویە و ئاراماییتی وێران کرد و مادەکان تێک شکان و پەریوەی لای هەمەدان بوون .

پاشان (**سەکا**)کان هاتنە ئەم شارە و ئاوەدانیان کردەوە و سەقزیان بەناوی (**ئیسکیپتس**) (ساکز) بە پێتەختی خۆیان هەڵبژارد وناوی "**سەکە**" = ئیسکیت = **سەگز** = **سەکز**= **سەقز** لە **ساکزی** ئەودەم کەوتۆتەوە

لەئیکتیشافاتی گردی **زێویەدا** هێندێک ئاساری کۆنینەی وەک دەورییە کی پیرۆزەی لاجیوەردی کە ئی ٧٠٠ سال پێش میلادە وهێندێک بینای دووسێ نهوم وزۆر شتی تر دۆزراونەوە.لە نێوەندی شار بەسەر گردێکەوە شوێنەواری قەلایەک ماوە کە ئی زەمانیشەڕی ئێران و عوسمانی یە و ئەوان سازیان کردووە ،جگە لەقەلای ناوبراو کاولەکانی گوندی **زێویەی** ئەم شارە و ئەشکەوتی (**کەرەفتوو**)ش بۆ باس کردن دەبن چونکە نیشانەی کۆنی و تەمەددونی ئەم ناوچەیەن ،بە رای هێندێک کەس ئەشکەوتی کەرەفتوو یەکێک لە مەعبەدە مەشهوورەکانی زەمانی باستانە

زارکی ئەشکەوتی کەرەفتوو کە قەلایەکی دەسکردە ٣٥میتر لە ئاستی زەوی بەرزترە و ئاسەواری ئەو پلیکانانەی قەدیم پێیدا چوونەتە نێو ئەشکەوتەکە هێشتا ماوە . بەرەوەی ئەشکەوتەکە دالانێکی درێژی دەسکردە کەزۆر لێک و لووسە و چەند وەتاغی تێدایە گەلێکیان تاقەی گەورە و بچووک هەیە و لە نێو دالانەکەشدا گەلە تەندوورێک بە سەرقاپی تایبەتییەوەبەدی

دەکرێن ، چەند ڕێگایەک ئەم دالانە بە دالانێکی درێژترەوە دەنووسێنێ کە کۆمەڵە ڕێگایەکی بەسامی لێ دەبێتەوە .لەنهۆمی سێیەمی ئەم ئەشکەوتەدا زۆر دیو داتاشراون شوێنەواری پێشینان وهێندێک نووسراوی خەتی بزماریان تێدا بەرچاو دەکەوێ ،لە دیوی پێنجەمدا ناوی (کازالۆف)ی ، ڕۆژهەڵاتناسی رووسی هەڵکەندراوە کە سالی ١٩١٧ سەری ئەو شوێنەی داوە ، نێو ئەشکەوتەکە چەمێکی بچووکی پێدا دەڕوا ،ئەم چەمەکۆمەڵێکی ئاوهەڵدێر پێک هێناوە ، دوو ئەستێریش لە ئەشکەوتەکەدا دروست کراون ئاوی یەکیان شیرینە و ئی ئەوی تریان سوێر و ناخۆش.ئەشکەوتی کەرەفتوو لە مەڵبەندی (**هۆبەتووی** سەقز و ٢٦ کیلومیتری **تیکاب** و قەراخ جادەی"**سەقزبۆسنە**" هەڵکەوتووە.دەربارەی کاولەکانی گوندی **زێویە** کە ٥٨**کیلومیتر** لە سەقز دوورە ،دەبێ بلێین لەم دوایی یانەدا شوان خەزێنەیەکی زێر و زێو و برۆنزیان لەم شوێنە دۆزیوەتەوە کە سەرنجی باستانناسانی راکێشا دەستیان کرد بە هەڵکۆڵین و خانووبەرەیەکی خشتی سوور و بەردی تاشراو بەچەند وەتاغەوە دەرکەوت ، هەروەها هێندێک دەفر وسواڵەت بە شکلی جۆربەجۆری وەک باڵندە




کێوی زێویە

و... دیتراوە ورای مامۆستای رەحمتی، **رەشیدی یاسمی** وە راستگێرا کە سالی ٨٣٥ ی ، پێش میلاد پاتشاکانی ئاشوور ئیستیحکاماتیان لە دەور و بەری وێ دروست کردووە (١) ئاسەواری بینا گەورەکانی ئەم شوێنە لەسەر گردێکە ١٥٠٠ میتر بەرزە ، وێ هەڵگەڕانی هاسان نیە بەتایبەتی داوێنی جنووبی گردە کە ئەشکەوتێکی لێیە ئەگەرچەند کەسێک بچنە بەر زارکەکەی دەتوانن پێشی دەستەیەکی زۆر بگرن و نەیەڵن وەسەرگردەکە بکەوێ. تائێستا لە زارکی ئەشکەوتەکەدا ٦٥ گۆڕ دیتراونەوە مردووی نێو ئەم گۆڕانە بە حوکمی رێ وشوێن وبیر وباوەریان شت و مەکی بەنرخیان لەگەڵ نێژراوە ، هێندێک شتی بایی دار وەک ملوانکە و بازنە و گوارە و سینەڕیزی زێڕ وشیر و تیر و کەوان و مەتاڵ و زین ، کە دۆزراونەوە لەو گۆڕانە دا بوون . **کۆڕی زانستگای پنسیلوانیای ئامریکا** بە تەحقیق و هەڵکۆڵین ئاسەواری پلیکانیکی گەورەی دۆزیوەتەوە ،لە داوێنی رۆژاوای گردەکەڕا چووەتە نێو بیناکە ،هەروەها وەتاغێکی رەنگ کراو و دەروازەیەکی بەردینە و ئاسەواری مەنجەنیقێک بە بەردەگوللەی خۆیەوە ،دەچند ریزی ئەو شتانەی بە هەڵکۆڵین دۆزراونەتەوە .

گەڕەکەکانی سەقز

سەقز لە گەرەکە کۆنی "**ناوقەلا**" و"**چنارستان**" و



خدیابان" و "سەرقەبران" و "سەر پەچە" و "ناوچەم" و "کازم ـ خان" پێک هاتووە. لەم دوایی یانەدا گەرەکی "بەهارستان" و "شەریف ئاوا" و "سیلۆو کەریم ئاوا" و "گەڕەکی سیلۆو بلوار" و "جووتیاران" و "بەردبڕان" و "مەنبەعی ئاو" و "کوشتارگا"ی لێ زیاد بووە.

هەوای مەڵبەندی کوردستان

هەموو تایبەتەکانی ئیقلیمی کوێستان لەم هەرێمە هەیە، هاوینی گەرم و بەتین و زستانی سارد و بەستەڵەک لە تایبەتەکانی ئاو و هەوای کوردستانن. دەرەجەی گەرمایی بەلانی زۆرەوە ئەغلەب تا (٣٨/٥) دەرەجەی سانتیگراد هەڵدە- کشێ جاری وایە لەویش بەرە ژوورتر دەچێ بەلانی کەمەوە دەرەجەی گەرمایی ساڵانە زۆر جاران تا (٢٠) دێتە خوار، نابێ لە بیرمان بچێ ئەم ژمارانە مام ناوەندی لانی کەمی چوار ساڵانن لە سەقز باران زۆرتر مانگی خاکەلێوە و خەزەڵوەر، دەبارێ.

چۆمەکان

قزڵ ئەوزەن (قزڵ وەزان):

سەرچاوەی قزڵ وەزان لە بەرزایی یەکانی بەپیت و بەرەکەت و پڕ بەفری **چل چەمەی** کوردستانە و پاشان، بەرەو رۆژهەڵات دەڕوا و بە ناوچەی **قەرەتەوەرەدا** تێدەپەڕێ و دەچێتە ناوچەی گەڕووس، چەمی (**گەڕووس**) کە لە چیاکانی **پەنجەعەلی** باکووری رۆژاوای هەمەدانەوە دێتەخوار لە لای راستەوە رەگەڵی دەکەوێ، پاشان تا **دەریای خەزەر** بە رێبازی خۆیدا دەڕوا. درێژایی **قزڵ وەزان** لە سەرچاوەڕا تا **مەنجیل** نیزیکەی ٥٠٠ کیلۆمیترە و ٥٠٠٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە زەمینی دەبەردایە.

مەوقیعیەتە جوغرافیایی یەکەی لە ئیستگای **ئستووردا** ٧٣ دەرەجە و ٢٦ دەقیقەی بەرینایی باکوور (عەرزی شیمال) و ٤٧ دەرەجە و ٥١ دەقیقەی درێژایی رۆژهەڵات (تووڵی شەرق)ە. ئاوەکەی لەم ئیستگایە ٥ تا ٥٥ میتری موکەعەب قووڵە.

پێشینەی مێژوویی چەمی قزڵ وەزان

بەنووسراوەکانی رابردوو و کتێبە جوغرافیاکانی ئەم سەردەمە وا دەردەکەوێ لە دەوروبەری سەدەی نۆیەمی میلادی یانی هاتنەسەر کاری سەفەوییەکان ناوی چەمە **(اسپیذ رود)**، **(سفید جوی) سپید رود**، **(سفیدرود)** بووە بەڵام وێڕای وەباوکەوتنی وشەی **قزڵباش**، ناوی چەمەکەش لە کتێب و سەرچاوەکانی ئەو دەورەدا بە **قزڵ وەزان** هاتووە

زێڕینە چەم (جەغەتوو):

زێڕینە چەم لەداوێنی رۆژهەڵاتی کێوەکانی چل چەمەی کوردستان سەرچاوە دەگرێ و بەهەندێک دەرەی قووڵ و پێچاو پێچدا دەڕوا و لە سەرەتای رێبازەکەیدا بەناوی **خوڕخوڕە** لەچیاکانی **(حاجی سەیدەهەلۆکۆ)** دێتە خوار و پاش بڕینی مەودا یەک رێگەی "**سەقز بۆ سنە**" دەکا بە دوو کەرت و بە **گوندی نمەیندا** دەڕوا لەوێوە لقی ئەسڵی جەغەتووی تێکەڵ دەبێ و هەر بەناوی جەغەتوو درێژە بە رێبازی خۆی دەدا لە رێگادا چەمی **ساروخی**

دێته گەڵ و بەرەو باکووری
رۆژاوا پێچ دەکاتەوە و بە
گوندی"سارۆقامیش" و مەحموود
ئاوادا رادەبڕێ لەو جێگایە
چەمی(**قەورە**)شی دێتە سەر و
جیهەتی رێبازەکەی دەگۆڕێ
بە **ساییین قەڵادا** دەڕوا ولەسەر
رێگەی خۆی بە گوندی
داشکەند و ئەحمەدئاوا و
و وسێن ئاوادا رادەبڕێ و
چەند لقێکی وەک **ئەجیرلوو،**
چەمی قۆری چای تێکەڵی دەبن
و درێژە بە رەوتەکەی دەدا
پاش هەڵبواردنی مەوادیەکی
تر بە رۆژهەڵاتی شاری
میاندواوتێدەپەڕێ . بەراوی
جەختەتوویا **زێڕینە چەم** لە
ناوچەی**یەمین ئاوا** نزیکەی٦٧٨٠
کیلۆمیتری چوارگۆشەیە و
ئەندازەی مام ناوەندی ئاوی
ساڵانە لەم شوێنە لە ١٢٨١
میلیۆن میتری موکەعەب
زۆرترە چەمی **جەختەتوو** دوای
ئیجاد کردنی (دیلتا)یەکی
بەرین کە هەمووی قوڕ ولیتە
ولیمە دەڕژێتە دەریاچەی ورمێ

چەمی سەقز

لە کێوەکانی خان کە
بەشێکی زنجیرە چیاکانی
بەردەسوورن سەرچاوە دەگرێ و
لەجنووبی رۆژاواوە تا
باکووری رۆژهەڵات هەموو
شاری **سەقز** پاراو دەکاو لە
نزیک (**داش ئاغلووجە**)وە
تێکەڵ بە
جەغەتوو دەبێ . چەمە
چکۆلەکەی (**وڵێخان**)یش لە



کێوەکانی ئاڵماڵوو سەرچاوە
دەگری وبەنێوەندی **سەقزدا**
دەڕوا وتێکەڵ بە چەمی سەقز
دەبێ و دەچێتەوە سەرجەغەتوو.

تاتائوو یا تەتەهوو :

چەمی **تەتەهوو** کە پێشان
ناوی **تاتاعوو** بووەوتەغەتوو
شیان پێگوتووە لەمانگی
رەزبەری ١٣١٦ شەمسیدا
فەرهەنگستانی ئیران ناوی
ناوە (سیمینەرود) ئەم چەمە لە
چیای**برایم جەلال و نەستان**
سەرچاوە دەگرێ گەلێک لقی
لە **تورجان و ئیسکی بەغدا** و
کەرێزەی ئەییووبی ، دەچێتەوە
سەر و بەلای رۆژاوای بۆکاندا
دەڕواو لە سەر رێگای خۆی
هێندێک لقی تر لە لای رۆژاوا
لە شوێنی **تازەقەڵاو عیساکەند**
تێکەڵی دەبن ، پاشان بە
گوندی **حوسێن ئاوا و حاجی**
ئاوا و ئۆزون قشڵاخدا رادەبڕێ
و شان بەشانی **زێڕینە چەم**
دەڕواو دەچێتە نێو جولگەی
رۆژاوای **میاندوا**و ، **زێونیە**
چەم(سیمینە روود) ، لەچاو
زەوی وزاری دەوروبەری خۆی
نزمە.رادەی ئاوەکەی ، کەلە-
داشبەند (شەش کیلومیتر لە
میاندواو دوورەو لەسەررێگەی
سەقزە) دەپێون ساڵانە بە
مام ناوەندی ٦٤٠ میلیۆن
میتری موکەعەبە . بەراوەکەی
تەقریبەن ٢٠٩٠ کیلومیتری
چوارگۆشەیە و لە کیلومیتر-
ێکی چوارگوشەدا
هەرسانیەیەک نزیک بە ٩/٦٧
لیتر ئاودەدا (دێبی)ی ئاوی
تەتەهوو لە هەڕەتی بێ
ئاویدا ، بەسانیەیەک لە
میترێکی موکەعەب کەمترە .

تایبەتەکانی سەددی زێڕینە چەم :

خاکی سەددەکە گڵەسوورە و

ئاوەکە هەڵنامژێ .درێژایی تاجەکەی دەگەڵ بەرزایی ٥٠ میترە . بەرینایی تاجەکە ٢٠ میترە و زەر فیەتی دەریاچەکە ٦٥٠ میلیون میتری موکەعەبە و سەتحی دەریاچەی سەدەکە ٤٥٠٠ هیکتارە .تەنبو (توربین)ەکانی تەولیدی بەرق بەشێوەی ١٠/٠٠٠ کیلۆ وات ، کەلکیان لێ وەردەگیرێ .

ئاوی بەرداوی سەددی زەخیرەی زێڕینەچەم پاش بڕینی حەفتا کیلۆمیتر بە بەستێنی زێڕینە چەمدا ، بەسەددێکی ئینحیرافی حەواڵەی سەرئاواییەکانی ئەم بەرئەو بەردەکرێ و نزیک بە ٨٥٠٠ هیکتار زەوی پاراودەکا

مەوقیعیەت وتایبەتەکانی سەددەکە :

سەددی مەخزەنی **زێرینە چەم** لە گوندی **یەمین ئاوا** ،بە مەودای ٨٥کیلومیتر ،لە جەنووبی رۆژاوای **میاندواو** ، هەڵکەوتووە تایبەتەکانی **زێڕینەچەم** بەم جۆرەیە :

نەوعی سەددەکە : گڵ یا گڵە سوور کە ئاوهەڵنامژێ

بەرزایی : ٥٠میتر

درێژایی تاجیسەددەکە : ٢٠ میتر

پانایی تاجی سەددەکە : ١٠ میتر

پانایی سەددەکە لە میحوەری چۆمەکەدا : ١٤٥میتر

زەرفیەتی دەریاچەکە : ٦٥٠ میلیون میتری موکەعەب

زەرفیەتی بەکەلکی دەریاچەکە: ٤٨٦میلیۆن میتری موکەعەب

بەلای راستی سەددەوە بپنایەکی بیتۆن سازکراوەتا کاتی لافاو زێدەئاوەکە بەودا کەلاو بکا ئەم بینایە ١٥٠ میتر درێژە ودەتوانێ سیلاوێک بە حەجمی ٤٣٠٠١ میتری موکەعەبەوە ، ببوێرێ بە بەری چەپیشەوە ئاوگری بۆ دیاری کراوە ئەم برجە دەریچەی تەنزیم و راگوێستنی هەن، ئاو بەم ، دەریچانەدا ،بە تەوژم و ئەوشارێکی زۆر دەچێتە نێو دوو تونیل.قوتری ئەم تونیلانە ٥میترە و ٢٣٠میتریش درێژن و وایان داناوە پاش تەواو بوونی ساختمانەکە بۆ وەکار خستنی تەنبووی ١٠/٠٠٠کیلۆ واتی بەرق کەلکیان لێ وەربگیرێ .


ئەو کەرەستانەی بیناکەیان لێ ساز کراوە :

١ ـ بیتۆن ٩١٠٠٠میتری مەکەعەب

٢ ـ گڵەسوور وبەردوخیز ، ١٩٠٠/٠٠٠میتری موکەعەب .

(دریژەی هەیە)

سەرەخۆشی



هەر هونەر نەمر و هونەروەر مەرد وەرەند دیسان ریحانەیەکی دوورە دێراوی گوڵزاری ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوایەتی پرووکا . دیسان گەنجینەیەکی بایەخداری دارماڵی هونەر کەوتە باوەشی سارد و سڕی خاک .

حەمەدی بەیتان (محمد غزالی) دەنگخۆش و بەیت بێژی بە ناو بانگ لە نێومان رۆیی . ئینتیشاراتی صلاحالدینی ئەییووبی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی وێڕای داخ و پەژارەیەکی زۆر سەرەخوشی لە نەتەوەی کورد بەتایبەتی لە بنەماڵەی ئەم هونەرمەندە نەمرە دەکا هیوا دارین بتوانین لە ژمارەکانی .داهاتوو دا کورتەیەک لە ژیانی ئەم هونەروەرە پایە بەرزەتان پێشکەش بکەین



ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

... پایـــزە ...

ئەی وای وای وای وای وای، !
ئەوە سەودایەکی دەپیرە پایزێ ،
لەسەری منی ماڵ وێرانی دەداوە .
دەک نەمێنم چ پایزێکە !
سەر لە زستانێ .
کیژ دەڵێ دەترسێم پەڵە بارانێکی،
بەڕەحمەت لەمن بباریٚ .
بداٚ لە عێسقان لە فەلاسقان .
ران و رکێفی دەعارەب و عارەبە سواران،
بدا لە گوێی دە کەمبەرێ ،
بشکێنێ جووتکاریتەی دەڕەشە ریحانێ ،
کوڕ دەڵێ قەول و قەرارێ خۆم ،
دەگەڵ گراویلکێ دەبەست ،
ئەوێ محەلێ بەهارێ،
کەماڵ پێ دەچوونە کوێستانێ ،
ئەلحانەکانە ئەوە پیرە پایزە،

خەزلۆوە رێنە خێڵ سەربەرەو ژێرە ،
لەمن هاتۆتەوە محەلی دەدەست لێک بەردانێ
ئەی سەرگەردان و دەست لێک بەردانی ،
دەوان شەو دەشلانم ،
هەی نەمێنم لەبەر ئەوێ پایزێ ،
ئەی وای وای وای وای وای !
ئەوە سەودایەکی دەپیرە پایزێ ،
لەسەری منی ماڵ وێرانی دەداوە ،
دەک نەمێنم چ پایزە ،
لاڵ بم درەنگم پێ زانی ،
ئەوە لە بنی گوێیانم خۆش دێ ،
دەنگی بازێ شەهێنێ ، شمقارێ ،
هەڵە تانج و شالووران ،
ئەمما رەحەدەحەدی نیوەشەوێدا ،
لەبنی گوێیانم دێ ،
چریکەی دەپیرە تەرلانی ،




کوڕ دەڵێ شینکێ مات و مەلوولم دەدی
لەبەر هەیهاتی سواران،پڕمەی دەکەحێلان ،
شەقەی دەئاوزەنگیان، بۆنی دە دەرمانی ،
ئەوە شیرین غەمزەیەکی ڕێ دەنیشت ،
تەمبوورەی دەکرد
ئەما خۆی لەمن داویشتەوە ،
مەرقەدەکەی دە بداخ سولتانی ،
بە خودای خوشە ،
دۆستێکی بە بەقا و مەتمانەت بێ ،
....
....
....
....
ئەی سەرگەردان و دەست لێک بەردانی ،
دەوان شەدە شلانم ،
هەی نەمێنم لەبەر ئەوێ پایزێ ،
ئەی وای وای وای وای وای !
ئەوە سەودایەکی دەپیرە پایزێ ،
لەسەری منی ماڵ وێرانی دەداوە ،
دەک نە مێنم ، بەحام گەلاوێژ لەمن دەیزوزێ

دەڵێم کوڕینە سەردەمێکی بۆ خۆ ڕاوچی بووم
ئەوە سەیدە ڕاوی خۆم دەکرد لەقووچی قەزەنێ،
لە دەشتی ڕەواندوزێ ،لە بۆڵە بەرانان ،
لە هەوارە مێرێ ،لە سەرسپی ڕێزی غەیلانیان،
ناوەڵڵا لە بنەی دە قەڵادزێ ،
هەڵم دەستاندەوە شینکێ مات و مەلوول،
لە دامێنی دە خووسان ،
ئەوە جووتێکم تاجیلەی جووت قەڵاتی کەلەزراو
بەر دەدانێ ،
هەر دەیانگرت و دەیان داوە لە گەردالـــی
دەتـــۆزێ .
دەڵێم کوڕینە هەر کەسانێکی ناز داری منـــی
نەدیوە ،
ئەگەر دەهات و ڕادەبرد ،
لە بۆ پاییزە هەواری ،
ئەوە حاجی دەگێڕانەوە لە ڕێی حیجازێ ،
سۆفی بەرماڵ بەشانی دەگێڕانەوە لە نوێژێ
ئەی سەرگەردان و دەست لێک بەردانی ،
دەوان شە دە شلانم ،
دەک نەمێنم لەبەر ئەوێ پایزێ !
ئەی وای وای وای وای !
ئەوە سەودایەکی پیرە پایزێ ،
لەسەری منی ماڵ وێرانی داوە ،
دەک نەمێنم ،
هەوران دێنێ گەوالان دەگێڕێ ،
هورەی هەڵدەدا ، تەندووران دەدا ،
بە بەر دێدا
ئەمن ئەوە سەیرێ خۆم دەدایەوە ،
تیرەگی دە کوێستانێ ،
سەریان دێنا دەرێ لەبن کەویلکە کەویلکەی
دە بەفری
پنجی سوێسنێ،هەڵاڵێ ، بەیبوونێ،سوورەگوڵێ ،
ناوەڵڵا بە عام دەگەڵ گوڵی گیابەند و خاوێ،
خۆیان ڕادەوەشاند ،
لەبەر سەحەر یەکەی بەری بەیانی ،
هەتا بارانی پەڵەیان بە ڕەحمەت لێدا ،
ئەمن ئەوە زەینێ خۆم دەدایەوە ،

ئەویٚ کەلەگەتیٚ زەرد ئەسمەریٚ ،
راوەستابوو لە دەرکی دە مەزنە مالیٚ،
پارچەمی دە خورمایی پەریٚشان دەکردن ،
دەهاتنە خواریٚ بەسەر خالی دەگەردنیدا ،
سەرگەردان و دەست لیٚک بەردانی ،
دەوان شەدە شلانم ،
هەی نەمێنم لەبەر ئەویٚ پایزیٚ ،
ئەی وای وای وای وای وای !
ئەو سەودایەکی دە پیرە پایزیٚ ،
لەسەری منی مالٚ ویٚرانی دەداوە ،
دەک نەمێنم !
چەند پایزێکی لەمن بە میٚجیٚزە ،
ئەمن زەینیٚ خوٚم دەدایە تیرەگی دە کوێستانان،
سەریان دیٚنا وەدەریٚ ،
لەبن کەویلکە کەویلکەی بەفری ،
پنجی سویٚسنیٚ ،هەلاٚلیٚ ،بەیبوونیٚ،گیاخاویٚ،
وەنەوشەی دە ساوا لە منیان دەگرت ریٚزە ،
ئەمن ئەوا زەینی خوٚم دەدایە مەرٍ و مالــی
حەمە ئاغای کوٚیە ،
عیٚلی مەحموود بەگی سوورچی ،
دەهاتنە خواریٚ لە پایزە هەواری ،
لە منی خانە ویٚرانیٚ غەزەلیان دەدان پەریٚزە،
ئەوە کیژ دەلیٚ : هەتیوەخانە ویٚرانە ،
....
....
....
....
ئەی سەرگەردان و دەس لیٚک بەردانی ،
دەوان شەدە شلانم ،
دەک نەمێنم لەبەر ئەویٚ پایزیٚ !
ئەی وای وای وای وای وای !
ئەوە سەودایەکی دە پیرە پایزیٚ ،
لەسەری منی مالٚ ویٚرانی دەداوە ،
دەک نەمێنم چەندە پایزێکی لە من ســـەر
لە هەوەلیٚ ،
ئەمن زەینیٚ خوٚم دەدایە تیرەگی دەکوێستانیٚ
سەریان دیٚناوە دەریٚ لەبن کەویلکە کەویلکەی
دە بەفریٚ ،
پنجی سویٚسنیٚ ،هەلاٚلیٚ ،بەیبوونیٚ،گیا خاویٚ،
وەنەوشەی دە ساوا لە منیان دەکرد پەلـــە
پەلیٚ ، ،
هەتا بە حوکمی خوداوەندی میری مەزن ،
بەسەریان دادەرژا بارانی دە پەلیٚ ،
ئەمن زەینیٚ خوم دەدایە رەزی حەمە ئاغای
کــوٚیــە ،
خاسە کەوی گەردن بە خالٚ ،
لەمن دەچوٚوە سەر گوێی دەبەردیٚ ،
شینکیٚ مات و مەلوولو بەتاو و کەلە زراو،
مات دە بوٚوە لە بن غەزەلیٚ ،
ئەوە کور دەلیٚ ئەمن چ بکەمیٚ ،
بو قاسیدیکی بەمەتمان ،
بینیٚرمە خزمەت کورتە کابانیٚ زەند بەبازن،
بزانم ماوەتەوە لەسەر قەول و قەراری ،
دە هەوەلیٚ ،
ئەی سەرگەردان و دەس لیٚک بەردانی ،
دەوان شەدە شلانم ،
دەک نەمێنم لەبەر ئەویٚ پایزیٚ !
ئەی وای وای وای وای وای !
ئەوە پایزێکم گەیوەتیٚ ،
هیندێکان دەلیٚن زووە ،
هیندێکان دەلیٚن درەنگە،
بەلاٚن پایزە و لەمن بە بیٚرە بیٚرە ،
ئەمن ئەوە زەینیٚ خوٚم دەداوە ،
کوێستانی دە عەزیم ،
کوێستانی دە سازگار و لەمن بە زنوێرە،
زەینی خوم دەداوە ،
چیغ و چادر و رەشمالی دە دەولەمەندان،
ئەوە بەژنیٚ باریکم بە چاو دەنگاوی ،
بە دەستی وەبوو گوٚزێکی خاسەرەنگ ،
دە باوەشی دابوو کوٚرپەی ساوا ،
بە زمانێکی گەلیٚک خوٚش دەیگوت هاویٚرە،
ئەی سەرگەردان و دەس لیٚک بەردانی ،
دەوان شەدە شلانم ،
دەک نەمێنم لەبەر ئەویٚ پاییزیٚ ،



بەشی یەکەم




راوەتاژی

نووسینی: هێمن

سال درەنگ بوو، پایز داهات، زەوی رەنگی بزرکا، شینائی نەما، تینی هەتاو کەم بۆوە، رۆژچیان بە بەرەوە نەما، شەو درێژ و درێژتر بوون، هەوا فێنک بوو، رەز رندران، مشتاخ هەڵخران، بێستان لەبەر کەوتن، برکە هەڵکێشران، جێ تووتن شێو کرانەوە، ئاویژە لە بەراو دەرچوون، ئەستێر داریان لێ راکێشرا، سەرچاوە قەوزەیان گرت، بناوان هەڵدێران، دەراو بۆگە و لێڵ بوون، پاوان و هەڵەسوون پێخوست و بۆژە بوون، پێورە وێنجە داس پەڕین کران، رەپستە کۆڵەپنج بوون، ئەوەندە تیشەیان چەند پەلکە بوو، ساردەکێڵ دوندووکەیان دا، کا و گزرە لە کادێن کران، کۆدە و پۆڵکە و نەرمە گیا لە تایە و گیشە دران، تفاقی زستان داخرا، دێم کێڵ بە هیوای بارانی بە رەحمەت و هەقە پەڵەی پایز دێمەکار و ئیشکەکەندیان داچاند، جار جار هەوری سپی و تەنک بەدەم باوە بە پەلە بە ئاسماندا تێ پەڕین چەند پڕیشکی بڵاویان وەراند، دڵی شکارتە کێڵی بێ زەوییان داخورپاند و ترسان نەوەکوو ئەوندووکە دەغڵەی ئاو ماڵان بۆیان داچاندون گەندە نێ بن و بەجارێک قووت بڕاو و بێ سەڵا بکەونەوە، دار و دەوەن خەزەڵیان دا، مێرگ و چیمەن بێ دیمەن بوون، لاپاڵی بژوێن بوونە رێچکە، نواڵەی زەنوێر کاتۆر کران، تەلان و بەندەن رووتانەوە، رووباری خوڕێن لە خوڕین کەوتن، رێبواری خورێن لە تەنکاویان دا، سوار بۆ بوار نەگەڕان، گیا بەرزە بوونە ئیشکەڵ، دڕوو بوونە نەشتەر، تیکان


بوونە پەیکان ، پێکوڵ و کونجی بوونە بزمار و دەرزی و لەپێی گالە وەڕێنی پێخواس هەڵچوون و گردە نشینیان کرد ، بابردەڵە وەک لەشکری بەزیو و شکاو ڕەتێنرا ، خۆی بۆ نەگیراوە، بڵاو بوو ، پووش و پەڵاش وەک ترسەنۆک و دوورە پەرێزان خۆیان لە خوازەبایان گرت ، لە نەدیو و پەسیو و بوودڕ و گەندالان خزین ، هەوار خالی بوون ، چادر و چیغ پێچرانەوە ، سیپەک هەڵپەسێران، مەشکە بەرچیغیان تێهەڵکێشرا و لەبن میچی نیومالی قورماوی نران ، دۆدانە و شیر مەشک لە خەرارە کۆنان پێچران و لەبەر هەیوان و بێلا بە سینگ داکران ، نیرەی بێ خێر هەڵاوەسران ، گوریس و پەتک هەڵوێزنران ، شەنگە بێری قۆڵچاغەیان داڕنی ، بووزەڵە و بەر بێنکەیان شانە وشان کرد ، جامی مەڕدۆش و گا دۆشکەیان لەبن پێرک و هەرزالان ئاخنی ، بێژینگ و



دەستاڕیان وەکار خست تا زمهەڕ بۆ زستانێ دوور و درێژ گێژەو بکەن ، ساوار بهاڕن ، بروێش بەبا بکەن ، بۆ دراو لێ بکەن ، کاکی شوان کە لە کوێستانی مەزن و هەواری سازگار مەڕی لەچڕگەن دەچەقاوە و دەمی دە لەوەڕی پڕ و تەڕ و ناسک دەنا و یەکی لە یەکی دەرنەدەچوو، بۆ خۆشی لەسەر بەردێک دادەنیشت و قامکی لە بلوێر دەبزاوت و ئەوی لێی دەدا لێی نەدەداوە ، و پاشای بەسەپانی خۆی نەدەگرت ، ئێستا بلوێری لە ماڵ داناوە، چونکە مەڕی کوێستان کە لەنگ و لۆر و دەغەزداری تێدا نەماوە و بێچاوێنی بێ سمرە و ساکەتەی دووگی دەڵێی لینگە دەستاڕە و پشتی گرێی لێ براوە ، کوا لە ئارانی قاقڕ و کڕاڕ دادەمەزرێ؟ و دەچەقێتەوە ؟ لە دەشتی کاکی بە کاکیدا پەڕ هەڵداوێ ، پەڕەم پەڕەم دەبێ ، هەر کرتکەی روو لە لا یەک دەکا ، شوان ئەگەر وەک ددانی ماریش بێ ، پێ ڕاناگا پێشی بگرێ ، تێکی بکاتەوە ، مەڕی قەڵەو و ساغ لە ئارانی بێ لەوەڕ چۆن چێشتاوان مۆڵ دەخوا ، پاڵێنان کۆڕ دەبەستێ ، شێوە خواران رادەوەستێ و شەوێنان لە حەوشەدا گیر دەبێ ؟ شوان دەبێ چاوێکی ببێتە چوار چاو و خەو و خواردن لە خۆ حەرام بکا ، گورگی فێلباز و دز هەمیشە لە کەلێندایە ، شوان بخافڵێنێ ، سەگ بخیچێنێ ،تا کەلاک بستێنێ کام مەڕی شاز و قەڵەوە برفێنێ و ئەگەر خودای نەخواستە شوان لەخەو بمێنێ و دەز بێنی نەگرتبێ مێگەل را بدا و یەکی نەهێڵێ و هەمووی بخنکێنێ ، جا لەو حاڵەدا شوان کوا مەجالی هەیە لە بلوێر بتووڕێنێ و عالەمێک وەجۆش بێنێ ؟

سالان لەم وەرزەدا کە کاری دێهات کەم دەبوو، سواغ و پینە و پەرۆی بان و دەرک و دیواران تەواو دەبوو و ئاوردوو داخرا ، جەنگەی ڕاوەتاژی دەهات ڕاوەتاژی لەمێژە لە کوردستاندا باوە تا نیوەی دووەمی ئەم چەرخە زۆر بە داب و دەستوور دەکرا ، هەرچەند ئێستاش کەم تا

کورتێک ماوه ، بەڵام بەرەو نەمان دەچێ . دیاره هەر رێ و شوێنێک بەسەر چوو، ئەم وشە وزاراوە و ئامرازانەی پەیوەندیان بەم رێ و شوێنەوە هەیە ، لەسەر زار و زمانان نامێنن و وردە وردە لەبیر دەچنەوە ، تەنیا لە بەیت و باواندا دەمێننەوە کە تێ گەیشتنیان بۆ بەرەی داهاتوو دژوار و ئەستەم و گرانە ، خۆ بە ناشوکری نالێم فەرهەنگ نووسێکی ئەوتۆمان نەبووە و قامووسێکی وامان نیە ئەم وشە و زاراوانەی تۆمار کردبێ و لە نەمان پاراستبێ ، ئەمرۆژانە بۆ نووسینی ئەم وتارە پەنام بۆ فەرهەنگی تاقانەی کوردی بە کوردی خاڵ برد، لەژێر وشەی راو و تانجی و تاژ یدا شتی وای نووسیبوو کابرا گوتەنی : " ئەزی تێدا شەرمەزار بوومەوە ." بۆیە ویستم ئەوی لە بیرم ماوە و لێی دەزانم لەو بارەدا بنووسم تا قاموس نووسی دوارۆژمان کەلکی لێ وەربگرن و ئەو لاوانەی کە وەک من ئەدەبی فۆلکلۆریکی کوردی بەخەزێنەی زمان دەزانن سوودی لێ وەرگرن .



- تاژی -

تاژی یا تانجی و تاجی تۆرەمە سەگێکی درێژ ، باریک ، ناسک ، شووش و لەسەر لینگە پێستی تەنک و ئامال رووتەیە ، جوان و ژیکەڵەیە ، گوتوویانە: " تاژی شازادەی سەگانە " توند و تۆڵە، باش لینگ دەدا و بەدەوامە و بەکەڵکی راو دێ تاژی تا زەنگەی بەرزتر ، تەنگەی گورجتر کەفەلی بلێندتر ، پشتی راکشاوتر و ئامال کوورتر، پەنجەی شووشتر ، سەر و کەللە و دەم و لمبۆزی باریکتر و رەقتر و درێژتر بێ پەسندترە .

وەک هەموو تۆرمە سەگێک بە نێری دەڵێن گۆڵ و بە مێی دەگوترێ دێل، گۆڵ هەمیشە بۆ جووت بوون ئامادەیە، بەڵام دێل ساڵی جارێک یا دووجار وەبا دێ ، زۆر پێشتر نیشانەی وەبا هاتنی دیاری دەدا ، جا ئەگەر خاوەنەکەی بخوازێ زووتر با بگرێ باشتری تێر دەکا تا قەڵەو بێ و ئەگەر بە پێچەوانە نەیەوێ ئاوس بێ ئەوە لە ژوورێکی تاریکدا دەیبەستێتەوە تا لەر و لاواز بێ و لە با بچێتەوە . جووت بوونی تاژیش وەک هەموو جنسە سەگێک " پێوەروانی " پێ دەڵێن ، دێل و گۆڵ پێکەوە دەنووسێن و تا ماوەیەک لێک جوێ نابنەوە ، تەنانەت ئەگەر ئازاریشیان بدەن .

لە زمانی کوردیدا بە زایینی هەموو نینۆکدار و گواندارێک " جگە لە مالۆس کە سمدارە " دەڵێن ترەکین ـ لە شێرەوە تا مشک ـ رەنگە بۆیە بێ کە زۆریان بێچوو دەبێ. تاژیش و سەگیش لەوان هەڵناوێرن ، دەڵێن دێڵە تاژی بە حەفتا شەوورۆژ دەترەکێ . بە وەندە تووتکەی بە زگێک دەبن دەڵێن کۆخێک ، دێلێک لە سێ وە تا یازدە تووتک دەبینێ، دێڵە تاژی هەشت گوانی ئەم بەر ئەوبەری هەیە ، تووتکە تاژی لە پێشدا چاوی نووساوە ، و نابینێ ، پاش چەند رۆژ چاوی دەپشکوێ ، بە قسەی کۆنە راوکەران هەوەڵ تووتک و ئاخر تووتکی کۆخێک لە وانی دیکە باشتر دەردەچن ، تووتکە تاژی زوو فێرە تێکوشین خواردن دەبێ وئیتر

نیازی بە شیری دایک نامێنێ،دێڵە تاژی
ترەکیو پێویستە زۆر باش بەخێو بکرێ و
تێر بێ ، دەنا زیانی خورۆ و ماڵانگەڕ دەبێ
و پەکی راگرتنی دەکەوێ ، تووتک کە
ژیوەڵە بوو، گوجووکی پێ دەڵێن و لە
خۆی یەوە فێری راوێچکە دەبێ،راوێچکە
کردن تەمرینی رێکەوتن و راو فێربوونە.
گوجووکێک بو ئەوانی دیکە هەڵدێ و ئەوی
تریش رێی دەکەون ، راوکەری کۆن دەڵێن
هەر گوجووکێک هەڵات دیارە لەخۆی
رادەبینێ و بە گەورەییش لەوانی دیکە
چێتر و خێراتر و بەکارتر دەبێ، گوجووکێک
بە ساڵەوەختێک سونوو یا سونی دێتەوە و
پێی دەڵێن شەک ، نیشانەی سون هاتنەوە
ئەوەیە کە گول لە کاتی میزکردندا لاقی
هەڵدێنێ ، پاش ساڵێک دەبێتە خەرت و
ئەمجار تەمەنی بە خەرت حیساب دەکرێ.
خێرایی و خوێرایەتی تاژی تا نەبێتە
خەرت دیاری ناکا، وا دەبێ شەک نۆرەش
ناکا و کەچی بە خەرتی زۆر چێ دەبی و
بە پێچەوانە شەکی خێرا خوێری دەردەچێ.



" تاژی شین خەزاڵ "

— ڕەنگەکانی تاژی —

تاژی رەنگی جۆر بەجۆری هەیە،سپی ،
رەش ، سوور، نەباتی، شین ، خەزاڵ، بۆر ،
تاڵە ، شلە، خورمایی ، خەنەیی ، گورگی
پڵینگی ، قەزوانی، بازوو، بۆز قاجی و
بەڵەک ، رەشبەڵەک ، سوور بەڵەک ، و شین
بەڵەک .

دەنگەکانی تاژی ئەمانەن

لووراندن، نووڕاندن ، قرووسکاندن ،
قووڕاندن ، نووزاندن ، مڕاندن و ناسکاندن

— سیفەتەکانی تاژی —

چێ ، خێرا ، تیژ، پەل ، رەشکوژ ،خۆشڕست،
بەدڕست ، هەرزە، قرخەمە رەس ، دەمسارد ،
دەمگەرم ، بە هەڵم و بە دەوام .

تاژی بە کاری راوی ئاسک و کێوی و
و کەروێشک دێ ، چێترین و باشترین
و بەکارترین تاژی ئاسک کوژە، من
کوێستانیم و ئاسکیش لە دەشت و گەرمیان
دەژی و لە راوە ئاسک شارەزا نیم .
مامۆستا عەلای رەحمەتی لە کتێبی
" کورد واری " دا کە دەزانن هەر
عینوانەکەشی غەڵەتە و هەموو کوردێک
دەڵێ " کوردەواری " باسی راوە ئاسک
دەکا من بە نەزانی خۆمەوە بە دڵم
نەبوو، پێم وابوو هەڵەی تێدایە، ئەمما
پیرە بەگێکی جاف جارێک باسی راوە
ئاسکی بۆ کردووم ئەوە بۆتان دەگێڕمەوە
راست و درۆی، وەباڵ بەستۆی خۆی دەیگوت:
زەمانی دەسەڵات و باوی بەگ و پاشاکانی
جاف کە کۆچەر و رەوەند بوون باشترین
تاژی و رەسەنترین ئەسپ لەنێو جافاندا
هەبوو، لە موکریانیش ناوبانگی ئەسپی
جافان بوو، — " رەنگبێ راست بێ چونکە
لە عەرەبان نیزیکن و جنە ئەسپی
عەرەبیش لە دنیادا مەشهوورە — دەیگوت :
" پاشاکان تیپە سوارێکی باشیان
هەڵدەبژارد، تاژی یەکانیان وافێرکردبوو
کە راویان دادەبەست رستەیان هەڵدەکێشا
و تاژی خۆی داویتە پێشکوی سوار و
مات دەبوو، کە ئاسک هەڵدەهات سواران
بەو ئەسپە خۆشبەز و بەکارانەوە دەیان
رەتاند تا دەیانزانی شەکەت بووە
ئەمجار تاژییەکانیان بەر دەدایە تا لە



خۆڵی دەگەوزاند ، هەموو راوکەرێک خەنجەری دەبەر دابوو و کێردی دەبان و تیژی لە لە دیوی ژووری خەنجەردا لە کالان چەقاند بوو بەو کێردە سەری و کێردی دەبان و تیژی لە دیوی ژووری زیادیە

خۆڵی دەگەوزاند ،هەموو راوکەرێک خەنجەری دەبەر دابوو و کێردی دەبان وتیژی لە دیوی ژووری خەنجەردا لە کالان چەقاند بوو ، بەو کێردە سەری ئاسکیان دەبڕی و رەفیسکەیان کون دەکردن و لەبەن سامورتەـ کەیان هەڵدەکێشا و بە تەڕیزەی ئەسپەوە هەڵیانداوەسی .

کورد بە هەموو گیاندارێکی گواندار و سمدار کە کەوی و رام نەبێ دەڵێ کێوی ، لە کێوە سەرکەش و شاخە سەخت و رژد و هەڵەمو و زەردو ماهەکانی کوردستاندا کێوی دەژین ، کە لە کێوی، گاکێوی، شوور یەکجار کەم بوون و لەوانەیە رەگەزەیان لەم حاڵەدا لە مەترسیدا بێ و هەر نەمێنن و نەم بیستووە ئەوانە بە تاژی راو بکرێن ، بیستووتانە کە کێوی بەتایبەتی رۆژانە لەشاخی هەرەسەخت و رەوەزی ئەستەم نابێتەوە ، دەڵێن هەر جێگایەکی شاخ بارانی وێ بکەوێ کێویش دەتوانی پێیدا بڕوا ، دیارە تاژی لە جێگای وا کار ناکا .

بۆ راوە کێوی بە تاژی بەرەگە دەنێنەوە

کێوی کە لەم شاخەوە بچێتە شاخێکی تر تیرەگ بەر نادا یانی بە جێگایەکدا دەڕوا کە هەر دووک دیوی کێوی لێ دیار بێ ، جا راوکەری شارەزا تیرەگێکی رەچاو دەکەن و خاشارگەی لێ دروست دەکەن ، ئەگەر گوێنی و گیابەرزەی لێ هەبێ ، کۆختە یەکی دوومیتری یا کەمتر ساز دەکەن و خۆیان تاژی یەکانیان لە وێدا مەڵاس دەدەن ، ئەگەر ئەوەیان بۆ هەڵوا وارشی، بەرد دروست دەکەن ،کێوماڵ بەریکی شاخ بە هەراوهوریا و تەق و رەق و چەقەچەق دەتەقێنن تا حەیوان بترسێ و بە تیرەگدا بپەڕیتەوە شاخی ئەوبەر و لە بەرەگە هەڵەنگوێ . ئەگەر مەودای نیوان دوو کیو بەرین بێ لە دوو جیگاوە بەرەگەی بو دەگرن . تا ئەگەر تاژی پێشەوە .راستی بکەن بەسەر بەرەگەی دووەمدا بکەوێ و رزگاری نەیە ، تاژی قایم و بە هەڵم و فیلاوی نەبێ نەدەگاتە کێوی و نە دەوێرێ خۆی لێدا ، بەران و نێری قەیر دەس دەکەنەوە و بەگژ تاژیدا دینەوە و بە شەقوڵ تێی هەڵدەدەن و بریندار ی دەکەن ، وا دەبێ دەشیتوێپێنن . بەلام تاژی کە قیلاوی بوو، هەر لە پاشڕا لە کێوی رۆ دێ و کە بۆی هەڵکەوت، باتووی دەگرێ و بڕستی دەبڕێ ، راوکەر دەڵێن هۆی ئەوەی تاژی دەگاتە کێوی ئەوەیە کێوی لە هەڵاتندا زۆر ئاوڕان دەداتەوە و مەحتەل دەبی ، دەنا زۆر بەباز و بردترە ، کێوی بە تەڵە و شتی دیکەش دەگرن کە لێرەدا جێی باس نیە .

نەخۆشیەکانی تاژی

سەگ بایی ، شانەڕەقە ، ئەکگە ،سەبنێسی ، هاری ، سووزەنەک ،

(درێژەی هەیە)

هاوار

خونچەی ڕاکاو

چەند ڕۆژ بوو کڕێوە لێی کردبۆوە، کوتە پەیدا ببوو. هەور و هەڵا ڕەویبوو، تاو و ساوێکی خۆش دنیای بووژاندبۆوە، زەنگاڵم لێ هەڵکێشا و دار دەستەکەم دەست دایە و ڕێگام داگرت هەموو لایەک سپی دەچۆوە. دیمەنی کێوی هەزار بە هەزار و دۆڵ و شێوان لەژێر ڕووبەندەی سپیدا بەڕاستی جوان و دڵڕفێن بوو. بەتایبەتی کە بەتیشکی هەتاو دەبریسکاوە.

جار جارە تووشی یەک دوو ڕێبوار دەهاتم و تێک هەڵا دەتگووتین، ماندوو نەبوونی‌یەکمان لێک دەکرد و هەر یەکە ڕێگای خۆمان دەگرت. چەل چەلە لە کوتەم لادەدا و تا ئەژنۆیان لە بەفر ڕۆدەچووم. هەرچۆنێک بوو گەلێک هەوراز و نشێوم بڕی و دۆڵ و شێوم پێوا و نزیک نیوەڕۆینە گەیشتمە گوندی "ک.." گوندێک بوو

٧وەک زوربەی گوندەکانی کوردستان. لە قەدی بەر ڕۆژی کێوێکدا دروست کرابوو، خانووبەرەکانی لەگەڵ سەدان ساڵ لەمەو بەر فەرقێکی نەکردبوو. هێندێک قوڕ و بەردیان لەسەر یەک دانابوو و چرپی و هەڵاشیان بەسەردا دابوو. قوڕەبان و گڵەبانیان کرد بوو و دەرکێکی کورت‌تر لە بەژنی پیاویان وێ خستبوو. لە دوورەوە دیار بوو خەڵکی بێکارز لەسەربانان و گوێ سوانان خەریکی مێشێن و جگێن و سەیر و روانینن.

بەفر کووچە و کۆڵانی گوندی ئاخنیبوو و لە زۆر جێگایان ڕێکی سەربانان ببوو. چەند کۆڵانێکم پێوا. گەیشتمە مەیدانۆچکەیەک. لە سووچێکی حەوت هەشت منداڵ خەریکی خلیسکێن بوون. لەسەر ڕێگامدا چەند منداڵی دێ بەفریان کۆ کردبۆوە و خەریک بوون پەیکەرەیەکی ساز بکەن. دوو سێ منداڵی چکۆڵەتر لە تەنیشت ئەوان لەبن دیوارێک، لەبەر بەرۆچکە دا هەڵکرووشمابوون و چاویان لە شێرە بەفرینەکە بریبوو. منداڵەکان دەیانویست دەم و لووت و چاو و برۆی بۆ دانێن کیژۆڵەیەکی چوار پێنج ساڵانە کە لەبن دیوار هەڵترووشکابوو و بە وردی چاوی لە شێرە بەفرینەکە بڕیبوو بە دەنگێکی خەمباری لەرزۆکەوە گوتی:

ـ کاکە !کاکە مەندە!

کوڕێکی حەوت ساڵانە کە لەگەڵ هاوڕێکانی خەریکی ٧

سازکردنی شێرە بەفرینەکە بوو، ئاوڕێکی لێ دایەوە و گوتی:

ـ دەڵێی چی نەشمیل گیان؟

کچۆڵەکە هەر بەو دەنگە بریندارەوە گوتی:

ـ کاکە تۆ خوا وای ساز بکە کە قەت‌قەت سەری نەئێشێ...

مەندە چاوێکی پڕ لە بەزەیی لێ کرد و بزەیەکی

ساردی هاتێ و گوتی :
ـ باشە نەشمیل گیان !
بێ ئیختیار بەم وتە و ویژە مووچورکێکی ساردم بەلەشدا هاتە مەندە بە ئارامی سەری وەرگێڕا و لەپڕ چاوی بە من کەوت. ماندوونەبوونی لێکردم ، دوا بە دوای ئەو منداڵەکانی دیکەش بەخێر ۷ هاتن و ماندوونەبوونیان کردم ، منیش بۆ ئەوەی عالەمی خۆشی منداڵی یان لێ تێک نەدەم ، بەخۆشی جوابم دانەوە و پرسیم :
ـ ئەرێ ماڵە کاک رەشە لە کوێ یە ؟
هەر ئەو کوڕە کە ناوی مەندە بوو گوتی :
ـ ئەوەتا ماڵە ئێمەیە و فەرموو پێشانت دەم .
ئەوەی گوت و وەپێش کەوت ، بیرم لە قسەکانی نەشمیل دەکردەوە مەبەستی چ بوو کە گوتی : کاکە ! تۆ خوا وای ساز بکە کە قەت قەت سەری نەئێشێ ؟
زۆرم پێ سەیر بوو منداڵێکی چوار پێنج ساڵانە بۆ دەبێ قسەی وا بکا ؟ بۆ لەو تەمەنەدا دەبێ قسەکانی خەمی لێ ببارێ؟ بۆ شاد نەبوو؟ ئەدی مەندەی برای ؟ ئەویش وا دیار بوو لەگەڵ خەم و پەژارەی نەشمیل ئاشنایە. لە وەڵام دانەوەی، لە روانینی دڵسۆزانەی، لە بزەی سارد و پڕ لە بەزەیی ئەودا ئەوە بەدی دەکرا ، هێشتا وەڵامێکم بۆ پرسیارەکانی خۆم نەدۆزیبۆوە کە مەندە رایەڵ و پۆی خەیاڵمی پساند و گوتی :
ـ فەرموو ، ئێرە ماڵی ئێمەیە .
ماڵێک بوو وەک ماڵەکانی دی . درگای لەق و تەق ، دیواری مۆرە ، حەوشێکی گەورە و خوار و خێچ کە لە هەر سووچێک هێندێک تەنەکە کۆن و تەختە شکاو و دار و بەرد کەڵەکە کرابوون .



بەفرەکەیان لە نێوەراستی حەوشەکەدا هەڵدابووە و بەو شوێنانەی کە لێی دیاربوون مەندە و نەشمیل خلیسکێنیان لێ کردبوو. مەندە لەسەریەک دەیگوت :

– فەرمووە، فەرمووە، ماڵە خۆتە ،باوکیشم هەر ئێستا دێتەوە.

لە دوایە هەرای کرد :

– دایە! دایە! میوانمان هات.

دەنگێک لە نێو ماڵەوە وەڵامی دایەوە :

– میوان بەخێر بێ ، سەرچاوان ، راکە دەرکەی سەرێ بکەوە، لینگدە .....

مەندە گورجانە لە چەند پلیکانان وەسەرکەوت و دەرکەی دیوێکی کردەوە و منیش ذوا بە دوای ئەو وەژوور کەوتم ، دیوێک بوو سارد و سڕ، وادیار بوو لەمێژە ئاوری لێ نایساوە و میوان رووی تێ نەکردووە . مەندە خێرا سێ سەرینی بۆ دانام و دۆشەگچەیەکی راخست و خولقی کردم رۆنیشم ، بۆخۆشی وەدەرکەوت. هۆدەکە دیوارێکی نارێکی بوو، لەسەر سواخی دیوارەکە گلە سپی‌یان تێ هەڵسوو بوو، دزلیویش نەبوو ، دوو تاقەی بچووک لەسەر دیواری ئەملا و ئەولای دیوەکەدا سازکرابوو کە هێندێکیان دەفر و دەوری پلاستیک و چەند کاشی و مەترەتی‌یان بۆ جوانی لەسەر دانابوو، چوارچێوەیەکی چووکە ، لەلای سەرەوە هەڵاوەسرابوو کە زۆر بێ‌زەوقانە دە پازدە وێنەی جۆر بەجۆریان تێ نابوو،لەولاتر ئاوێنەیەکی تۆز لەسەر نیشتوو خۆی دەنواند ، بەرامبەر دەرکەی لە لای ژوورەوە پەنجەرەیەکی بێشووشەی نایلۆن لێ دراو بەرەو کۆڵان دەکراوە، لە لای راستی پەنجەرەکە هومایلێکی سپی کە گوڵی زۆر ناحەز و زەق و گەورەی لێ چندرابوو چەند کوتە جلکی داپۆشیبوو. لەلای چەپیشەوە سۆبەیەکی سارد و سڕ داندرابوو .

خشپە خشپێک سەرنجی بۆ لای میچ راکێشام ،نایلۆنێکی سپی بە گوڵی سوورەوە لە دارەڕای دیوەکە درابوو کە نەیدەهێشت دڵۆپە و خاک و خۆڵی میچەکە برژێتە خوار. یەک دوو مشک بەسەر نایلۆنەکەدا غارغاردێنیان بوو، چاوم لە مشکەکان بڕیبوو کە دەرکەی دیوەکە کراوە سەرەژنێک بە جلکێکی ئارداوی‌یەوە وەژوور کەوت و بەگەرمی بەخێر هاتنی کردم، وادیاربوو تازە لەسەر نان کردن هەستاوە ،ژنەکە بۆ وەڵامی من رانەوەستا و خێرا بەرەو سۆبەکە چوو و لە حاڵێکدا کە خەریکی هەڵکردنی بوو گوتی :

– لە،خۆم رووسارد،خەجاڵەتێ دیوەکەش ساردە ،قەت دەزانی ئەمساڵ چ بەفرێک باری؟ باشە شکوور دوو سێ رۆژە هەڵیبرینگاندووە و خۆشی‌کردووە

لەو دەمەدا نەشمیل وەژوور کەوت و سڵاوی کرد ،وەڵامم دایەوە و گوتم :

– چۆنی نەشمیل گیان !

– باشم، سڵامەت‌بی .

نەشمیل و دایکی پێیان سەیر بوو کە چۆنە ناوی دەزانم ، قسەکانی نەشمیلم وەبیر هاتەوە و دەنگی لە گوێمدا دەزرینگایەوە کە دەیگوت :

خونچەی

– کاکە ! تۆخوا وای ساز بکە کە قەت‌قەت سەری نەئێشێ ..."

دیسان چوومە نێو دەریای خەیاڵەوە....مەبەستی ئەو کچۆڵەیەکە دەتگوت پەپوولەیە چ بوو ؟ هۆشم بەلای نەشمیلەوە بوو ، نەمزانی دایکی چی گوت کاتێ وشیار بوومەوە کە دایکی نەشمیل دەیەویست وەدەرکەوێ ، گوتم :

– براژن! ئەرێ کەنگێ کاک رەشە دێتەوە ؟

– هەر هەنووکە پەیدای دەبێ .مەندەم بە دوایدا ناردووە ،

دوا بە دوای ژنەکە نەشمیلیش وەدەرکەوتە پێش ئەوەی بڕوا ، گوتم :

– نەشمیلێ ! کچم ! چۆڕێکم ئاو بۆ بێنە تینوومە ، بەڵام بۆخۆت بیهێنە با دایکت خەریکی کاروباری خۆی بێ.

دایکی وەڵامی دایەوە :

– ئەوا چای دێنم .

وەدەرکەوتن، سۆبەکە وەگرفە گرف کەوتبوو. مشکەکان بێ هەست بوون، دیسان فیکر هەڵی گرتم ، ڕێگای دوور و درێژ ، بەفر و کوتە ،ماندوویی، کاک ڕەشە ،مەندە ، نەشمیل.... کەبیرم لە نەشمیل دەکردەوە

ژاکاو

بێ ئیختیار بەزەییم پێدا دەهاتەوە، هەڵبەز هەڵبەزی هاوتەمەنەکانی نەبوو ،ڕەنگی بزڕکا بوو ، خەمێکی نهێنی دەیتواندەوە... لەودەمەدا جیڕەی دەرکەهات .نەشمیل بوو دەفرێکی ئاو لەسەر دەست بوو بە ئارامی هاتە پێش و گوتی:

– فەرموو

لێم وەرگرت و گوتم :

– رووت سپی بێ کچم ! بە بەختی چاک بی .

ئاوەکەم خواردەوە و گوتم

– نەشمیل تاوێک لە لای مامی خۆت دانیشە .

دەفرەکەی لێ وەرگرتم و کەمێک پشتا و پشت کشاوە و ڕۆنیشت و دەفرەکەی لە لای خۆی دانا ، شانەیەکم کە بە وێنەی هەژدیها دروست کرابوو و بۆ دیاری بۆ کچەکەی خۆم کڕیبوو لە باخەڵم دەرهێنا و دامێ و گوتم :

– ئەم شانەیەم بۆ تۆ هێناوە، پێت جوانە ؟

بۆ یەکەم جار بزەی هاتە سەر دەمی و شانەکەی لێ وەرگرتم و گوتی :

– زۆر جوانە ، قەتم شانەی وا نەدیوە .

بە دەرفەتم زانی و لێم پرسی :

– نەشمیل گیان ! لە دەرێ کە کاکت شێرە بەفرینەی ساز دەکرد بۆ گوتت " کاکە تۆ خوا جۆرێکی ساز بکە کە قەت قەت سەری نەئێشی ..." ؟

بزە لەسەر لێوی نەما و فرمێسکی لە چاوان گەڕا و گوتی :

– ئاخر ئەمن سەرم دێشێ . هەمیشە ژان دەکا .

کزەم لە جەرگەوە هات . نۆرەی من بوو ئاوم لە چاوان بگەڕێ ، زایەڵەی دەنگی نەشمیل لە گوێمدا دەزرینگایەوە ، بەڵام بۆ ئەوەی دڵخۆشی بدەمەوە ، گوتم :

– جا ئەوە هیچ نیە . کچەکەی منیش وەک تۆ بوو بردمە لای دوکتۆر چاک بۆوە ئەدی تۆ نەچوویە لای دوکتۆر؟

– ناوەڵڵا .دایکم هەر بە باوکم دەڵێ بیبە سەر دوکتۆر باوکم بە قسەی ناکا .

– هەڵبەت پێی نەکراوە . پێی دەڵێم بتبا ، ئەگەر نەیبردی بۆخۆم دەتبەم .

خونچەی ژاکاوی رووومەتی بەو قسانەی من کراوە . چاوێکی لە شانەکە کرد و دەفرەکەی دەست دایە و هەستا و گوتی :

– ئەوا دەچم چای دێنم . تو خوا لەبیرت نەچێ بە باوکم بڵێی .....

* * * *

کاتێ لەبارەی نەشمیل دا لەگەڵ کاک ڕەشە دوام لە کەمتەرخەمی ئەو سەرم سووڕما ! دەیگوت لاپەڕ و دوورە شارین و تا ئێستا پێم نەکراوە...! نەشمیل پێنج ساڵانە بوو لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا باوکی پێی نەکرابوو ئەو بەستەزمانەی بەرێتە سەر دوکتۆر و چارەی ئێشی سەری بکا ! نیشانەی بێ دەرەتانی و هەژاری بوو یا کەمتەرخەمی و بێفەرهەنگی.

ئەوا مانگێک دەبێ کە گوندی " ک..." م بەجێ هێشتووە ، کاک ڕەشە بەڵێنی. پێ دام کە حەوتووی تێ وەرنەگەڕێ نەشمیلی بەرێتە دوکتۆر، جا ئیدی نازانم چی کردووە ؟

* * *

ئەوی لێرەدا دەیخوێننەوە بەسەرهات و ژیان نامەی شاعیری پایەبەرزی هاوچەرخمان "ماموستا حەقیقی"یە بە نووسینی خوی . دیارە بۆ ناسینی پلەی شیعری هونەری شاعیر ئەوەندە بەس نیە و دەبێ شیعرەکانی لێک بدرێتەوە . بەلام بەداخەوە دیوانەکەی بلاونەکراوەتەوە و جگە لەو چەند پارچە شیعرەی کە تا ئێستا لەسروەدا بلاو کراونەتەوە ئەوانی تریمان بەدەست نەگەیشتووە . هیوادارین دیوانی شیعری ماموستا حەقیقی هەرچی زووتر لە چاپ بدرێ و تینووانی شیعر و ئەدەبی کوردی چیدی لە چاوەڕوانیدا نەمێننەوە.





ماموستا حەقیقی:

ژیانی من

"عیلم وزانین"

بەری باغی ژیان شیرینە گەرزانینە ئەوژینە
نەزان وەک هەژگەلی بێ کەلکە بۆسووتان وپەرژینە
هونەردارێکی بەرزەدوڕ ومەرجانە. لق وپۆپی
هونەروەرنا مرێ چون باغەوانی عیلموزانینە
لە خویندن چاو مەقووچێنە مەبەمایەی پەشیمانی
نەسیبی دوژمنت بێ جاهیلی بارێکی سەنگینە
نەزانین عەیبە ،نازان سووکە ،ژینی نەنگە بڕوانە
وتەی زانا چ شیرینە ،وشەی نازان چ نەنگینە
لە بابەت خوێندنی پێغەمبەری موختارفەرموویە
وەدووی خوێندن کەون بچنێ ئەگەر چوونو بەرەوچینە
خەیالێکی نەکەن وەخت وزەمانێکی هەیە خوێندن
لەبێشک رازەمانی خوێندنێ تاکاتی تەلقینە
مەلێن بۆنێرومێ فەرقی هەیە فەرموویەتی فەرزە
لە سەر کوللی موسولمانێ چ مێبێت وچ نێرینە
«حەقیقی» وەک نەزانین ئافەتە بۆ دین ودنیایە
حەقیقەت عیلموزانین زیبی دنیاوزیوەری دینە

ئەگەر بتەوێ شیوی بوورە وبەیاری زەوی و زاری ژیان بە وردی وەرد بدەیەوە تەمەنێکی دوورودرێژت پێ دەوێ ئەویش بەو مەرجەی هەموو رووداوی ژیانت پشوو بەپشوو وهەنگاو بە هەنگاو لەبیر بمێنێ کە ئەویش هەرگیز پێک نەهاتووە و نایە . جا ئەگەر وایە دەبێ یەک لە هەزار و دەنک لە خەروای بێنیتە ئەژمار کە وابی ئەوا بیرەوەری یەکی سووکەلەو چووکە لەتان پێشکەش دەکەم دەبا.

کورتە چیرۆکی بەسەرهاتی ژیان
چاری ناکا دەفتەری حەفتا مەنی
من گوتم حەوسەد مەنی پێڕا دەگا
ئەو سەری لێ راوەشاندم پێکەنی

ناوم عەبباس و" تخلص" و شۆرەتم ، حەقیقی یە. کوڕی عەلی پاشا ، کوڕی برایم

ئاغای تالاّ و کوڕی شێخ ئاغا کوڕی بەیرەم ئاغای باپیرە گەورەی عێلی دێبوکریم .

دانیشتووی شاری بۆکانم ساڵی هەزارودووسەد و هەشتادویەکی شەمسی لە دێی مەرجان ئاوای ملکی خۆمان لەدەشتی حاجی حەسەن هاتوومە سەر دنیا . دایکم ناوی زارا کچی محەممەد کەریمی خەڵکی نەونێوەیە وەختێ منی بووە مسقاڵێکی شیر لەمەمکی دانەبووە من بە شیوی دایەنیک بە ناوی شەوکەت فرچکم گرتووە .بابم باسەواد وئەهلی عیرفان بوو. دایکم نەی خویندبوو بەلام ئیجگار بە بیرو هوش بوو و بەقەد خویندەواریکی دەزانی . چونکە لە ماڵە بابیشی و لە ماڵە بابیشم لەگەل خویندەواران ژیابوو .



وێنەی مامۆستا حەقیقی لەساڵی ١٣٢٠ی هەتاویدا

جا برای بەرێز لێرە دائاڵ و گۆڕێکی حەسێبی بۆ تایفەکەم دێتە پێشکە ئەگەر نەختێ سەرنجتان بۆلای ئەو مەبەستە رانەکێشم گێڕانەوی پاشماوەی بەسەر ، هاتەکەم سەر لێشێوێن دەبێ و پووچەڵ. دەنوێنێ و وەبەر پلاری چی بەسەر چی یەوە دەکەوم . ئەوا برووسکێکتان لەو رووداوە ، پێشکەش دەکەم بەو مەرجەی نەڵێی ئەوە داستانی رۆستەم و ئەسفەندیارە یا سەرگوزشتەی شاعیرێکی هەژار .

تایفەی ئێمە کە دێبوکرین و مەشهوورن بە شێخ ئاغا یی زەمانی زوو پیاوی زۆر ئازا و ناو بەدەرەوەیان لێ هەڵکەوتووە هەر لەبەر ئەوە زۆر کەمیان بەمەرگی تەبیعی چوون و زۆرتریان لە شەڕاندا کوژراون .

بە تایبەتی دووکەس لەوان بەناوی عەزیزە سوور و میرزا رەشید کە هەوەڵیان مام و دووهەمیان ئامۆزام بوو قارەمانی زەمانی خۆیان بوون ولە نێو عەشایری کوردی ناو بانگیان بووە و ئێستاش دوای نیزیکی قەرنێک لەسەر زار وزمانان هەن و لەبیر پیاوە قەدیمەکانی کوردواری ماون .

چەند ساڵێک پێش شەڕی هەوەڵی جیهانی لەو دەشتەی کە نیشتمانی قەدیمی وملکی باب و باپیری ئێمەبوو شۆڕش و پەلامارێکی نابەرا- بەر دژی بەرەی ئێمە بە تایبەتی و نافەرمانی لە فەرمانی جابرانەی سەمەد خانی شجاع الدولە حاکمی تەورێز روو دەدا ، کە گێڕانەوەی ئەو داستانە دوور و درێژە لێرەدا جێی نابێتەوە وبە قەولی مەشهوور بەری لە پشتی گرانتر دەکەوێ . بەلام دەبێ هیندێکی لێ بگێڕمەوە وبرێکتان بۆ ، بگێڕمەوە .

بەکورتی ئاوری شەڕ هەڵدایسێ و ئەو مەڵبەندەی داگرێ و لە چەند شەڕی قارەمانانەدا کوشتارێکی زۆر لە دوژمن دەکرێ شایەرانی ئەودەم بەیت و باویان بۆ ئەو رووداوە رۆناوە و بە قارەمانە- کانی شەڕیان هەڵ گوتووە بە داخەوە ، درێژەی شەڕو لەشکری زۆری دوژمن و هێرشی پەیتا پەتیای بە توپ و تویخانە وە دەبێتە هوی تیکشکان و لیقەومانی خزمو قەومان و پەڕیوەبوونی هەر بنەماڵەیەکیان بۆ مەڵبەندێکی دوور لە ئاڵۆزی و ئاژاوە بەلام عەیزە سوور ، هەرچی براو برازا و خزم و ئامۆزا هەولی لەگەڵ دەدەن بڕوا بە قسەیان ناکا و دەڵێ من هەتا دەکوژرێم لەجێی خۆم نابزووم .چونکە مردنی بەسەربەرزی باشترە لەژیانی بەسەرشۆڕی .

تەقە بۆ چەند رۆژێک رادەوەستێ . لەو بەینەدا عەیزە سوور بەسوارەکانی دەڵێ بوون ئەسپان ناڵ بکەن و فیشەکان بکرن و خۆ

سازبکەن بۆ شەڕێکی کە بەو زووانە بـەری دەرکێمان پێ دەگرێ و دوژمن دێتەوە سەرمان. سوارەکان بەرێ دەکا بۆ بەرە بەیان دووا ڕۆژ لەشکری دوژمن پەلامار دێنێ و دەوری دەدەن و تەقە دەستپێ دەکا .قارەمانی بەرەنگار بوونی دوژمن لەوشەڕەدا تەنیا عەیزە سوور و ناز خانمی کچی دەبێ . ئەو کچە بۆ ئازایەتی و ئەنگێوەیی ناوبانگی بووە دەگێڕنەوە دەڵێن هەر لەشەڕی ئەو ڕۆژەدا کەمتر سەرێک بووە لە سەنگەر دەرکەوێ وبە یەکەم گوللەی ئەم شێرە ژنە مێشکی بە حەوادا نەچووبێ . میرزا ڕەشید و سوارەکانی زۆر لەو شوێنە دوور نابن و چاوەڕوانی ڕووداوێکی ئاوا دەبن. هەر خەبەریان دەدەنێ رادەکەنێ ودەگەنێ بە لەشکری دادەدەن و دادڕ دادڕیان تێدەخەن بەڵام بە داخەوە درەنگ چونکە عەیزەسوور لەوشەڕەدا دە کوژرێ ...

ئەم بیستووە لە بەردی نەدابێ خولی زەمان تێی دابێ هەر سەرێ سەودای سەروەری

ناز خانمیش بریندار دەبێ بەڵام لەشەڕ ناکەوێ . ئەو شەڕە تارۆژ ئاوابووە درێژەی دەبێ . لە ئاکامدا دوژمن دەشکێ وکوشتارێکی زۆری لێ دەکرێ و تەقەمەنیەکیزۆری لێ دەگیرێ ئیدی لێرەدا شەڕ بۆ ماوەیەکی نامەعلووم کۆتایی دێ وتایفە بنەبڕ دەبن. جا لە وئاڵ و گۆڕ و بڵاوبوونەدا ماڵی ئێمە دەچێتەمەر خوزی ملکی شەهیدی خوالێ خۆشبوو سیف الدین خانی ئەردەلان حاکمی سەقز .منیان لەو دێیە نارده قوتابخانە لای مەلا قادر ئاغا ناوێکی ئیفلیج کە بە داشقەیەکی دەستی دەنهێنا حوجرە و دەنبردوە ماڵێ.لە هەوەڵەوە (٢٩) حەرفی ئەلف و بێ سوورەی حەمد کە هەر یەک لە دیوی تەتەڵەیەک دەنووسرا پێی خوێندم.دوا یە جزوی عەمی قورئان و وردە کتێبی سمایل نامە و ناگەهان و ئەی شودە و جورم بەخشم کەهەموویان شیعری فارسی بوون خوێند .

بە داخەوە لە وسەرو بەندەدا بڵێسەیئاوری شەڕی شوومی جیهانی هەوەڵ گەیشتە ئێران و لەشکری ڕۆم ورووسیە وڵاتی ئێمەیان کردە شەرگە.ئێمەش پەڕیوە بووین و چووینە مولبەندی شاری سلێمانی لە ومانەوەدا کە لەبیرم نەماوە چەندی خایاند خوێندنم پەکی کەوت تاوە ختێکی خەبەری ئەمین بوونەوەی وڵاتمان بۆ هات گەڕاینەوە شوێنی خۆمان . کتێبی گوڵستان و بۆستانی سەعدی و کیمیای سەعادەتی ئیمامی غەزالیم لە خزمەت بابم خوێند .

هێندەی پێ نەچوو دیسان چەرخ سوورێکی دیکەی پێدا ین و رزق ونسیب لە وڵاتی باب و باپیرمان هەڵ کەندرا و لەکۆکەوقەرەداغی محالی ئێل تەیموور دامەزرا .

لەوێش شیخ ئاغای مامم ومیرزا ڕەشیدوجەلیل ئاغای ئامۆزام کەهەر سێکیان بۆ ئازایی شۆرەتیان هەبوو دوابە دوای یەک لە شەڕەکانی عەشیرەتیدا کوژرانساڵی دوایە بابم ئەمری خودای بەجێ هێنا وخوێندنم پەکی کەوت بەڵام لە ماڵێ کتێبی شاعیرانی فارسمان زۆر هەبو و تەماشام دەکردن .

بەبۆنەی متاڵای زۆر و بێکاری زەوقی شیعر گوتنم بزووت و ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەستاند چوارێنە و غەزەل و قەسیدە و تەرجیع بەندم دادەنا .غەزەلی مەولانای ڕۆمی و فارسی و هی سالم و نالیم بە کوردی کردۆتە پێنج خشتەکی .

حاجی باپیر ئاغای مامم خوا بیبەخشێ ئینسانێکی ئەدەب دۆست و فەسیح و بەلیغ بوو زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی زۆر چاک دەزانی . شیعری زۆری بەوزمانە لە بەر بوو تۆنی دەنگ و لەهجەیەکی وەهای بوو،کامە شیعرسست وبێ مایە باکە ئەو دەیخوێندەوە ، دەیگەیاندە ئەو پەڕی بەلاغەت و بەرزی و رووحی دەبەر دەهێنا. جا ئەومامە بەتایبەت



دەلین بازێکی تیژ باڵ و تووانـــا
چەلێکی بێچوە کۆترێکی ڕەپێ نـــا
فڕی چۆنێو لق و پۆپی چنـــارێ
لە سەربازی دەدی وراوچی لە خوارێ
تەمای بووقووتی دائەمیان لەسەرچڵ
نیشانەی گرتبوو ئەویان بەرەو دڵ
لە حەق هاواری کردوچاوی قووچانـــد
خودا فەوری لە هەردووکان حەقی‌ساند
ترازا تیری ڕاوچی بازی پێکـــــا
ئەویش مارگەستی‌ماسی وەک خەشەی کا
نەجاتی بوولەچەنگی راوکەرو بـــاز
عەیان بوورازی شوکرانەی لە ئاواز
ئەتۆش حاڵی دەبووی وەک ئەهلی‌حاڵی
لە هاژەی باڵ و ناڵە وگاڵەگاڵـــی
دەپارێزێ خودا خۆی پێ سپێـــری
لەبازی کۆترو کەروێشک لە شێـــری
بەسەرهاتی ژیان هەم خێروهەم شـــەڕ
بە فەرمانی خودان "اللە اکبــر"

دڵسوزە بەدایم منـــــــــی هـــــــان دەدا بۆ شیعردانان و پەرە پێدانی . بە ڕاستی ئەوەی هەمە لەوی ڕادەزانم ، ڕەوانی شادبێ .

ئەوجار بەنیازی خوێندنی علوومی دینـــی چوومە مەدرەسەی ئیسکی بەغدا و ماوەیـــەک لەگەڵ خاڵەمین لەوێ خوێندمان . دوایـــە لەگەڵ سەید کامیل چووینە مەدەرســـەی باغچەو لەوێ درێژەمان بە خوێندن دا .

وەختێکی خوالێ خۆش بوو حاجی بایز ئاغـــای ئێلخانی زادە کە شەخسێکی زاناو و ئەدیب دۆست و ئەهلی عیرفان و بە تەواوی مانـــا موسوڵمان بوو وبە دڵێکی پاک بۆ پـــــەرە پێدانی عیلم و شەریعەتی ئیسلامی تێدەکۆشا مەدرەسەی ئیسکی بەغدای گواستەوە دێـــی قوڵقوڵە تا لەوێ لەژێر چاوەدێری خۆی دابێ لە دوای ناردم چووم وماوەی ساڵێکی لەو مەدرەسەیە خوێندم .لە و ماوەیەدا زۆر چاک ئامۆژگاری دەکردم شەریکە ملکەکانم پەلاماری ملکیان دام هەسی دانەوە و نەیهێشت غەدرم لێ بکەن منیش بە هوی(**من لم یشکر الناس لم یشکر الله**) تاماوم دوعای بە خێری بۆدەکەم و خودای لێ رازی بێ .

دوای خوێندنی "صرف ونحو" و "منطق"ئیدی من دەستم هەڵگرت و لەساڵی "١٣١٣"ی شەمسی چوومە مهاباد و لەدایوەی دارایی دامەزرام و کچی خاڵی خۆم هێنا . بەڵام سەیوەمامۆستا هێمن بە منداڵیش و جەحێڵیش هەردەڵێـــی دەمەلاسکەی منی کردووە چونکە ئەویش بە ساوایی بەشیوی دایەن بە خێو کراوە وبــە جەحێڵیش کچی خاڵی خۆی هێناوە . فەرقـــی هەر ئەوەندەیە هەژار لەزەماوەندی من دا ، هەڵ نەبەزیوە .

ساڵی ١٣٤٢ بازنشەستە بووم پێنج کوڕ و چوار کچ و ٢٤ نەوەم هەیە . لە تەعتیلاتـی نەو رۆز و هاویندا دەورم دەدەن و ناوی ، خۆم لەبیر دەبەنەوە .

بۆ ناسینی مێژووی کوردستان

سەرداری موسڵمانی کورد صلاح الدینی ئەیوبی

شەڕەکانی خاچپەرستی

فاڕووقی دەلخوێسرەوی

بەشی سێهەم



شەڕی خاچپەرستی بە هێرشەکانی سەدەی یازدە و دوازدە و سێزدەی زاینی قەومی " نصارا"ی ئورووپای غەربی دەگوترێ. مەبەست لەو هێرشانە رزگار کردنی گۆڕی حەزرەتی عیسا (۶)لە چنگ موسڵمانان بوو.

وشەی خاچ پەرستیش بۆیە بە کار دەبرێ کە هەرکەس لەو شەڕانەدا بەشداری دەکرد لە پارچەیەکی سوور خاچێکی دەبڕی و لە شانی راستی دەدروو. (۷)

لە ساڵی ۱۰۹۵ ی.ز داپاپ " ئورووبەن" لە شاری " کلێرمۆن " لە وتاردانێکی ئاگریندا مەسیحی یەکانی بۆ وەدی هێنانی ئەو ئامانجە هان دا و لە ساڵی ۱۰۹۷ دا ئۆردوویەکی سەد و پەنجا هەزار کەسی بەرەو فەلەستین وەڕێ کەوتن و دوای داگیر کردنی شاری نیقیە و ئورفا و تەرسووس و ئەنتاکیە و مەعرە شاری قودسیان گەمارۆ دا و تا ئەو کاتە تەنیا چل هەزار کەس لەو لەشکرە گەورە مابوو. دەوڵەتی فاتمی میسریش کە بە هۆی تێک

هەڵچوونەکانی لەگەڵ سەلجووقییەکان بەتەواوی کز و بێهێز ببوو نەیتوانی زیاتر لە مانگێک خۆ رابگرێ و شاری قودسی بەدەستەوەدا. سپای "نصارا" لە ژووئیەی ١٠٩٩ دا شاری قودسی گرت و دوای کوشتارێکی زۆر بێڕەحمانە و دڕندانە لە دانیشتوانی ئەو شارە حکوومەتی خۆیان بە سەرۆکایەتی "گودوفرۆ" لەوێ دامەزراند. گودوفرۆ لە نامەیەکدا بۆ پاپی نووسی: **ئەگەر دەتەوێ بزانی چمان بەسەر ئەو دوژمنانە هێناوە کە لە شاری قودسدا کەوتبوونە دەستمان، پێت رادەگەیەنم کە پیاوەکانمان لە نێو هەیکەلی سولەیمان و لە نێو پەرستشگادا بە نێو گۆمێکی خوێندا هاتوو چۆیان دەکرد و خوێن دەگەیشتە ئەژنۆی وڵاخەکانیان. (٨)**

پاش ساڵێک گودوفرۆ مرد و "بۆدووئەن"ی برای لە جێگای دانیشت ئەویش بۆ پتەوتر کردنی جێ پێی خۆی قەڵای گەورەی "شوبەک" و چەندین قەڵای دیکەی لە "کەرەک"، "تەبەریا"، "عەتلیت" "سەفد" بنیات نا. ئەتابەکی زەنگی سوڵتانی حەڵەب دەگەڵ خاچ پەرستەکان بەشەڕ هات و لە ساڵی ٥٣٩ ی.ک "١١٤٤ ی ـ ز" دا ئورفای لێ ئەستاندنەوە و ئەم تێک هەڵچوونانە بوونە هۆی دەست پێ کردنی شەڕی دووەمی خاچپەرستی و نورالدین مەحموودی کوڕی ئەتابەکی زەنگی کە لە جێگای باوکی دانیشتبوو چەندین شاری دیکەی لە داگیرکەران ئەستاندەوە و شاری دیمەشقی لە مەترسی وان رزگار کرد. بەڵام خەلیفەی فاتمی میسر عازید کە توانای بەرنگاربوونی خاچپەرستەکانی نەبوو داوای یارمەتی لە نورالدین کرد کە وەک باسمان کرد، ئەویش اسدالدین شێرکۆ و صلاح‌الدینی بە لەشکرێکەوە نارده کۆمەگیەوە و لە ساڵی "١١٩٦ ی.ز"دا پەلاماری خاچ پەرستەکانی تێک شکاند. چۆنیەتی بەدەسەڵات گەیشتنی سوڵتان صلاح‌الدینمان باس کرد. لێرەدا دەچینەوە سەر شەڕی سوڵتان صلاح‌الدین لەگەڵ خاچپەرستەکان.

پاش ئەوەی بە گرتنی حەڵەب دەسەڵاتی هەموو ناوچە گرینگە ئیسلامیەکان کەوتە دەست سوڵتان صلاح‌الدین لە مانگی جمادی الاولی ساڵی ٥٧٩ ی.ک دا خاچپەرستەکان وەفاتی فەڕڕوخ شای نوێنەری سوڵتان لە شامیان بەدەرفەت زانی و بە مەبەستی داگیرکردنی ئەو مەنتەقە بەرەو شام وەڕێ کەوتن. لەو لاشەوە "رێنۆڵد ـ ئیرنات" "ئەمیری "کەرەک" لەشکری بردە سەر "مەدینەی مونەووەرە" و بۆ چەندەمین جار رێگای بە حەجاج گرت. سوڵتان صلاح‌الدین بە لەشکرەوە رووی تێکردن و پاشکشەی پێ کردن. دوایەش "کەرەک"ی گەمارۆ دا بەڵام نەیتوانی بیگرێ. خاچپەرستەکان داوای برینەوەی شەڕ بۆ ماوەی چوار ساڵیان کرد، کە سوڵتان

ئەتابەکی زەنگی سوڵتانی حەلەب دەگەڵ خاچ پەرستەکان بەشەڕ هات و لەساڵی ٥٣٩ ی.ک ١١٤٤ی.ز" دا ئورفای لێ ئەستاندنەوە و ئەم تێک هەڵچوونانە بوونە هۆی دەست پێ کردنی شەڕی دووەمی خاچپەرستی و نورالدین مەحموودی کوڕی ئەتابەکی زەنگی کە لە جێگای باوکی دانیشتبوو چەندین شاری دیکەی لە داگیرکەران ئەستاندەوە و شاری دیمەشقی لە مەترسی وان رزگار کرد.

---

(٦) بە بڕوای مەسیحیەکان حەزرەتی عیسا کوژراوە و لە فەلەستیندا نێژراوە، بەڵام لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە: "بێ گومان ئەو نەکوژراوە، بەڵکوو خوا بەرەو ئاسمان هەڵیکێشاوە."

(٧) تاریخ قرون وسطی ـ آلبرمالە ص ٢١٧

(٨) تاریخ قرون وسطی ـ آلبرمالە ص ٢٢٦

قەبوولی کرد و گەڕایەوە بۆ شام .

هێشتا ماوەی پەیمانەکەتی نەپەڕیبوو کە جارێکیتر حاکمی " کەرەک " ڕێگای بە کاروانێکی گەورەی موسڵمانان گرت و جگە لە تالان کردن ژمارەیەکی زۆریشی لێ گرتن و سووکایەتی پێ کردن.سوڵتان لەم کارەساتە زۆر تووڕە بوو و سوێندی خوارد کە بەدەستی خۆی تۆڵەی لێ بکاتەوە.

دوا بە دوای ئەم ڕووداوە سوڵتان خەزای ڕاگەیاند و لە نزیکی "بوسرا " دابەزی و بنەی خست . وردە وردە لەشکری لە خۆ کۆ کردەوە و بە پێی بڕیاری شۆڕای بەرزی نیزامی ڕۆژی ١٦ی ربیع الاولی ساڵی " ٥٨٣ ی.ک " = ١١٨٧ ی.ز "بەوەو سپای دوژمن لە ڕووباری " ئۆردۆن " پەڕینەوە . پاش شەڕێکی قورس کە لە بیست ـ هەزار شەڕکەری خاچ پەرست تەنیا ژمارەیەکی کەمیان دەرچوون، لە ٢٦ی ربیع الاولدا خاچ پەرستەکانیان بە تەواوی تێک شکاند و" گۆی " سوڵتانی قودس و " ڕێنۆڵد ئیرنات " ئەمیری کەرەک بە دیل گیران.

سوڵتان بە پێی بڕیاری پێشووی خۆی لە ڕێنۆڵد خۆش نەبوو و بە دەستی خۆی کوشتی بەڵام لەگەڵ "گۆی "ودیلەکانی دیکە زۆر پیاوانە جووڵایەوە، جگە لە دووسەد کەسێک کە بە ڕەفتاری ناشایست دەگەڵ موسڵمانان ناوبانگیان دەرکردبوو ، هەموویانی بە ئیحترامەوە ناردە شام . لە دوای وت و وێژیکی زۆر بڕیار درا خاچپەرستەکان

صلاح الدین نیشانێکی دەستو دڵ بازو خەڵکی فەقیروهەژاری وەردەگرتو

شاری قودس بەجێ بێڵن و لە بەرانبەر ئازادی خۆیاندا بۆ هەر پیاوێک دەدینار و بۆ هەر ژنێک پێنج دینار و بۆ هەر منداڵێک دوو دینار فیدیە بدەن. تازە بە تکای مەلیک عادیلی برای حەوت هەزار کەس و بە تکای ئەم و ئەو ژمارەیەکی زۆری دیکەی لە فیدیە ئازاد کرد کە زوربەی هەرە زۆریان لە هەژار و نەدار و دەست کورتەکان بوون .

بە پێچەوانەی ڕەفتاری دژی ئینسانی خاچپەرستەکان سوڵتان صلاحالدین بە شێوەیەک دەگەڵ دیلەکان دەجوولایەوە کە مێژوو نووسانی بێگانەش نەیانتوانیوە ئیعتیرافی پێ نەکەن .

سوڵتان صلاحالدین دوای ئازاد کردنی شاری قودس ، پەلاماری بردە سەر قەلای "هونین " و "کەوکەب "و"سەفد" و " کەرەک " و بەرە بەرە هەموو شار و قەلاکانی فەلەستین جگە لە " سوور " ی گرتەوە . بەلام خاچپەرستەکان کە بە لەدەستدانی قودس زۆر سەر شۆڕ ببوون کەوتنەوە خۆ و خۆیان بۆ دەست پێ کردنی شەڕی سێهەمی خاچپەرستی ئامادە کرد . سوڵتان صلاحالدینیش کە تا ساڵی ٥٨٥ ی.ک " ١١٨٩ ی.ز" بۆ ئازاد کردنی مەلبەندە ئیسلامییەکان پەلاماری دەبردە سەر دوژمن . ناچار بەوە بوو حالەتی دیفاعی بە خۆیەوە بگرێ و پەلاماری خاچپەرستەکان بەرپەرچ بداتەوە .

(گۆی) حاکمی پێشووی قودس بە پێچەوانەی پەیمانێک کە مۆری کردبوو ،لەشکرێکی زۆری لە "تڕابلۆس" کۆ کردەوە لە ڕێگای دەریاشەوە پەیتا پەیتا خواردەمەنی و کەرستەی شەڕی پێدەگەیشت . سوڵتان صلاحالدین لە " مبرح العیون " لەشکری خۆی ڕاگرتبوو و چاوەڕوانی ڕووداوەکانی دوایی شەڕ بوو ، لە لایەکی تریشەوە قەلای (شقیف ئورنوون)ی گەمارۆ دابوو ، بەلام کاتێک زانی خاچپەرستەکان شاری " عەکا "یان گەمارۆ داوە ، بەشێکی لەشکرەکەی

له دەوری " شقیف " بەجێ هێشت و خۆی بەرەو " عەکا " ڕۆیشت و ئەمیر تقی الدینی برازای توانی بە پەلامارێکی شێرانە ئاڵقەی دوژمن دڕیدا و هێزی یاریدەدەر بنێرێتەوە نێو شارەوە . لەبەر درێژە کێشانی گەمارۆکە لەشکری سوڵتان صلاح الدین و پارێزەرانی شاری عەکا لە وەزعێکی زۆر دژوار و نالەبار دا بوون و فەرماندەکانی سپای موسڵمانانیش و ڕەیەکی زۆر بەرزیان نەبوو و داوایان لە صلاح‌الدین دەکرد کە درێژە بە شەڕ نەدا. سوڵتان لەبەر ئەو وەزعە و نەخۆشی ـ یەکیش کە تووشی بوو زستانی ئەوی ساڵی بە بێ پەلامار بردن بۆ سەر دوژمن لە " الخروبە " رابوارد. بەڵام لە رۆژی جێژنی مەولوودی ساڵی ٥٨٦ ی.ک " ١١٩٠ ی.ز"دا رووی کردەوە مەیدانی شەڕ لەو لاشەوە ئیمپەراتۆری ئەڵمان " فرێدریک بارب‌ڕۆس " بە یارمەتی لەشکری خاچپەرستانەوە هات . سوڵتان صلاح‌الدین بۆ بەرگری لەو لەشکرە داوای یارمەتی لە خەلیفەی بەغدا و سوڵتانی مەراکیش "یعقوب المنصور"کرد بەڵام هیچ یارمەتی‌یەکیان بۆی نەنارد. ئیمپەراتۆری ئەڵمان لە چومێکدا خنکا و لەشکرەکەی لە دوو قۆڵەوە پەلاماریان بردە سەر عەکا و لەشکری سوڵتان صلاح‌الدین . لەشکری سوڵتان لەم شەڕەدا شکا و بڵاوەی کرد. ئەمما پاشماوەی سپای موسڵمانان لە ئوردووگای سوڵتانەوە بەرنگاری خاچ پەرستەکان بوونەوە و تێکیان شکاندن .

دادپەروەر بوو . زۆر بە رووخۆشی‌یەوە سکاڵای دەپرسین و دەستی دەگرتن .

لە جمادی‌الاخری ساڵی ٥٨٦ ی.ک"= ١١٩٠ی.ز"دا هێزێکی گەورەی ئینگلیسی‌یەکان بەسەرکردایەتی "کونت هانری" خوشکەزای پادشای ئینگلیس گەیشتە عەکا و بە یاریدەی گەمارۆدەرانی شارەوە چوو. سوڵتان کە بەرەوڕوو بوون لەگەڵ ئەم هێزە بەرینەی لەخۆی رانەدەدی گەڕایەوە "الخروبە" و خاچ پەرستەکان شاری عەکایان خستە ژێر تەوژمێکی زیاترەوە ، بەڵام پارێزەرانی شار خۆڕاگری‌یەکی ئازایانەیان لەخۆنیشان دا و پەلاماردەرانیان هیوابڕ کرد. سوڵتان صلاح‌الدینیش لە بیرووت ڕا یارمەتی پێویستی بە پارێزەرانی شار گەیاند. کۆنت هانری لە نامەیەکدا داوای یارمەتی‌یەکی زیاتری لە پاپ کرد و دیسان تەبلیغاتی ئاینی لە ئورووپا دەست پێ‌کرا . لە ربیع‌الاولی ساڵی " ٥٨٧ی.ک = ١١٩١ ی.ز"دا پادشای فەڕانسە " فیلیپ ئۆگۆست " بە لەشکرێکی زۆرەوە خۆی گەیاندە عەکا و دوا بە دوای ئەویش پادشای ئینگلیس "ریچاردی شێر دڵ" کە بۆ ئازایەتی لە ئورووپادا ناوبانگی دەرکردبوو گەیشتە عەکا .

هێزی گەمارۆدەر . هەتا دەهات زیاتر دەبوو و لە زەوی و دەریاشەوە هەموو چەشنە پێداویستی‌یەکیان

← ل ٩٨

سوڵتان صلاح الدین دوای ئازاد کردنی شاری قودس ، پەلاماری بردە سەر قەڵای " هونین " و " کەوکەب " و "سەفد" و " کەرەک " و بەرە بەرە هەموو شار و قەڵاکانی فەلەستین جگە لە " سوور " ی گرتەوە بەڵام خاچپەرستە کان کە بە لە دەست دانی قودس زۆر سەر شۆڕ بوون کەوتنەوە خۆ و خۆیان بۆ دەست پێ کردنی شەڕی سێهەمی خاچ پەرستی ئامادە کرد




وەرن مۆمێک داگیرسێنین

سالح شێروان

وەرن پیاوی چاک بین ،با بۆ تاوێکیش بێ ،لە حاندی خۆمان ، خۆمان لۆمە بکەین، یا هەر نەبێ بۆ تاوێکیش بێ تووڕەیی و ئیحساسات وەلانێین ،لەمێژە تووڕەین ، لەوەتی وەبیرمان دێ کوتوومانەجارێک دەڵێن زستان ساردە ،کەچی هیچ ڕێزێک بۆقسەی خۆمان دانانێین ،لێکدا لێکدا دووپاتی دەکەینەوە، نە جارێک نە دووجار ...

بڵێی باوەڕمان بە خۆ بێ ، ڕەنگە بڵێن ئەمە چ پرسیارێکە ،بەڵام نا ، ئەمە پرسیارە و وڵام دانەوەشی گرینگە ،من دەڵێم یان باوەڕمان بە خۆ نیە ،یا ئەم باوەڕ و متمانەیە ئەوەندە نزم و کەمە کە شوین دانانێ. کورتتر بدوێم ، لەوەتی فامم کردۆتەوە گوێم لێ بووە کە سکاڵایان لە دەسی ڕۆژگار و چەرخ و فەلەک بووە ،بە مرادمان ناگەڕێ ، چەپ دەگەڕێ ....و......

بەڵام گوێم لێنەبووە کە هۆی ئەم بە مراد نەگەڕان و چەپگەڕانە بدۆزینەوە و لە کۆڵکەی کەین ، کە بە ئاکام گەیشتین و ڕێگای بۆ دۆزراوە ، ئەم ڕێگایە بگرینە پێش ، جا ڕێگاکە برێ دوور بوو یا بە پێچ و گەوە و هەڵدێر کۆڵی لێ نەدەین و بیپێوین ،

وێنەگەرێک دەڵێ بەو ئاکامە گەیشتووم کە ئەگەر بە دەستی خۆم وێنەی دلدارەکەم بکێشمەوە ، کە گشت کات دیمەنی لە پێش چاومە ، سوکنایی دلم دێ و ئەوە چەندەمین جارە کە لە کێشانەوەی وێنەکەدا تووشی تێشکان بووم ،لێیان پرسی واز ناهێنی و هەر لەسەر کارەکەت سووری ؟

لە وڵامدا دەڵێ سوێند بەدیمەنی دلڕفێنی دلداری شۆخ و نازدارم کە ئەگەر جاری هەوەڵ توانیبام وێنەکە بکێشمەوە لەوانە بوو لە دلدارەکەم وەڕەز بم ، بەڵام دووای ڕەنج و تێشکان هەست دەکەم کە رووحی من لە پەیکەری دلدارەکەم دایە ،کە وایە ،پێم خۆشە رووحم بگرمەوە ، کەوابوو ماندوو نابم ، بەڵێ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاری کراو یەکەم مەرج ڕێگا ناسین، دووهەم مەرج ماندوو نەبوونە . وەرن با تۆ سکاڵێ خۆ ڕاگر بین ، بە تنۆکە ئاوێک وەمەلە نەکەوین،گرِ و

کفێک نەبین و دامرکێین . لەسەرەخۆ و هێدی و هێمن لایەنی باش و خراپی هەموو قسە و کردەوەیەکی لەبەر چاو گرین ، کاممان پێ باش بوو، بە قازانج بوو هەڵیبژێرین، زۆر وابووە چاومان راستە- قینەی نەدیوە،یان لە حاندی نووقاوە ، زمانمان گرێداوە کە نەیڵێین ، واش هەبووە کە وەباڵمان کێشاوە کەچی دووای ماوەیەک تێگەیشتووین کە چەند هەڵە و پەڵە بووین. لە ئاکامدا خەفەتمان خواردووە ، ئەزموونی وامان زۆرن،بابەوردی سرنجیان بدەینێ و کاتی ئێستامان بە ئەزموون لەرابردو و هەڵسەنگێنین و گەڵاڵە بۆ داهاتوو دابرێژین.با هەڵەشە بوون بەس بێ ،کردەوەکانمان وتەکانمان لە تەتەڵە بدەین ، با چیدیکە بە قسە تف لە دزێوی نەکەین ، کەسەر و ناهومێدی سواری شانمان نەبێ ،هەر کەس سمێڵی سوور بوو هەرامە نیە بەردی سەر رێی یەکتر نەبین ژیانمان پێکەوەیە ، مردنمان لەگەڵ یەکە ، بێ یەک ناحاوێینەوە چون ئینسانین ، کۆمەڵایەتی (اجتماعی) بارهاتووین کەوابوو دەبێ بە دەرد و مەرگی یەکترەوە بین ، لە قامووسی کۆمەڵدا بەختەوەری تاکە کەسی بێمانایە ، چارەڕەشیش هەر بەم شێوەیە ،سەرەڕای هەمووی ئەوانە لە تۆرەمە و رەگەزێکین ،بۆ فێنک بوونەوەی لەش و بیرمان لە گۆمێکدا مەلە ی دەکەین،هەر کەس بیەوێ گۆمەکە پیس کا، لە پێش هەمواندا بۆ خۆی پیس دەبێ .

وەرن با چیدیکە تووک و نزا لە تاریکایی نەکەین ، لە جیاتی ئەوە کە سینگی لێ بوکتین و یەخەی لێ دارنین با هەمووومان بە یەکەوە مۆمێک داگیرسێنین.

بقیه سرمقاله

و پر طلاوت که کاخهای ستم و جور را بلرزاند،خواهند ساخت ؟ چه کسانی بر عمر شبستان سیاه جهل و انحراف مهر پایان خواهند زد؟ و چه کسانی در برداشتن پرده ریا و تزویر از چهره صاحب چهرگان پا بمیدان خواهند گذاشت ؟

و بالاخره چه کسانی در کالبد سرد و بیجان خود- باختگان و بیگانگان از فرهنگ و معارف مکتب روح امید ،اتکاء به نفس واستقامت و پایمردی خواهند رسید ،

اکنون که ضرورت بهره - گیری از تعهد قلم روشن شد لازم است یادآور شویم که منهای دخالت عوامل استکبار اساسا خاصیت ابزاری قلم نیز خود حکم میکند که هرگاه جهت صحیح در بهره‌برداری از آن اعمال نشود فساد پدید میآید ،بعبارت دیگر (**قلم همچون تیغی است که باغبان با آن خار و خائنان با آن شار میچینند.**)

جان کلام آنکه ویژگی ذاتی قلم بلحاظ ابزاربودن از یک سو و تلاش وسیعی که از سوی دشمنان انسانیت درجریان است از سوی دیگر آژیر خطر را برای بازنگری مجدد به نقش و اهمیت قلم و تسلیح هرچه بیشتر جامعه نویسندگی به تعهد بصدا درآورده‌است که ما ضمن دعوت به همکاری از جامعه نویسندگان بویژه برادران و خواهران نویسنده کرد تلاشی را درجهت شناساندن ابعاد و ویژگیهای تعهدقلم و قلم تعهد باختطار واجمال آغاز کرده و در شمارهٔ آتی دنبال میکنیم ، که امید مرضی خدای رحمان و مقبول جمیع و دوستان افتد.

در این فرصت برخود لازم و واجب میدانیم که از همه سروران و دوستان عالم و ادیب و صاحب ذوق که در پی انتشار دومین شماره از سروه با استقبال بی‌نظیر خود ما را شرمنده الطاف خود ساختند نهایت تشکر را نموده و کماکان منتظر همکاریهای بیشتر هستیم .

والسلام علیکم ورحمه‌ا...وبرکاته

پەلاس

سەری نامەم بە ناوی تۆ خودایە
کە بێ ناوی تۆ نامە بێ نەوایە

خوای بەرز و نەوی و هەوراز و لێژان
خوای رۆژی دەری بێتۆڵ و کێژان

خوای بەنبای دیار و نادیاران
خوای مێر و بەڵەنگاز و هەژاران

بە چاو لێک نانێ لێک هەڵدێنی چاوێ
بە هێزە دەستی تۆ هەدوکاری ناوێ

ئەگەرچی حازر و نازر لە گشت جێی
خەیاڵ ناکاتە ئەو جێیە کە تۆی لێی

وجوودی تۆ ئەگەرچی روون و سوورە
لە رادەی دەرکی ئینسان بەدوورە

خوای هەست و وتە و بیر و خەیاڵان
خوای کوێر و کەڕ و کێڕ و کەدواڵان

بە جەردەی بێمنەت تێر و بە تێروو
لەسەر خوانی خواییت مار و مێروو

بە تێر بوون و بەبوونی مووچە خۆران
لە دەرکی تۆ نیە تاران و تۆران

بە تۆ دەکرێ بنێری تیسکی تاوێ
کەبێ گیانی وەبەر بێگیانی باوێ

لە تۆ رایە بریقەی مانگ لە سەودا
ئەتۆی بێدار و ناقیر لە خەودا

بەر و باراوی تۆن ئەزمان لەزاران
لە دەس تۆدا دڵی یار و نەیاران

بە ئەمری تۆ هەور بارانی دێنێ
بەسەر چۆڵ و چیا دا دەی ڕژێنێ

بە ویستی تۆیە خێرباران لێ دەباری
کەسێ هاوین و پاییز و بەهاری

ئەتۆ وات کرد کە زستانان بەسەرین
ئەگەر زستان لە ژێر بارستی بەفرین

خوایە ئەی خوای جوان و دزێوان
خوای ئەگریجە زەرد و کولمە زێوان

خوای سینەی سپی و نەرم و دڵی سەنگ
خوای بسک و گەردنی سۆر و قەدی تەنگ

من ئەوڕۆ حەز ئەوێ لێت هەر زمانێ
زمانێکی بێ کە بەسی تۆ بزانێ

زمانێک بێ گەزانی زارە کارم
بە هاسانی وشە باوێتە زارم

زمانێک بێ لەگەڵ ئەو واتە ئۆگر
کە تەنیا تۆ خوای ئیتر کەسی نر

خەیاڵی من منالێ بێ زمانە
دەنا یادی تۆ ئاوێتەی دڵانە

وتاری زۆرە بیلێ و چەشنی منداڵ
قسەی بۆ نایە دەیکاتە کڕ و کاڵ

ـزخوا

لە جێەک پەسنی تۆ زانا نەزانێ
ح دێ ئیتر لە دەستی بێزمانێ

دڵێکم بێ بدە دەریای ئەوین بێ
بەرین بێ ، بێ برین بێ، ئاکرین بێ

دڵێک بێ خوێن نەبێ دڵ بێ لە سینە
دڵێ بێ زەنگ و کەرد و بوغز و کینە

بەجارێ زۆری هێنا دەردەداری
دەس و هەنگاوی شل کرد لەش بەباری

ئیتر با تەم لەسەر چاو نارەوێنێ
ڕوانگەی دیدە هەردێ وکورتی دێنێ

لە ئاڵۆزی وارم را دیارە
کە ئاڵۆزم لە دەس دەرد و پەژارە

بنێرە خوایە هەتواتی برینم
کە ژانی دڵ بڕی ؟ؤشی لە ژینم

ئیتر ئەوجار من و ژینێکی بێ وەی
ئیتر جێی ئاخ و داخان بگرێ ئۆخەی

خەمێکم پێ مەدە زێدەی توانام
خەمت خوایە لە توانا زێدە پێدام

بە ئەسپایی دێ دەنگی نادیاری
دەچرپێنێ بە گوێما جار بە جاری

کە رۆیی کاروان و بای بۆ لەنگە
لەشت بێ ناچێ کیان دەرکە درەنگە

لەبەر بێ چارەییم هەنگاو بە هەنگاو
بەسەر شێواوی دەڕوانن سەر و چاو

دوا قۆناخی ڕێکەدم دەرکی سۆبە
خوا بکرە دەسم لەو هات و چۆبە

بەزەت پێم دابێ رووناکی بخە رێم
کە بەو رێ راستەدا رزگار بم و بێم

بەڵام کەی تامی مەرگم پێ دەچێژن
لە کوردستانی رزگارم بنێژن

لە پیردەوسا و لە کوردستانی زەنوێر
لەش و گیان بەش بن و بەبوان بکەن تێر

ئەگەر کار کەوتە بەخشینی خوایی
بە کشت پاڕانەوێک دێنێ دوایی

تەمەن هەرچی هەبوو رۆیی لەخەودا
ئەبینم ئێستە زۆر کەم ماوە مەودا

لە ئەستۆم هێند گرانە باری تاوان
چەماون پشتم و ئەژنۆم لە تاوان

بە تۆشەم لە روحمی تۆ زیاتر
کە لەو روحمە نیە هیچ تۆشە چاتر

ئەچا رێکم هەیە ئیتر نە رێی دی
بەرەو قاپیت ئەوە دێم هێدی هێدی

خالیدی حیسامی (هێدی)



ئامادەکردنی
نەسرینی جەعفەری

مەرد و نامەرد




کابرایەک بوو یەگجار دەولّەمەند، بەلاّم ئەولادی نەدەبوو، زۆری چاک و پیر کرد، ژنەکەی ئاوس بوو و دوای نۆ مانگان خوا کوڕێکی ژیکەلّەی دایە، کابرا عەهدی کرد هەرچی دەتوانێ یارمەتی فەقیر و هەژاران بدا.

کوڕە گەورە بوو و دەبەر خوێندنی نا، هەموو رۆژێ گیرفانی پڕ دەکرد لە زێڕ و زێو و دەیگوت لە رێ بیدە بە فەقیر و هەژاران، وای لێهات کوڕە لە دەرگا دەهاتە دەر خەلّکی دەیانکوت کاکی مەرد هات. سالّها پێ چوو مەرد گەورە بوو.

ئێستا لاوێکی مەرد و رەند بوو و نێوی خۆی بە خەسار نەدابوو، رۆژێک لە قوتابخانە هاتەوە، دیتی دایک و بابی دەگرین، چووە پێش کوتی:

- بابە! دایە! بۆ دەگرین.و دەبارێنن؟

بابە کوتی:



ـ رۆڵە چت لێ وەشێرم هەرچی هەمانبوو هەتا ئەورۆ تۆ داوتە بە فەقیر و هەژاران و ئێستاش سبەی چ نیە تۆ بیدەی بە کەس و ئێمەش بۆیە دەگرین .

دایک و بابی دڵ خۆشی داوە و کوتی :

ـ هیچ خۆ ناڕەحەت مەکەن هەر لەو شارە خەڵک دەمناسن ، لە جێی دی نەناسیاوم . بەیانی پێش ئەوەی خۆر هەڵبێ دەڕۆم بۆ شارێکی دی . دایکی بارگەوبنەی بۆ تێک نا و کازیوەی بەیانی کوڕ ملی ڕێی گرت . لە ڕێ تووشی ڕێبوارێک بوو کە جڵەوەی ماینێکی دەکێشا ، سڵاوی لێ کرد ، کابرا وەڵامی داوە و کوتی :

ـ کاکە نێوت چیە و بۆ کوێ دەچی؟

مەرد کوتی :

ـ نێوی من کاکی مەردە و دەچمە دێیەکی ئەو نیزیکانە ،

کابراش کوتی :


ـ نێوی من نامەردە ، واچاکە ببینە ئاواڵ .

مەرد کوتی : زۆر باشە .

چەند ڕۆژ پێکەوە ڕێیان دەپێوا و مەرد وەختی ژەمێ خواردەمەنی خۆی ساز دەکرد و دەیکوت فەرموو . کابراش لەگەڵی دەخوارد . قەت دەستی دە بارگەوبنەی خۆی نەدەدنا شتێک دەربێنێ ، تا وای لێهات خواردەمەنی کاکی مەرد بنەی هات . بەڵام نامەرد هەرکە برسی دەبوو قوونی تێ دەکرد و لەبن دارێک یا پەسیوێک نانی دەخوارد و هەر پێی وانەبوو کەسی لێیە . مەرد برسیەتی هێرشی بۆ هێنابوو . گەیشتنە دوو ڕێیانێک ، یەکیان ڕێگایەکی ڕاست و خۆش ئەوی دیان بەردەڵان و ئەستەمێک . مەرد کە نەیدەتوانی بەپێی کابرا بڕوا ، کوتی :

ـ لێرە ڕا من لێت جیا دەبمەوەو ڕێی من ئێرەیە .

لەبەردەڵانەکە هەڵ بوو ، کابراش بەرێی خویدا ڕۆیی . مەرد بەو ڕێگا ئەستەمەدا ڕۆیی ، تاریکانی بەسەردا هات ، ئەشکەوتێکی گەورە لە دوورەوە دیار کەوت . مەرد کوتی : واچاکە ئەوشۆ لەو ئەشکەوتە سەرکەم ، ئەو شاخ و بەندەنە پڕ لە دڕندەیە ، چووە نێو ئەشکەوتەکە ، دیتی جێی مۆڵی دڕندانی لێ دیارە ، خۆی لە کەلێن و قوژبنی ئەشکەوتەکە حەشار دا ، دوای چەند سەعات دیتی ورچێک و گورگێک و ڕێوییەک هاتنە ئەشکەوتەکە . شەوێ پێکەوە دەردی دڵیان دەکرد ،





گورگ کوتی :

ـ چەند رۆژە نێچیرمان وەچەنگ ناکەوی ئەو ئەشکەوتە زۆر سەر بێ رۆزیی‌یە .

ورچ کوتی :

ـ ئەو ژانە سەرە نەبایە ئەمن یەک سەعات لێرە نەدەبووم ، چ بکەم لەو جێی لێی دەنووم خەزنەیەکی تێدا ، ئەگەر سەرم دێشی ، ئەگەر سەری وێ دەکەم ژانی دەشکێ.

گورگە کوتی :

ـ ئەگەر سەگە رەشی فلان دێ نەبایە ئەمن تێر گۆشتم دەکردن . ئاخ بۆ مەردێک ئەو سەیە بتۆپێنی ، مێشکی ئەو سەیە دەرمانی شێت و هارە ، کچی پادشای ئەو شارە شێت بووە ، ئەگەر ئەو مێشکەی لەسەری نێن چا دەبێتەوە .

رێوی کوتی :

ـ ئێستا بنوون تا سبەی خوا گەورەیە .

بەیانی درندەکان رۆیین ، مەردیش جێی ورچەی داوە ، چەند کووپە خەزنەی تێدا بوو کۆڵەبارێکی داگرت و سەری داپۆشی‌یەوە .

رۆیی لە رێ تووشی شوانێک بوو، نان و پێخۆرێکی لێ وەرگرت . دیتی سەگێکی رەش و زەلامی پێ بوو ، کوتی :

ـ ئەو سەیە وا دیارە سەگی چاکە،

شوانە کوتی :

ـ چەند ساڵە ئەو سەیەم هەیە ، ئێستا کەلاکی نەداوە ،

مەرد کوتی :

ـ پێم بفرۆشە .

کوتی : ئەگەر ئەو سەیەی بفرۆشم تازە ناتوانم شوانی بکەم .

مەرد کوتی :

ـ ئەوەندەت زێڕ و پارە دەدەمێ موحتاج بە شوانی نەبی .

شوانە سەگەی بۆ کوشتەوە مێشکی سەگەی دەرهێنا و لە پرێسکەی کرد، مەرد هەستا و چووە شاری کچی پادشای .

هەرای کرد : کێ نەخۆشی هەیە؟من شێت و هاران چا دەکەمەوە .

خەڵکی گوتیان : پادشا کچێکی هەیە شێت بووە و هەر کەس نەتوانێ چاکی کاتەوە دەیکوژێ .

مەرد گوتی : ئەمن چاکی دەکەمەوە .

مەردیان بردە کۆشکی پادشا ، پادشا گوتی : تۆ بتوانی کچی من چاکەیەوە دەیدەم بە تۆ ، بەڵام ئەگەر نەتوانی، چونکێ عەیبی کچی من دەبینی دەتکووژم .

مەرد گوتی : هەر جۆر تۆ بفەرمووی من

چاكى دەكەمەوە . چووە ديوى كچى پادشا و ديتى كچێكى جوان و لەبارە . بەڵام دەست دەوەشێنێ و ئاگاى لە خۆ نيە .

گوتى : چەند نەديم و قەرەواش بێنن و دەست و لاقى ئەو كچە بگرن و درێژى كەن . كچەيان درێژ كرد، مێشكى سەگەى لەسەرى نا و دايپۆشى ، كچە خەوى لێ كەوت . پاش چەند سەعات وەخەبەر هات و بەسەر قەرەواشەكانيدا قيژاند .

- ئەو نامەحرەمە بۆ لێرەيە ؟

مزگێنىيان بۆ پادشاى برد، پادشا مەرجى خۆى بەجێ هێنا و كچەى دايە.چون هيچ ئەولادى نەبوو. پادشايەتى خۆى دا بە مەردى. مەرديش پاش چەند وەختان وەبيرى هاتەوە كە خەزنەيەكى زۆر لە ئەشكەوتى داعباكاندا بەجێ ماوە . چەند كەسى نارد وەدەريان هێنا .


پياو چاكى وبەخشندەيى مەرد هەربەردەوام بوو ، بەڵام لەو لاوە نامەرد ئەوى هەيبوو خواردبووى . وەسواڵێ كەوتبوو،هاتە ئەو شارەى مەرد پادشاى بوو، خەڵكى پێيان گوت : پادشاى ئێمە زۆر بەخشندەيە و لەو شارە كەس موحتاج نيە . مەرد بژيوى بۆ هەموو كەس پێك هێناوە تۆش بێبەش ناكا .

نامەرد چووە كۆشكى مەردى و داواى يارمەتى كرد و لەو وەختەيدا پادشا لەنێو باخيدا دەگەڕا .نامەرد چاوى پێى كەوت و ناسىيەوە . هەراى كرد، مەرد ئەمنم نامناسىيەوە ؟

مەرد هاتە پێش گوتى : ئەوە ئەتۆى ؟

نامەرد گوتى :تۆ كە چت نەما بوو چۆن ئێستا بوويتە پادشا ؟

مەرد گوتى : كاتێك لە تۆ هەڵبڕام چوومە ئەشكەوتێك و بەسەرهاتەكەى بۆ گێڕاوە . نامەرد هەستا چووە ئەشكەوتەكە و خۆى شاردەوە . ئێوارێ درندەكان هاتنەوە، گورگ و رێوى هەر يەكەى كەلاكى مەرێكيان



پێ بوو، بەڵام ورچ زۆر قەلس و تووڕە بوو، گورگ گوتى : چيە بۆ وا قەلسى ؟

ورچ گوتى : لەبەر ژانى سەرم حەجمينم لێ هەڵگيراوە ، ئاخ ئەگەر دەمزانى كى ئەو خەزنەى دەرهێناوە هەر ئێستا ونجڕ ونجڕم دەكرد .


رێوى گوتى : هەركەسە لێرەيە .

گورگ گوتى : هەستن بگەڕێين ، بزانين لێرە نيە ؟

تەواوى كەلێن و قوژبنى ئەشكەوتێيان كرد نامەرديان ديتەوە ولەت بەلەتيان كرد . ئەمنيش هاتمەوە.كالەم دڕا چم پێ نەبڕا .

چەند تێبینی لەسەر مەولەوی

سەید تاهیری هاشمی



ئەو مێژووی ژیانەی کە کاک سەلاحی یۆسفی سەبارەت بە مەولەوی نووسیویە هیچ کەم و کورتی نیە و زۆر ڕێک و پێک و جوانە. بەس کەم و کورتی لەو شیعرانە دایە کە هی مەولەوی نیە و بە ناوی مەولەوی هێناویەتی.

لێرەدا ئەو شیعرانەی کە هی مەولەوی نیە دەیانهێنین و ئەوانەش کە هی مەولەوین دەیانهێنین،

الف: ئەو شیعرانەی کە هی مەولەوی نین:

١ – سێ بەیتی لاپەڕەی ٦٢ کە بە **"دەماخ وە نەشئەی سەربەرزان کەیل"** دەست پێدەکا.

٢ – دوو بەیت شیعری لاپەڕەی ٦٤ کە بە **"جە هەر تەرەفدا مەوینوون گولزار"** دەست پێدەکا و هەروا دوو بەیت شیعری ئەوەڵی بەشی **"ئەوین و مەولەوی"**

ب: شیعرەکانی مەولەوی:

ئەو شیعرانەی خوارەوەم لە دیوانی مەولەویدا وەبەر چاو نەهاتووە، بەڵام ڕەنگە هی مەولەوی بن:

١ – شیعری لاپەڕەی ٦١ کە بە **"من وێم مزانوو بێ ئەمریم کەردەن"** دەست پێدەکا.

٢ – شیعری ئەوەڵی لاپەڕەی ٩٨ کە بە **"خامەی سەراوێز نەچای سیایی"** دەست پێدەکا تا ئاخر.

٣ – دوو بەیت شیعری لاپەڕەی ٦٢ کە بە **"گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان"** دەست پێ دەکا.

شتێ من پێی بزانم مەولەوی هەر تەنیا یەکجار بە شیعر نامەی بۆ شێخ عوسمانی سراج الدین نووسیوە، جارێکیان شێخ ئەم دوو شیعرە دەم دەمیەی بۆ دەنووسی:

یا کاغەز بڕیان یا مەلا مەردەن
یا خۆ عارتەن دۆس وە یاد کەردەن
خەمگین مەنیشە خەم بەدەر وەباد
فەڵەک نمازۆ کەس وەخاطر شاد

مەولەویش لە وەڵامدا ئەو غەزەلەی بۆ دەنووسێ کە چەند شیعری دێنین :

شێخ دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی
یاگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی
جە شەو هەوارگەی فەنا ویەردە
پای هەردەی بەقا یاتاغگە کەردە
" متّصف " بە وەسفشانی و سیفاتی
" مشرّف " بە فەیز تەجەللای زاتی
نامەی رۆح ئەفزای شیرینت یاوا
دڵ وە مەردومەک دوو دیدەش ساوا
دەرگای حوقەی لاڵ دانەت شکاوان
جە رووی لوتفەوە ئینەت فەرماوان
«یا کاغەز بڕیان یا مەلا مەردەن
یا خۆ عارتەن دۆس وەیاد کەردەن
خەمگین مەنیشە خەم بەدەر وەباد
فەلەک نمازۆ کەس وەخاتر شاد»
ئەوەڵ من کێنان وجوودم جە کۆن
واچون دۆسەنان شەرت قەبووڵ تۆن
ئەر وەبێگانە وەر خێشم زانی
تۆ حەساوەنی وە هەر چیم وانی
دووەم چون کەسێ گەدایی کێش بۆ
یاد تەوازوع خەسڵەت وێش بۆ
ئەر بارۆ نە دڵ تەوازوع کەردەن
هەر عادەت وێش وەجا ئاوەردەن
بەڵام هەر کەسێ شێخی مسالەن
عادەت " استغنا) و شێوەش جەلالەن
ئەر جار جارێ نام چون منی بەرۆ
خەرق ولعادەتی زاهیر مەکەرۆ

یەکەم ئەوینی مەولەوی

ئاخۆ ئەپۆری مەولەوی کە چەند ساڵ پاش تەواو کردنی عیلمەکان " عەنبەر خاتوون "ی لە موهاجیرە ئەوغانییەکانی دانیشتووی شارەزوور خواستووە، ئەم ئافرەتە کە ژنی بووە و شەو و رۆژیان پێکەوە لە ژێر دەوارێکدا رابواردووە، بووبێ بە هۆی ئەوینێکی ئاگرین و ئەم هەموو هەڵا هەڵا و شیعر و ئەسپابەی ؟

ئەڵبەت بۆ عیشقی ماڵ رووخاو ناتوانین سنوور دیاری بکەین و بڵێین بەس تا ئەم سنوورەیە، بەڵام ئاگرین ترین عیشق لە سەرەتای تازەلاوییەوە سەر هەڵدەدا تا تەمەنی بیست و سێ و بیست و چوار ساڵی، جا دەبێ بزانین مەولەوی لەم تەمەنەدا گیرۆدەی تۆڕداوی ئەوین بووە یا نا ؟

چەند ساڵ پێش لە ساڵی " ١٢٤١ کۆچی مانگی " ماموستا سەید عومەری کوڕی شێخ ئەبووبەکر لە ساداتی " خانەگا "ی پاوە، لە دێی خانەگادا مەدرەسەی بووە و دەرسی فەقێی داوە و ناوبانگی بە مەلا چاکی لە هەر دوو کوردستاندا بڵاو بۆتەوە، رەنگە مەولەوی لە تەمەنی بیست ساڵیدا و لە ساڵی " ١٢٤١ ی کۆچی مانگی " دا لە خانەگا و لە خزمەت ماموستا سەید عومەردا خەریکی دەرس خوێندن بوو. هەر لەم ساڵانەشدا موفتی زەهاوی هاتۆتە وڵاتی جوانرۆ و بەینێ لە " عولانی ـ هالانی"شاری جوانرۆی ئێستا)دا لە خزمەت ماموستا مەلا عیسای کلاشی دا، و بەینێ لە خانەگا لە خزمەت ماموستا سەید عومەر دەرسی خوێندووە.

ئەم سەرەتایە بۆ ئەوەیە کە بزانین لە چ ماڵێکدا ئاگری ئەوین بەربووە دڵی مەولەوی و ، وەکوو کەو هێنایە قاسپە و وەکوو بولبول هێنایە چریکە و ئەو هەمووە شوێنەوارە لە گەنج و جەواهیرات بەنرخترەی لە شوێن جێ ما ؟

زۆر لەسەرخۆ دەبێ بڵێین لە دێی خانەگا و ماڵی ماموستا سەید عومەر: بەڵێ عیشقی پاک و دوور لە هەوا و هەوەسی

نەفسانی (خاتوون رابیعە)ی کچی ماموٚستا سەید عومەر مەولەوی تاواندەوە و خەل و خەوشی لێ گرت و کردی بە زێری خالیس و پاکتاو ، هوٚی ئەم تاویانەوەش ئەوە بوو کە مەولەوی لەم عیشقەیدا شکستی خوارد . جا ئەو بەرهەمەی کە عیشقی شکست خواردوو دەیبەخشێ عیشقی بە ئاوات گەیشتوو نایبەخشێ .

لەو حالەدا کە ئاگری ئەوینی مەولەوی هاورێ بە شیعرە ئازیزەکانی سەرەنەر دەکا و ، وردە وردە دەکەوێتە گویی ئەم و ئەو.

دەزانن جەنابی ماموٚستاش وەنەبێ پێی خوٚش نەبێ ، لە ناکاو رەقیبێ بوٚ مەولەوی سەر هەلدەدا و لەسەر خاتوون رابیعە دەبێ بە بەربەرەکانێ ، مەولەویش بەندەی خودا پیاوێکی غەریب و ئەوەلی دەم و بێ مالێ ، درێژەی پێ نەدەدین رەقیبی مەولەوی کە کورە سەیدێک دەبێ بە ناوی سید نصراللە و لەگەل ماموٚستاش خزم دەبێ (خاتوون رابیعە) دەخوازێ و مەولەوی بە هەناسە ساردی لە خانەگا دەردەچێ .

ئاخ من و شەوال هەردوو هامفەردین
هەر دوو گرفتار ئێش یک دەردین
غورە غورەی ئەو سەفاش پەی غەیرێ (1)
ئازیز قیبلەی من وەفاش پەی غەیرێ

مەولەوی خاتوون رابیعەی بوٚ نەبوو . بەلام ئەم هەموو شوێنەوارانە بەرهەمی ئەو عیشقەیە کە ئاکامی هاتە سەر شکست

دەلێن سەید نصراللە خوێندەوارێکی باش نەبوو ، بەلام لە خاتوون رابیعە(۲) کوڕێکی بوو بەناوی سەید عنایت اللە کە مەلا چاک بوو ، لە سنە دادەنیشت و بە نیابەتی شێخ الاسلام ئیشی خەلکی دەبڕییەوە . سەید عنایت اللە"ش کچێکی بووە بەناوی خاتوون رابیعە کە دەبێتە دایکی جەنابی ماموٚستا سەید حوسێنی مەسعوودی ئیمامی مزگەوتی شافیعی کرماشان . کە من ئەو هەموو زانستە نایابانەم لە خزمەت ئەودا دەس کەوت .

(۱) : غوڕەی ئەو قیبلەی من وەیەک تارەن وە نام ئێمە و وەکام ئەغیارەن

(۲) : ئەو خاتوون رابیعەیەش وەکوو خاتوون رابیعەی یەکەم خوێندەوار بووە ، ماموٚستا سەید حوسێن دەلێ کە قورئان و وردە کتێبە فاوسی یەکانم لە خزمەت دایکمدا خوێندووە.

ئاوادەبێ کاسبی !

تەنزی کۆمەڵایەتی



لە بێکاری ناخۆشتر نیە . ئەویش بە تایبەتی کاتێک کە زگت لە برسان بە پشتەوە بنووسێ و هیچ زەوادی خودا شک نەبەی .جا ئیدی ئەگەر ناوێکی زۆر گەورەشت بە دوای خۆتدا رکێش کرد ، وەک فلان کەس دیپلۆمەی بێکارە و لەم جۆرە قسانە...

منیش یەکێک لەوانەم کە بابیان بە هەزار زەحمەت و لالانەوە و پاڕانەوە گەیاندوونی بە رۆژێک کە دیپلۆم وەرگرن و هێندێک لە جەنابی رەئیس چکۆلەتر لە پشت میزی ئیدارە ئۆقرە بگرن و جا بابە پاڵ داتەوە و بە لێشاو پووڵی بێتە کۆشی .

بەڵام نە تەنیا نەبوومە رەئیس بەڵکوو بە دەرکەوانیش رازیم و ئەویشم نادەنێ . هەڵبەت نەک بفەرموون خودای نەخواستە دیپلۆم بایەخی نەماوە، بەڵکوو لەبەر ئەمەیە کە کار کەمە و لەوەها هەل و مەرجێکدا دامەزران چۆتە پشتی شێران .

دەردی سەرباری هەموو دەردان ژن و منداڵیشم هەیە هەر ئەو رۆژەی کارنامەکەم بردەوە ماڵێ، بابم دەستی کرد بە گریان ، منیش وامزانی لەمن ناڕاحەتە ،بەڵام دوایە گوتی :

– رۆڵە پیاو تا ژنی نەبێ نابێتە پیاو .

منیش لەبەر خاتری ئەوە کە ببمە پیاو دەستم وەڕووی بابم نەهێنا ئەویش کچی دوستێکی خۆی لێ مارە کردم. جا بەراستی"رێوی بۆخۆی لە کونێوە نەدەچوو قانگەلاشکی رکێش دەکرد." دوو ساڵی رەبەق لە کار گەڕام بەڵام ئەو سوار و من پیادە نەیگەیشتمێ .

جا بێپووڵی و نەداری لە لایەک ، خەرجی شیری منداڵی چکۆڵە لە لایەک،دەردی سەرباری هەموو دەردان لۆمە و لەقەبی عالەمێ !

پەنام بۆ هەرکەس دەبرد رێنوێنی دەکردم و نەزەری خۆی دەردەبڕی . منیش پێشنیارەکەی ئەوم بەرێوە دەبرد ، بەڵام پاش ماوەیەک قازانج سەری مایەی دەخوارد و منیش دەگەڕامەوە دواوە .

هەتا رۆژێک تووشی هاوکلاسێکم بووم .دیتم ماشێنی لەبن پێ دایە و ئەوەندە سازە کە مەپرسە . سەرم سوڕما و چاوم بە مۆڵەق وەستا . زۆرم پێ سەیر بوو . کوڕە ئەوە هەمزە بە چی وای لێهاتووە ؟

پاش چاک و خۆشییەکی گەرم و گوڕ، حاڵ و باڵی خۆی بۆ گێڕامەوە و ئەوجار زانیم بابە ئەوە چلاوکەبابی بە ئیجارە گرتووە و ئاوا ساز بووە ، بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ بێ گوتی :

– لەمنت نەکەوێ ! پەلەی مەکە دووکانێکی وەک هی خۆم بۆ تۆش بە کرێ دەگرم .

خودایە چ دەبیسم ،کێچم بە کەوڵی هەڵگەڕابوو،ئارا و قارام لێ هەڵگیرابوو.جارێ حەوتوویەک لە خۆشی دەوڵەمەند بوون خەوم لە چاوی نەکەوت .خەونی سەیر سەیرم بەم هەموو پووڵانەوە



دەدیت ، کە دەهاتە دەستم . لە پێشدا ماشێنێکی گەورەم دەکڕی و هەموو بەیانان جیرانەکانم پێ دەگەیاندە نێو بازاڕ.چەند جۆرە مرەبام ساز دەکرد، هەرکەس ئیشتیای لێ با ، قاپی دێنا و بۆم پڕ دەکرد، ئەوانەی دەهاتنە دووکانەکەم و پوولیان نەبوو بەسووکایەتیچاوم لێنەدەکردن و نەمدەهێشت شاگردەکانم بە خۆڕایی سەرباوێنە سەر خەڵکی.ئەوانەی لە ئاوایییە دوورە شارەکانڕا هاتبوون لەبەریان هەڵدەستام و بەکەیفی خۆیان لەگەڵیان دەجووڵامەوە....

بە کورتی دەتگوت بۆی پەیدا کردووم. بەیانان کە لە ماڵ وەدەردەکەوتم هەستم بەوەی دەکرد کە خەڵک جۆرێکی دیکە دەڕوانە من . وادیار بوو هەموو ئیشتیایان لەوەیە کە جارێک بچنە چڵاوکەبابی و بە تێرایی دڵیان بخۆن ....

هەتا رۆژێک بە ئاوات گەیشتم .دۆستەکەم دیتەوە دووکانی بۆ گرتبووم. بەر لەوە کە هیچم لە زاری بێتە دەر بۆی حیساب کردم ،گوتی:

– کاکە رۆژێ لانی کەم سێسەد کەس دێ و نانی دەخوا. قەیدی ناکە ئێمە دووسەدی حیساب دەکەین ، دووسەد چل تمەنی دەکا هەشت هەزار تمەن ، دەی جا زۆر باشە ، بایی ١٠٠٠ تمەن گۆشت دەکڕی و بایی ٢٠٠٠ تمەن برینج ، ١٠٠٠ تمەنیش پوولی ئاشپەز و کرێکار دەدەی ،بۆ خۆت هەر پاڵدەوە و پوولی بژێرە ، هەموو ئێواران سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆیە ٤٠٠٠ تمەن پوول بەرەوە. لەوەی ٥٠٠ تمەن پوولی ئیجارەیە و ٣٥٠٠ تمەنیش بۆ خۆت !!!، ئەگەر هێندێکی دیکەی لەسەر رۆیبا لەوانە بوو، مانگێک لە خەستەخانە بکەوم...

سەرت نەیەشێ ، سەودا سەری گرت و بۆ سبەینێ چوومە دووکان و ئەوجار دۆستەکەشم ئاشپەز و کرێکاری بۆ گرتم و قەسابێکی پێ ناساندم ، هەموو رۆژێ بایی ١٠٠٠ تمەنم گۆشت بداتێ...

دەست بە کار بووم، رۆژی وابوو ١٠ کەس– ٢٠ کەس ، جاری واش بوو دەگەیشتە ٥٠ کەس . دڵم بە گۆشتەوە نەبوو، لە هەموو کەس پترم چێشت تێدەکرد و چێشتەکەشم چەور بوو، رۆنی کەرەی خۆماڵیشم دەدا بە مشتەری.

مانگێک رابرد و من بێجگەلە کرێی دووکان ٥٠٠٠ تمەنم سەری مانگێ بۆ ماوە. ئەوجار دەمدی وردە وردە مشتەرییەکان نێو چاوانیان گرژە ،بۆخۆم لەسەر سەندەڵییەکی چەرخدار دانیشتبووم و لووتم لە حەوای بوو، مەگەر ئەوەی کاری پێم با دەنا دەعیەم نەدێنا کەس بدوێنم.

شاگردێکم هەبوو ناوی کەماڵ بوو ، کوڕێکی ساویلکەی بە گوێ .

ئێوارەیەک کە سەرم بە دیوی قاپ شوتندا کرد تەماشام کرد، ئەوەندەی بەیانی کەبابی بەڵگمان ساز کردبوو نیوەی لە خزمەت کاک کەماڵدایە ، بەڵام بە برژاوی ،بۆ وەی لەم کارەساتە حاڵی بم رووم لە

کاک کەماڵ کرد و گوتم :
ــ براله ئەوە چیە ؟ئەم هەموو کەبابەت بۆ لە لایە؟
ــ جا چووزانم.مشتەری نەیانخواردووە و منیش لێرە کۆم کردۆتەوە کە چوومەوە بۆ منداڵەکانی دەبەمەوە .
زۆرم پێ سەیر بوو، نەمدەزانی بۆ وایە، چوار رۆژ لە مانگی تازە رادەبرد بەڵام مشتەری لەباتی زیاد کا ئیشکاوی هاتبوو • بۆچی؟
بەڵێ تەمەشام کرد، خەتای کەبابی بەڵگە و هەر کە دەچێتە سەر ئاور ،دەبێ بە قایشی دەللاکان .ئاخر ئەو شەوە خەوم لێ نەکەوت ، بەیانی دیسان وەختی کار ، کاکی ئاشپەز دەستی کرد بە کەباب ساز کردن دەستم لە گۆشتەکەی دەدا ئەوەندە نەرم بوو بە کاڵی هەڵدەوەری کەوابوو ئاشپەز تاوانبار نەبوو .
نیوەڕۆ دیسان شەش حەوت مشتەری هاتن و کەبابی قایشیان مەیل فەرموو! یەکیان هەستا حەوا و گوتی:
ــ کاکە ئەو بەڵگانە جوان ساز ناکرێن ، ئەمجار لە ئاویان بگرە ، وەخت بوو شاگەشکە بم،بەیانی بایی ٨٠٠ تمەنم گۆشت لە ئاوێ گرت و دوایە هێنامان پێمانەوە کرد، تەمەشام کرد نەخێر ئەوجار هەر تامی گۆشتیشی لێ نایە، بە کورتی گۆشتی ئەو رۆژەمان بەزایە چوو، کابرای مشتەری ویستبووی تۆڵەی ئەم ٤٠ تمەنەم لێ بکاتەوە .
بەڵام خۆ نەدەکرا دەست لەسەر دەست دانێم، ئێوارە وەختی گۆشت چاک کردنێ چوومە چڵاوکەبابیەک و دیتم پۆدری لێ دەدەن ، ئیدی خەبەرم لەوەی نەبوو کە ئاشپەزەکەشم ئەو فێڵەی دیتۆتەوە •بەیانی بە دزی پۆدرم لە کەبابەکان دا . ئاشپەزیش دوای من ئەوەندەی دیکەی لێدابوو، ئەو رۆژە هەرکەس کەبابی دەخوارد نێو چاوانی گرژ دەببوو، لووتی هەڵدەقرچاند و دوو سێ جار ملچە ملچی دەکرد و هەڵدەستا حەوا .بە ناقایلی پووڵی بەجێ دەهێشت و بە بۆڵە بۆڵ وەدەردەکەوت.
ئەوەندەم چاو لە زاری مشتەرییان کردبوو، ملم خێس ببوو، بەڕاستی ئەو دەمە کەیفم سازبوو کە مشتەری بە ئیشتیا دەیخوارد، بەڵام هەرکە یەکێک وەژوور دەکەوت دەیگوت"بەڵگ"،لە پشتێند بەرە ژێرم دەمرد !
بەڵێ ئەوەش چارەی نەکرد ، چارم ناچار بوو ، پەنا بۆ کاکی قەساب بەرم و رێگا چارە لەو بخوازم، ئێوارە پاش تەواو بوونی کار لە ماڵی کاکی قەساب وەژوور کەوتم ، ئەوەی من دیتم کەس نەیبینێ .
تەمەشام کرد ، ئەوە کەڵێچەیەکی کوشتۆتەوە و کەوڵی دەکا ، هەموو شتێکم بۆ روون بۆوە،زانیم ئەو گۆشتە پشتەمازەی بە گۆشتی گوێلک بە منی دەفرۆشێ ، گۆشتی کەڵێچەیە و گۆشتی کەڵێچە و پالاخ و هێوەرەش هەتا لەسەر ئاور بمێنێتەوە چیڕتر دەبێ .
بە کورتی ئەگەرچی نیوەی مشتەرییەکانم چوون ، بەڵام توانیم چارەی ئەو کارە بدۆزمەوە .
ماوەیەکی دیکە رابرد. خەڵک وردە وردە دەهاتنەوە و منیش کە چاوم لەوە نەبوو یەکدا بە دوو ببمە قاڕوون ، دڵی مشتەریم نەدەشکاند و ئەوەی لە توانامدا بوو، دەریغم نەدەکرد ،
چوار مانگ رابرد ، لەم چوار مانگەدا نزیک بە ٢٠ هەزار تمەنم پەیدا کرد- بوو ،تازە دەهات وردە وردە خۆ بگرم کە ئەوجار دەردێکی دیکە پەیدا بوو،خودا هەڵناگرێ ، ئاشپەزەکەم کارجوان و دەستاوخۆش بوو ، بەڵام سێ چوار رۆژ بوو برینجەکەمان دەسووتا .
بنی پێوە دەنووسا،سەرەوەش بۆنی دەگرت ، دەمویست سەرەدەرێ لەو کارە بکەم بەڵام چم بۆ بەچی نەدەکرا.
← ل ٨٣

هەواری شیعر

ئەی ساکینی ریازی مەدینەی منەووەرە
لوتفێ بکە بفەرموو مەدینەی منە و وەرە
(نالی)

روو هەر لەمن ئەپۆشێ وا حاڵییە کە جبریل
هەر خاسە بۆ من و ئەو ئایەی حیجابی هێنا
(سالم)

چاهی زەقەنلە رێگەوگیسو دەلیلی دڵ
تۆ سەیری ئەم عەساکەش و ئەم کوێروچاڵەکە
(ئەدەب)

سڵاوی خوا لە دیداری محمّد
لە ئال و بەیت چوار یاری محمّد
ئەوەی فەرموویە وا یەنەک هەوایە
بەرو بووی وەحیە گوفتاری محمّد
سەراسەر عورفی ئینسان سازو شەرعە
هەموو فەرمان و کرداری محمّد
هەموو ئەستێرە وەک پێغەمبەرانن
بەبێ پرشنگ لە دیاری محمّد
محمّد بەندەیی پەروەردگارە
رەسوول اللەیە سەرداری محمّد
محمّد گەورەیی پێغەمبەرانە
سوپا سالارە سالاری محمّد
محمّد خاوەنی خولقی عەزیمە
بە قورئانی خودا دیاری محمّد
محمّد هەردەکا هاواری ئیمان
فامنّا بەد هاواری محمّد
محمّد رێنوێنی "رێبوارە"
خودایە بمخەیە بواری محمّد
محمّد رێبەری رێگەی خودایە
سڵاوی خوا لە دیداری محمّد

رێبوار

سەنەمێ ژ قەوسی ئەبروو دوو هلال نەو نوماندن
دووکەمان ل بورجێ میزان ب غەزەب لە من کشاندن

نەدونوون قەلەم مقابل ب بەدیع خەت نڤیسین
دوو هلال دەستی قودرەت بە قەرانی یەک کشاندن

ج بەراتی حوسنە یارەب بنشان پادشاهی
ب تەرەف دووتوورە توغرا وەب ماوەرێ رەشاندن

ئەلف ولام وهێ دین مەدئایە تا جەمالی
ژجەگەر مەکر تەسەللی ئوژسینە دەست فەشاندن

نەتنێ ژقشت و زولفان مەدسینە سەد کولابن
ل جگەر سیەه کە مانان دووهزار تیررەشاندن

ژ جەگەر "**مەلا**" پولنگان ب گولاب و پەنسیکەرکر
ئەسەدان ژ پەنجە وێران دل و سینە هەرەشاندن

مەلای جزیری

سەیدکامیلی ئیمامی «ئاوات»

باوەلێ

تەیری دل بێپەرو پوتەپکە شکاویکی بەسە
چاوەریی تویە کەبیی سووکە سلاویکی بەسە

مەلی زستانە جلیپیر وفەقیر پارە بووە
رووژی رووت دەرخەهەتیوتوزەهەتاویکی بەسە

پایزە فەرموو تەماشا کەلانە و خوارم
پیرە کەرویشکی لەگور کەوتەبیراویکی بەسە

ئەوهەموو زولفەبە زنجیریمەکەبومنی پیر
تەیرایوا بێپەرو بالکەوتبی داویکیبەسە

سەیدو پیروهەژارم وەرەلیم قەوماوە
بو منە ئەومەسەلە باوەلی باویکی بەسە

وابەسەر رووتی و پیخاوسیها توومە وەلات
(کامیلت) جووتە کەلاشیک و کلاویکی بەسە

پایزە
گێژە لوکە و شەرە بای پایزە
ئاشکرا دیارە سروشت لێی زیزە
رەنگ بزرکاوە هەناسەی سەردە
کزە ، ئالۆزە ، بە داخ و دەردە
بێ هەوار جۆلە لە جیغ و رەشمال
دەگەڕێن ئێستە لە جێی وان قەل و دال
پیرە زریان بە کزەی سارد و سڕی
وەک دەلێن بەرگی فەقیرانی دڕی
لە تەنیشت هەرکەسەوە رادەبرێ
وەکوو دوپشکی جزووی دادەگرێ

هێدی

کاکە حەمەی ناری

حوجەتی مولکی لەتیفی خەت وخالی روویەتی
نووری ئیسباتیلەتافەت نەفسی حەلقەی موویەتی

روومەتەیاچینییە یالەوحی مینا یا سەدەف
یا بەئاهی سەردی عاشق ئاوە خۆبەستوویەتی

پەرچەمی جەزبەی دلیکردملەبۆ شوعلەی روخی
رەهبەری ئاتەش پەرەستی توڕرەیی جادوویەتی

سەیرەخەندەی لێوەکەی بۆدل نەوازی چی دەکا
شەڕ فرۆشی گەرچی رەسمی نێرگسی بەدخوویەتی

چاوی مەستی قابیزولئەروا حەلێویوەک مەسیح
کوشتن وئیحیا بەچاو ولێوی هەرئەو بوویەتی

نەشتەری غەمزەی لەجەرگمدا وبە گریەمێکەنی
غونچە پشکووتن بەشەونم ،عادەتی پێشوویەتی


دیجلەی سەیلی سروشکم حەدد وپایانی نەما
شاهیدی بێ غایەتی لیتەو قوڕی پێلوویەتی

قامەتی ناری بەکۆلی میحنەتی واخەم بووە
تەختی پیشانی هەمیشە هەمدەمی زانوویەتی

زولفت وەلادە رووت بنوێنە بە دفعەیێ
شەو رابرێ،ئەستێرە نەمێنێ قەمەر هەلێ
بەو زولفە میروەحەت مەکە مەنعم لەشەهدی لێو
تەیرێکە دلْ زەعیفە دەترسێ لە داوەلێ
(سیف القضات)

بازاری دەهرە قیمەتی ئەشیا بە جێگەیە
مێشێ کە نیشتە رووی نیگارێ لە خالْ ئەچێ
(حەمدی)

لەسەر دەشتی مەینەت پەڕەی کزدەوە
کەوانی بەلا لۆکەکەی پەیکەرم
بەلالووکە دەرمانی دەردم ئەویش
بە پارە وەگیر ناکەوێ بیکڕم
(حاجی قادر)



بەیت بێژێکی کورد بناسین ...


عومەری رەسوولی



بارگە و بنەی سەفەرمان تێک ناوە و کاروانی وچان نەدەری خەیاڵمان بەرەو هەوارگەی دڵان وەرێ خستووە کەند و لەند و تەپۆلک و تەلان و چڕی بەرز و نزم و پەستیمان کردۆتە پێخۆری سمی کەحێلان. دەشت و پێ و دەشت و مووچە و مەزرا و مێرگ و مێرغوزاری دلگیرمان تێپەڕ کرد و بە پەنا رووباری خورێن و ئاو هەڵدێری دلڕفێندا رابردین.

لەم هەوارە دەشتەدا دووکەڵی خێوەتێکی دوورە دەست بەرەو مەودای بێسنووری ئاسمان رێچکەی بەستووە، خوارەپێچەی دووکەڵ دیمەنێکی جوان و هەست بزوێنی پێک هێنابوو کە بە تەواوی هەست و بیری بەرە و خۆی رادەکێشا دەتگوت گوڵە لاولاوی باغی بەهارە بەم بێهێزییەوە چناری خەیاڵی سەربەرزی گرتۆتە باوەش و بەژنی لە باڵای ئاڵاندووە، یا خۆ دەتگوت تەمی هەناسەی دڵی ئەویندار و بریندار شەمزینە لە دووری شەمێ ئاهی نامرادی هەڵدەکێشێ. رکێفمان لێدا و خۆمان گەیاندە قەراغ رەشماڵەکە.

لە دوورەوە بە رمبەی سمی حدوود و پڕمە و حیلەی کەحێلان پیاوێکی باڵابەرز و بەهەیبەت و بە خۆوە لە رەشماڵ هاتە دەر و بەرەو پیرمان هات، خوێن شیرین و رەزا سووک و دڵگەرم و لەسەرە خۆ دەهاتە پێش و هێدی و هێمن دەدوا، وەک هەموو کوردێکی خاوەن هەست بە نێوچاوانی بێچین و



روومەتی گەش و ســوور و دەمی بە بزە و پێکەنیــن داوای دابەزین و وچان دان و میوان بوونی لێکردین...

پاش سڵاو و چاک و خۆشی، پرسیمان بە دوای شـــۆڕە سوارێکەوە وێلین کـــە ئاوازەی هەستی بەتینـــی تین و گوڕی دیتنی پێداوین. بۆ چاوپێکەوتنی مەودایەکـی دوور و درێژمان پێوا وەکوتی:

– جا رێ وەرن پشـوویەک بدەن .

چاوەکانی چاوەڕوانـــی وەڵامی هاتنە خواری ئێمـەی لێدەباری . هیچ دڵێک توانای دڵشکاندنی ئەوی نەبـوو . دابەزین .

کابانی قۆڵچاخە لە شـان هاتە دەر و پاش بەخێرهاتنی ئێمە گورجێکی لبادی ڕاخست خانەخوێ دڵی پڕ لـــە پیاوەتی و ساکاری بـوو . قەڵشی دەستی پیشانـدەری ڕەنج و کوێرەوەری یەکانـی ژیانی بوو ، چاوی کز و لە قووڵەوە چووی بیرەوەری مەینەت و تەنگ و چەڵـەمەی سەردەمی لاوەتی لێ دەتکا . دەنگی بەسۆزی زایەڵـەی دوورەدەستی شمشاڵی شوانی دەگوێ دەسرەواند .

– ئەگەر دەکرێ ماوەیەکی تر لێرەبن ، راستـــی ، ون بووەکەتان کێیە؟

– ڕەسووڵ ناوێکە خۆتـان ئاسایی گەلێـــک دڵ دەوڵەمەندە .

ماوەیەکی کورت چـووە لەبیرەوە و ئاخێکی لـــە قووڵایی دڵەوە هەڵکێشا و گوتی :

– جا ئێوە چی و ڕەسووڵی کوڵۆل و دڵ بەگەردا و چی ؟

– بۆ دەیناسی ؟

– بەڵێ چاکی دەناسم ، چ کارێکتان پێی هەیە ؟

– چت لێ بشارینەوە ، لە قسان گەلێک حەکیم و زانایە و لە دەرمان کردنی برینی دەردەداران ئازایە ، دەچینە لای بەڵکوو دەرمانێکـمان بۆ بگرێتەوە بۆ چووکەڵە سوارێک کە کەوتووە لەبەر بێلایە .

" لەحێلێ ، لە دارچینێ - لە خەنێ ، لە تۆزی دە شەدێ ، لە ژەنگی دەگوارێ، لە ئارەقی قوڵکی گەردنێ با بیهاوێینەوە سەر برینی ئەوێ سوارێ، ئەوسـاڵ ، هەلەکەی گەلێک ناسکـە، نەوەک برینی سوارێ مە بچێتەوە پاشێ و بێنێتەوە تەشەنێ .

لەپڕ خانەخوێ پێچە ڕەشە خاڵ وردە سپییەکەی لادا و دەستێکی لەبەر پشتێنـدی ڕاکرد و گوتی :

– هەی سوار ڕەببی بەدوور بی لە دەردێ لە ئافاتێ لە بەڵایە

لە ڕمبی عەولای حەسـوێ

وەلەدی بەرازی
لە شەقەی دە ئاوزەنگییان
لە پڕمەی دە کەحێلان .....
لە ناڵە ناڵی دە کەرەنایە

نارەی دەنگی بەسۆزی تێکەڵاوی هەوای سروشت بوو. کەژ و کێو و دەشت پڕ بوو لە هاوار ، ئەشکەوت و دۆڵ و تەلان دەنگی دەداوە. گوڵان کەوتبوونە جۆللانە و خۆرانان ، مەلی ئاسمانی هونەر،لەنگەریان دەبەست و تەیران شاباڵیان بەسەردا دەکێشا .زەنگوڵ زەنگوڵ فرمێسکەکانی دەرژانە داوێنی سەوزە گیای دەمکوڵ و بیر و پاراوی بارانی رەحمەتی هەست دەبوون و بە دەنگی پڕ هەستی مەستی مەستی ئارەقی یەزدانی کردین و جامی ئەلەستی داینە دەست. بەدوای ئەودا سەیدەوانی بۆ گوتین و شایی و شینی عەبدول عەزیزە کورەی داسنی لەپێش چاومان زیندوو کردەوە و کاکۆڵی سەیدەوانی بە دەم باوە رادەژا دەتگوت ردێنی نێری بەلەبۆزە و لەسەری کوێستانان دەروانەوە دیسان گوڵە مێلاق و گەزیزە و گوڵە نەورۆزە.

میری باڵەکانی جواب دەکرد و شەمێی لە شەمزین مارە دەکرد بەشوین ئەوانە لە کاتێکدا دوو دڵۆپ فرمێسکی نەرژاوی لە چاویدا قەتیس مابوو بە گەرمی دەستمان کوشی و لاروومەتیمان ماچ کرد و پرسیمان

- راستی کاک رەسوولێش دەنگی خۆش بووە و بەیت و باو و حەیران و بەندی جوانی هەڵبەستووە ، ئێستا کە ئێوە باشی دەناسن هەتا دەچینە لای هیندێکمان بۆ باس بکە. هەروەها بۆمان بگێڕەوە لە کوێ لە دایک بووە و تەمەنی چەندە و ژیانی چۆن رادەبوێرێ

هەرای لە کابان کرد ، چایەکی دیکەشمان بۆ بێنێ و دەستێ پێ کرد .

" رەسووڵ لە گوندە خشپیلانەکەی سارەوانان سەر بە شارە خنجیلانەکەی مەهاباد لە دایک بووە ، فرچکی بە ساردەکانی سارەوانان گرتووە و هەتا تەمەنی شەش ساڵی هەوای بێگەردی ئەو هەرێمەی هەڵمژتووە و ماسی بچکۆڵەی دڵی لە رووباری تەنکی ئەو گوندە کەوتۆتە مەلە .

دوای ماوەیەک چوونەتە گوندی ئامێد ، کە لە جادەی سەردەشت - سابلاغ هەڵکەوتووە ، لەوێش را ئەو ئاواییەیان بەرەو دێی دەرمان بەجێ هێشتووە .

هەڵبەت دوای " اصلاحات ارضی " زەوی و زاری بە چەنگەوە نەماوە و بەرەو شاری پیرە سابلاغ قۆناخی کردووە و ئێستاش ماوەی پازدە ساڵە لە سابلاغ دەژی.

لە تەمەنی هەژدە ساڵی - یەوە بە هۆی مەیل و عەلاقەیەکی کە بە بەیت و باوی کوردی بوویەتی، لە لایەکی دیکەشەوە سوارچاک و جوان چاکی وڵاتی خۆی بووە و دەنگیشی ناخۆش نەبووە وردە وردە کوتوویەتی ، بەڵام لە تەمەنی هەژدە ساڵی بەم لاوە ، تووشی نەخۆشی بووە ، ماوەیەک بە دەم نەخۆشییەوە ناڵاندوویە . بە سانایی هەتوانی زام و دەرمانی دەردی وەدەس نەکەوتووە و بە شوێن دەواو دەرمان هەندەران گەڕاوە ، بەڵام بەداخەوە ژیان بە خۆشی لەگەڵی نەڕەخسا .لە تەمەنی بیست وپێنج ساڵییەوە هەمیسان دەستی کردۆتەوە بە بەیت و حەیران گوتن و بەند هەڵبەستن و هۆندنەوەیان .


درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی :

- هەروەها ناوبراو بەیت و بەندی وەک سەیدەوان ، محەممەد حەنیفە،لەشکری ، سوارۆ، ئازیزە ، ئایشە گوڵ، گوڵێ گوڵێ ، سام سام ، سەحەرە، شەم و شەمزینی کوتووە. ئەڵبەت ئەوانەش لە سەید عەولای بورهانی فێر بووە. لە سینەی ئەوی وەرگرتووە و لە مێشکی دڵدا تۆماری کردوون و سەید عەولاش لە خرناڵ و هەڵکەنی فێر بووە .

– خرناڵ و هەڵکەتی کێ بوون ؟

– خرناڵ و هەڵکەتی وەک بزانم دوو بەیت بێژی بە ناوبانگی بەر لە ئێمە بوون، دیسان جودا لە وانەش رەسووڵ دەنگی وسێن شەشە، هەبا سەخرە، عەلی سۆفی برایمیشی پێخۆش بووە و باسی حەمە جان و حەمەی بەیتان و ئەوانەش دەکا ، ئەوانەش لەو جۆرە کەسانەن کە بەیت و لاوکان دەڵێنەوە .

مەبەستێکی راستەوخۆ و رووداوێکی قەوماو و کارەساتێکی مێژوویی و یا



جۆراوجۆری سەردەمی ئەو چەشنە رووداوانە لە حاند ئەوان چاویان قووچاندووە . یا خود تۆمار نەکراوە و راستەوخۆ دیاردەی ناکرێتە سەر دەق و نێوەرۆکی راستەقینەکانی کارەسات بەڵکوو هەروا بەیت وێژان سینە بە سینە و زار بە زار وەریان گرتووە و گوێستوویانەتەوە هەتا ئەمڕۆ بەو چەشنە پارێزراون کە دەیانبینین .

گۆرانی شتێکە کە باسی ئەویندارى و جوانی و جەماڵ و پێ هەڵاگوتنێکی گشتی و هەموو لایەنە دەکا ، رەش بەڵەکی پێ دەگەرێ و کۆڕی لاوان گەرم دەکا ، هەر وەها بە گوێرەی زەمان و ئاڵ و گۆڕی رۆژگار، پێشکەوتی مۆسیقا و ساز و تار و چەنگ و روباب ، ئاڵ و گۆڕی بەسەردا دێ. بەڵام بەیت و باو مەبەستێکی راستەوخۆ و رووداوێکی قەوماو و کارەساتێکی مێژوویی و یا خۆ لێقەومان و زوڵم و زۆری بە شێوەیەکی تۆزێک نهێنی و لەژێر پەردەدا دەکا .

– باشە پێتان وایە کاک رەسووڵ چ جیاوازیەک لە نێوان بەیت و حەیران و گۆرانی و لاوژە بەدی دەکا ؟

– بە بڕوای ناوبراو – گۆرانی شتێکە کە باسی ئەویندارى و جوانی و جەماڵ و پێ هەڵاکوتنێکی گشتی و هەموو لایەنە دەکا و رەش بەڵەکی پێدەگەرێ و کۆڕی لاوان گەرم دەکا .

هەروەها بە گوێرەی زەمان و ئاڵ و گۆڕی رۆژگار پێشکەوتی مووسیقا و ساز و تار و چەنگ و روباب ئاڵ و گۆڕی بەسەردادێ و داهاتووە بەڵام بەیت و باو باسی خۆلێقەومان و زوڵم و زۆری بە شێوەیەکی تۆزێک نەهێنی و لەژێر پەردەدا دەکا .

٧ بۆوێنە قەڵای دمدم ، یا باسی ئەوینێکی بڵێسەدار و گەشەداری ئاسمانی ئەویندارى بەناوبانگ و ئەفسانە ئاسا وەک لاس و خەزاڵ و مەم و زین و شەم و شەمزین یا بەسەرهاتەکانی دیکە وەک برایم و مەحمەڵی دەشتیان ، سەعید بەگ و میر سێوە دین و سوارۆ و باقیتر ....کە هەر یەکەی بە نۆبەی خۆی جێی باس و راوێژی جودای هەیە .

-نووسەران بە پێی بەڵگەی

بۆ جارێکی تر سپاسمان لێکرد و ئیزنی رۆیشتنمان لێ خواست ، چونکە جار .دەگەڵ جار تینووی دیتنی کاک رەسووڵی دەکردین، هەرچەند پێمان خۆشبوو کە زۆرتر لەلای بین . چونکە بەراستی ئەویش بۆ خۆی مامۆستایەک بوو .

گوتی :

– جا ئێوە بە خودا دەسپێرم ، هیچ حەوجێ بە دیتنی رەسووڵی نیە چونکوو رەسووڵی مینایی بۆ خۆمم.

دیسانیش سوپاسمان لێکرد و بە هیوای دیتنەوە و چاوپێکەوتنەوەی



ئەحمەدی شەریفی

بەرگوتێک لەخەرمانی گۆرانی کوردی

(بەشی دووەم)

ئوستانی کوردستانی ئێران نزیکەی ۲۵ هەزار کیلۆمیتری چوار گۆشەیە ،لە رۆژئاواوە لە زنجیرە چیاو لێرەوارەکانی بەینی بانە و سەردەشتەوە هەتا زنجیرە چیای شاهۆ و بەرزاییەکانی هەورامان دەگرێ و لەگەڵ کوردستانی ئەو دیو هاوسنوورە و لە شیمالەوە لە لێژەکانی بانە و چیای وەنەوشەوە بەرەو ناوچەی فەیزوڵڵا بەگی و بۆکان دەکشێ و تێکەڵاوی خاکی موکریان و ئوستانی ئازەربایجان دەبێتەوە. لە جنووبەوە زنجیرە چیاو بەرزاییەکانی هەورامان و جوانرۆ و شاهۆ بەجێ دێڵێ و بە پشت چیای (پەرۆ) تێکەڵ خاکی باختەران دەبێتەوە لە رۆژهەڵاتەوە واتە لە داشبلاغ و قوروەوە هەتا سوورە بەردی بیجاڕ گەرووس هاوسنوورە لەگەڵ ئوستانی هەمەدان و زەنجان .

ناوەندی ئوستانی کوردستان شاری سنەیە ، ئەم شارە لە ساڵی ۱۰۶۴ ی کۆچی مانگی لە لایەن سولەیمان خانی ئەردەڵانەوە لە دەورانی سەفەوییەدا ئاوەدان کراوەتەوە وشەی "سنە دژ" بە مانای قەڵای کۆن یا قەڵای خۆرە. قەڵای سنە رەنگە یەکێک لە کۆنترین قەڵاو ناوەندەکانی شارستانیەت بووبێ و ئێستاش کەم و زۆر شوێنەواری هەرماوە .

بەڵام لە باری زمان و دوان و زاراوەوە دەبێ ئەم هەرێمە بە (۷) کەرت بەش بکەین :

(۱) زاراوەی گۆرانی:

ئەم شێوەیە لە دزڵی مەریوانەوە هەتا بناری زنجیرە چیای شاهۆ دەگرێتەوە ، واتە باریکەیەکی تەسکە بەرە و زوربەی خەڵکی ئەم ناوچە تەسکە ، هەورامین و بە شێوەی گۆرانی قسە دەکەن ، هەتا نزیکەی (۱۰۰) ساڵێک لەمەوبەر نفووز و دەسەڵاتی زاراوەی گۆرانی لە ناوچەی سنەدا زۆر بەربڵاو بوو و تەنانەت زمانی ئەدەبی هەموو خەڵکی مەریوان ـ سنە ـ کامیاران ـ بیجاڕ و ناوچەی تەختی ـ سولەیمان و دیواندەرە بووە ، بەڵام بە هۆی گەشانەوەی شێوەی سۆرانی و یەکگرتوویی زمانی کوردی ئەمڕۆمان ، زاراوەی گۆرانی پاشەکشەی کردووە و خۆی دە بناری چیای شاهۆ و داڵاهۆ کوتاوە . زوربەی هەرە زۆری شوێنەواری ئەدەبی وەک شیعرەکانی ئەحمەد بەگی کۆماسی بێسارانی و مەردووخی کوردستانی و کتێبەکەی دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی بە ناوی"مزگانی " هەر بە زاراوەی گۆرانین. با ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە تەواوی شوێنەواری دینی و مەزهەبی و ئەدەبی ،ئەهلی هەق ـ کاکایی و یارسان هەر بە شێوەی گۆرانین . شێوەی گۆرانیش کە ئێستا

له تەسکە بەرێکی ناوچەی سنەدا ماوەتەوە لە حاڵی گۆڕاندایە و بەرەو زمانی یەکگرتووی کوردی دەڕوا ، ئیتر خەڵکی گوندی بێساران وەک مەلای بیسارانی گۆرانی کۆن و بە بۆن نازانن و قسەی پێ ناکەن . جا هەر ئەم گۆڕانە کە بە هۆی بار و دۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی مەڵبەندەکەوە پێک هاتووە کاری کردۆتە سەرباری گۆرانی کوردیش . گۆرانی‌یەکانی ئەم ناوچە تەسکە ئەگەر چی زۆریان دەگەڕێنەوە سەر شێوەی هەورامان بەلام بۆن و رەنگ و ریتم و ئاهەنگی کوردی یەکگرتوویان زۆرتر پێوە دیارە ، لە ناوچەی ژاوەرۆ و دزلی ـ بێساران و کەلاتەرزان و چەمی شامیان و هەجیجدا سەرەڕای ئەوەی کە سیاچەمانە و کنالەیل و (حاجی مەریەم) و (غەریب مەڕۆ) و (کەومل)و (شیرین دا مەچۆ) یان پێ خۆشە و لایان باوە بەلام زۆرتر و بە تایبەتی بەرەی نوێیان حەز لە گۆرانی نوێی کوردی یەکگرتوو دەکەن.

لەم هەرێمە و لە هەورامان دا گۆرانی هەرە باو و بە ناو بانگ سیاچەمانەیە بە سێ ئاهەنگی‌یەوە .

سیاچەمانە رووداوێکی ناخۆش و کارەساتێکی دڵتەزێنە کە لە دەورانی سەفەوی یە دا رووی داوە " کاتێ سەبارەت بە گۆرانی هەورامان دوام بە وردی لەسەر سیاچەمانە و خاتوو کلاو زەڕ قارەمانی ئەم رووداوە قسە دەکەم "

لەم هەرێمە دا هەم وشەی بەزم و هەم وشەی گۆرانی بە کار دێنن و بە هەر دوو زاراوەی سۆرانی و هەورامی قسە دەکەن و گۆرانی دەڵێن .

(٢) ـ شێوەی ئاخاوتنی سەر بە کوردی کرماشانی :

قەڵەسرەوی ئەم بن‌لەهجەیە لە ئوستانی کوردستاندا زۆر تەسکەبەرە و لە ناوچەی بیلوار لە قەلای قەیسیوەندەوە لە پشت زنجیرە چیای (پەڕۆ) کە لە راستی دا کلکەی چیای شاهۆیە بە رووکاری کامیارانەوە دەست پێ دەکا و هەتا داوێنی بەرزایی‌یەکانی چیای ئەلوەند لە نزیک ئەسەد ئابادی هەمەدان دەگرێتەوە ، ئەم بن لەهجەیە ئێستا لەبەرەوە خەریکە بەرەو سنەیی دەچێ و دێ کە خۆی بکوتێتە پاڵ زمانی یەکگرتووی کوردیەوە .

دەتوانین گۆرانی‌یەکانی ئەم بن لەهجەیە بە رابیتێک لە بەینی شێوەگەلی سنەیی و کرماشانی دانێین و خەڵکی ئەم ناوچەیە هەر وەک هۆزەی جافی‌یان پێ خۆشە بە تامەزرۆیی‌شەوە گوێ دەدەنە گۆرانی‌یەکانی سنە و کرماشان . بەلام زوربەی گۆرانی بێژان و بەزم چڕانی مەڵبەندە بەرتەسکەی کە من دیومن بە شێوەی سنەیی بە بن لەهجەکەی خۆیان گۆرانی‌یان گوتووە .

با لێرە دا ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە لەم هەرێمەدا وەی گێڕان و شین گێڕان بۆ مردوو لە لایەن ژنانەوە زۆر باوە و ژنی وەی گێڕ و شین گێڕی زۆر بەناوبانگ لەم مەڵبەندە دا دەژین . وەیگێڕان و شین گێڕان خوسوسیاتێکی تایبەتی هەیە و بەم چەشنەی کە من لێرە دیومە دەبێ باو و رەسمێکی زۆر کۆنی کوردان بێ کە وا لەم ناوچەیەدا ماوەتەوە .

(٣) ـ زاراوەی سنەیی و شێوەی گۆرانی کوتن :

من زاراوەی سنەیی بە شێوە یا لەهجەیەکی تایبەتی نازانم و پێم وایە ئەم شێوەیە جگە لە هێندێک وشە و " زاراوەی " تایبەتی ناوچەی ئەردەلان لە ئەسڵدا هەر سۆرانی‌یە و کەمێک گۆڕانی بە سەر داهاتووە ، ئێستا شێوەی ئاخاوتنی سنەیی بۆتە زمانی شارەکانی قوروە ـ دێ گولان ـ بیجاڕ ـ کامیاران و تا رادەیەک دیواندەرە . لە بارەی گۆرانی گوتنەوە دەبێ بڵێین کە زوربەی هەرە زۆری ئەم گۆرانی بێژانەی کە وا شوێنەواریان لێ بەجێ ماوە یا هەیانە تێکڕا هەر

بە شێوەی ئەدەبی و یەکگرتووی کوردی،گۆرانی یان گوتووە . تەنانەت گۆرانی بێژێکی بە ناو بانگ و هەڵکەوتەی وەک سەید عەلی ئەسغەری کوردستانیش هەر بەم شێوە گشتی‌یەی گۆرانی گوتووە .

(٤) شێوەی سەر بە ئاخاوتنی هەوشار :

ئەم لەهجەش لە قەشلاغی پشتی سەڵەوات ئاواوە بەرەو بیجاڕ و گەڕووس و لە چیای مامۆخەوە بەرەو حوسێن ئاوا و بەرزایی‌یەکانی باینچۆ دەست پێ دەکا و لە بیجاڕەوە هەتا نزیک زەنجان دەچێ و لەوێوە بادەداتەوە بەرە خاکی هەوشار و تەختی سولەیمان و هۆبەتوو هەتا چاپان دەگرێ، و لە باینچۆوە بەرزایی‌یەکانی رووکاری دیواندەرە و کۆماسی دەتەنێ و لە سوونەتەوە بەرەو چاپان دێتەوە.شێوەی دوانی(دانیشتوانی ئەم ناوچەیە زۆر لێک نزیکە) ئەو شێوە دوانەش زۆر لە موکریانی نزیکە و دێ بە تەواوی خۆی بە دەستەوە دەدا و رواڵەتی " موکریانی " بە تەواوی بەسەردادێ ، لە بارەی گۆرانی گوتنەوە دەچنەوە سەر شێوەی موکریان و لەم هەرێمەدا بە تایبەت لە ناوچەی هۆبەتوو دا دیاردەی بە یتی کوردی بەدی دەکرێ و رەنگە رۆژگار و زەمانێک زۆر بە یتی کوردی لەم هەرێمەدا بووبێ کە ئێستا ناوی هێندێکیان لە بیر ماون ، وەک بە یتی وسێن چاپانی کە ئاوا دەست پێ دەکا :

میرزام رەنجبەر، میرزام رەنجبەر
دارێکمان نیاوەبە خوێنی جگەر .....

(٥) زاراوەی سەقز

مەڵبەند و هەرێمی دەسەڵاتی ئەم زاراوەیە زۆر تەسکە بەرە ،لە چاپانەوە بەرەو ناوچەی ئەحمەدی کۆر لەو لاوە هەتا سەر شێوی سەقزە و خسوسیاتێکی تایبەتی لەم بن لەهجەدا نیە و دەتوانین زاراوەی سەقزی بەپردێک لە نیوان سنەیی و موکریانی دابنێین ولە باری گۆرانی گوتنەوە تەواو تەسلیمی موکریان بووە و بەرەو زمانی یەکگرتووی کوردی دەڕواتە پێشەوە .

(٦) ـ ئاخاوتنی بانە :

شێوە دوانەکەی بانە لە ئالانی سەردەشتەوە بەسەر سنووری دوولای کوردستاندا هەتا زنجیرە چیای چل چەشمە نزیک مەریوان ، هەروا لە لێرەوارەکانی ئالان بەرەو ناوچەی گەورکی سەقز بە داوێنی چیای وەنەوشەدا تێکەڵ بە خاکی بۆکان دەبێتەوە .لەم مەڵبەندەدا جگە لە هێندێک زاراوەی تایبەتی ، شێوەی دوان هەر بە تەواوی موکری یا باشتر بڵێم شێوەی یەکگرتووی کوردی یە و لەباری گۆرانی گووتنەوە گۆرانی ئەم ناوچەیە و گۆرانی زمانی یەکگرتووی کوردی جیاوازی یەکی زۆریان نیە .

(٧) ئاخاوتنی مەریوان:

ناوچەی دەسەڵاتی ئاخاوتنی مەریوانی لە زنجیرە چیای چل کانی هەتا دەربەندی دزڵی و لەسەر زێی زرێوار و باشماغ و بایەوەوە هەتا کەلی گاڕان لەسەر رێگای مەریوان-سنەیە . لە تەواوی ئەم هەرێمەدا دوان و ئاخاوتن و گۆرانی گوتن هەر دەگەڕێنەوە سەر شێوەی یەکگرتوو

ئەترسم بمرم ژێر قەبرم غاربێ
ئیزراییل لە دەس ناڵەم بێزاربێ

ئەنگوستیلەکەت نقیم گەردە روو
نە من ژن دێنم نە تۆ بکە شوو

ئەڵێن لە بانە شەدە هەرزانە
شەدە قابیلی بالا بەرزانە

ئەو بالا بەرزە ، لێو بە خاڵەوە
زوڵفی دا بە دەم بای شەماڵەوە

ئەمشۆ چەن شەوە تالار بێ نازە
نە کزەی کەواو نە دەنگی سازە

ئەگریجە وێنە شۆمار زولمانی
گەردەن سەر ئاوێز تەختە پیشانی

ئەبرۆ چون کەمان چێو گەل چەمیدە
چ خاس هاوەردەن لەداری دیدە

پیتی "ب"
بۆچ ئەمکوژی بەعیشووەی چاوی بازت
بەینێکە من بوومە مەحرەمی رازت

بۆچ ئەمکوژی بەعیشوەی چاوەکانت
شێتی کردوم پەرچەمی پەرێشانت

بەختێ لە ئەزەڵ سیا چارەبێ
دەستی لێ مەدەن با ئاوارەبێ

بە وێنەی ئاهووبیرە بیرە خۆم
هەر شەو لەلایێ مەنزڵ گیرە خۆم

بانەت بۆ گەڕام تادار و بێ دار
دەنێرم بۆت بێ گۆی زەنجیرەدار

بیکە بە خاتر دایکە پیرەکەت
بێ دەرم بێنە لە زنجیرەکەت

بابچینە سەر وەیس بۆ تۆبە کاری
تۆبە لە گشت شتێ نەک لەدڵداری

بە کۆسەی هەجیج وە شاخانەوە
داختها وە بان گشت داخانەوە

پیتی "ت"
تاکەی دانیشم لە سای داری بی
تاکەی بچێژم دەردی غەریبی

تۆخوا تۆ مەڕۆ فرمانم پێتە
هەرچی تۆئێژی سەرم لە رێتە

پیتی "چ"
چاوم چاوەڕێی ئەو دەرک و بانە
کەی لە ماڵ دەرچێ پەرچەم رێحانە

چاوم چاوەڕێی کلکەی ئاوایی
داخۆ کەی بێتەو یارم لە شایی

چارەکە چەرمگ بەریەقەکەتان
وادەی من و تۆ حەوشەکەی خۆتان

چەن شاران گەڕام ، چەن خاکە ساری
بووم بە شوانکەی حەق نادیاری

پیتی "د"
دیسان بارانە نمنم دایداوە
ئەگریجەی لە سەر گۆنای دەخولاوە

داخێ لە دڵمە ، لەیل سیا پۆشە
شایی و زەماوەند بێ ئەو ناخۆشە

دەمەگری مەگری بۆ لووتەوانە
ناردووەمە بۆت بێ لە شاری بانە

دەروونم کەیلە ، دە با لەیل بێ
هەر خەتای خۆمە ماڵم کاول بێ

پیتی "ر"
دەردم ئاوێتەی دەردی فەرهادە
منیش وەک فەرهاد رەنجم بەبادە

راهزەنی قاتڵ رای راویان مەچۆ
ئەی هاوار هەی داد ئەی فریاد مەچۆ

پیتی "س"

سەوزەڵێ و سەوزە ، مەڕۆ لە دواتم
هێشتا نەمدیوی عاشقی بالاتم

پیتی "ش"
شیرینە سەوزە ، دانەی هەناری
کیژە جوانەکەی نێو کوردەواری

شەرت بێ لەداخت تەرکی دنیاکەم
کەشکۆڵ هەڵگرم ، ئەستا پەیاکەم

شەرت بێ گوڵی کەس نەکەم بەبۆوە
تاگوڵم بۆدێ لە خزمەت تۆوە

شەرتی دڵداری خەیلێ کەس کەردەن
هیچ کەس وێنەی من بۆ تۆ نەمەردەن

پیتی "ک"
کێوی ئاربابا شارەکەی بانە
جوانێ مەڕۆ دڵ بۆتۆحەیرانە

کانێکەی بەرماڵ حەوناش کار ئەکا
قورعانێ بێنە ئەو کچە بار ئەکا

کوێستانان خاڵ خاڵ بەفری ناچێتۆ
قیبلەم تۆراوە ئاشتی نابێتۆ

پیتی "گ"
گەردن مراوی کەنیل وەک بلوور
خۆ من حاکم نیم راتکێشم وەزوور

گەردەن سوراحی شاخی زەڕ مەچۆ
سەر سەوزو بۆرچین پڕشەتاو مەچۆ

گوڵی زەردو سووری سڵەمان بەگی بانە
بەوێنەت نیە لەو رووی جیهانە

پیتی "ق"
قەورم بۆ کەنن یەک کێلم بەسە
گشت شینم بۆ بکەن مەیژن بێ کەسە

پیتی "ل"
لە کۆت و زەنجیر دەو لەت ناترسم
بۆ مەلوولێکەت ئەحواڵ ئەپرسم

پیتی "م"
مەڕوانە رەنگم ، رەنگم هەرواسە
بڕوانە دڵم ئێژی پەلاسە

پیتی "و"
وەبەرزی بالات گوڵم کردوە کۆ
جەشنم لێ شێویا لە دوور بالای تۆ

وەقوربانت بم دەم نوقڵە کوردی
رەحمەت وە و دایکەی پەروەردەی کردی

پیتی "ه"
هەی داد هەی بێداد دەردم تاوتاوە
ساتێکم لەرزە ساتێکم پاوە

هەسارەی ئاسمان گشت جەم و جوورە
هەسارەکەی من کەم شەوق و نوورە

هەڵکێشە خەنجەر بیدە لە جەرگم
ئەوسا بخوێنە یاسینی مەرگم

هەی داد، هەی بێداد مەگەرمن گەورم
لە دەرگای خۆتان هەڵقەنن قەورم

هەڵسە بێرە لام لەجێی گش کەسم
تۆی هێزی ئەژنۆم، دار عەسای دەسم

ئێمە و خوێنەر

بە بڵاوبوونەوەی دوو ژمارە لە گۆواری ئەدەبی ـ فەرهەنگی سروە زانا و ئەدیبەکان،شاعیرە لاوەکان، ئەدەبدۆستەکان،ئەوی دەستی قەڵەم دەگرێ،ئەوی چاوی سۆمای خوێندنەوەی هەیە، بە کورتی هەموو ئەوانەی لە خزمەتی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیدان ،یا ئەوانەی بە ئاواتی گەشەکردن و پەرەگرتنی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردین پێشوازی ـ یەکی گەرم و گوڕیان لێکرد و بە ناردنی شیعر و پەخشان و نامەی جوان و شیرین هەستی خۆیان بەرانبەر بە سروە دەربڕی .

لە سروەی ژمارە دوو دا بەشێک لەو پێشوازییانەمان بڵاو کردەوە.بەو نیازە بووین لەم ژمارەشدا لاپەڕێک بۆ ئەو شیعر و نووسراوانە دابنێین کە بەم بۆنەوە ناردراون. بەڵام بەڕاستی توانای ئەو کارەمان نیە.ئەگەر بمانەوێ تەنیا بەشێک لە هەر شیعر و نامەیەکی ئەدیبانەی خوێنەرە دڵسۆزەکانمان بڵاو بکەینەوە خۆی نیازی بە گۆوارێکی جیاواز هەیە .

کەوابێ لێرەدا تەنیا ناوی ئەم خۆشەویستانە بڵاو دەکەینەوە.خودا دەست بە عومریانەوە بگرێ،لە ڕێگای خزمەت بە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیدا سەرکەوـ تنیان بەئاوات دەخوازین.

سەقز : ماموستا مەجلالی شافیعی ،ماموستا مەلا مەحموودی ابن الخیاط ،کاک حامیدی شافیعی ، کاک سەید ئاغا مەحەبەت ، کاک خالیدی سالح نیژاد ، کاک ئاسۆمرادی ، کاک محەممەد حوسێنی غەففاری .

و سنە : میرزای هەورامی کاک محەممەدی ئاسنگەر ، کاک سیروان هەورامی ،کاک ش.ع.

بۆکان : کاک ئیرەجی ناهید ، کاک مستە فائیلخانی زادە .

نەغەدە :کاک دیاری مەحموود غەفووری .**مەحموودـ ئاوای بۆکان** :ماموستا غەمبار ماژگەیی . **سەردەشت:** کاک سمایلی محەممەدیان .

مەهاباد :کاک رەزا خەمبار

شنۆ : کاک عبداللەشارویرانی

پیرانشار :کاک قادرپیرمرد

گوندی سلۆکی مەهاباد :کاک عەزیزی ئازاد .**دزلی** :کاک رەئووفی مەحموود پوور.

ناوچەی جوانڕۆ :کاک عارفی فەتتاحی .**گوندی جەڕانی پیرانشار** :ماموستا مەلا عومەری چەختی .**ئیسلامئابادی ئالان (بێژوێ)** :کاک محەممەدی شەریعەتپەنا .**گوندی قەرەگوێزی بۆکان** :کاک ر . سووتاو .**گوندی بێمزورتێی شنۆ** :کاک سەید محەممەد ئەمینی واژی .**تەورێز** :خوشکە فەریبا نەوجەوانی .**سمنان** : کاک ئەمین . **ئەهواز** :کاک عومەری کوردستانی و هاوڕێیانی . **جەبهەی ئەندیمشک:** کاک سەید مستەفا شێخ زادە .

جەبهەی سۆمار :کاک محەممەدی پیر وەیسی. **تاران** :کاک محەممەدی قەهوەیی .**رەشت** : کاک حسام الدینی نەهری .

ئەهواز :کاک برایمی سەعیدی .**کەرەج** :کاک قەهرەمانی ولاشی . **لەندەن** : کاک دیاری هەورامانی . ،

ستۆکهۆڵم :کاک ف . چالاک

برلەنی رۆژئاوا :کاک ئارام مەهاباد : **کاک عبدالقادری کەریمی**

ئەگەر لەباتی وەرگێڕان چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیمان بۆ بنێری پێمان وایە پتر خزمەت دەکەی وئەمکارەشت باشتر بۆ دەکرێ .

سەردەشت : کاک خالید سەبباغی

نامە و وێنە جوانەکانت گەیشت سپاستان دەکەین

میاندواو : کاک ناسری سالمی

لەسەر تکای ئێوە و زۆر خوێنەری دیکە ، ئێمەیش ئاواتە خوازین بتوانین سروە بکەینە گۆوارێکی مانگانە . دیارە ئەوکارە نیازی بە ئیمکاناتێکی پتر هەیە .

مەهاباد : کاک ج.م. ، شەمزاو

تکایە بۆمان بنووسە قەرار بووە نووسراوەکێ چاپ بکرێ و نەکراوە ؟

پیرانشار :کاک عەلی نەبی‌پوور

بە وتەی نووسەر بووکە بارانە پێش لەهاتنی ئیسلام لەنێو کورددا باو بووە و لە دوای ئیسلام کە بە گوناە دانراوە ونوێژەبارانە جێگای گرتۆتەوە .ئەمەش کارێکی بە عەرەب بوون یا کورد نەبوونی پێغەمبەری ئیسلام (دخ) نەداوە .

ئیسفەهان:کاک رەحمانی هاجەرپوور

باشترین رێگا بۆ فێر بوونی زمان و ئەدەبیاتی کوردی خوێندنەوەی کتێب و گۆوار و رۆژنامە بە زمانی کوردییە .هیوادارین گۆواری سروەش بتوانێ لەم رێبازەدا یارمەتیتان بدا .

سنە : خوشکە ئەختەری عەلەوی

زمانی سروە لە ئاست ئەو هەموو رێز وسپاسە لاڵە . هیوادارین بتوانین بەو جۆرەی شیاوە لەخزمەت فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیدا بین . ئێوە بە هاورێیەکی باشی گۆوارەکەمان ، دەزانین .بە هیواین دەنگی سروە بە ژنانی کورد بگەیەنی .

ستۆکهۆڵمی سوئێد :کاک چالاک

هیوا دارین سروەبتوانێ وەلامدەری هەموو ئاواتە پیروزەکانت بێ بەڵێ جگە لە گۆواری سروەکتێبی بەنرخیش بلاو دەکەینەوە .

ناوی ئەم کتێبانە لە گۆوارەکەدا راگەیەندراوە و لەمەودواش رادەگەیەندرێ بە نووسینەکەتدا دیارە خاوەن قەڵەمی . تکایە لەم بارە شەوە زیاتر ، یارمەتیمان بدە .

سەقز :کاک ئەحمەدی شوکری

چاوەڕوانی گەیشتنی بەرهەمی دیکەی ئێوەین ، بەتایبەتی پەندە کوردییەکان .

پیرانشار :کاک صلاحالدینی فەتتاحی

تکایە نوسخەیەک لە نووسراوەکانتمان بۆ بنێرە ، تا نەزەری خۆمانی لەسەر دەبڕین .

بانە : کاک عطاءاللە قازی زادە

لە شیعری مامۆستا حەقیقی دا ، "عیسیان بەوێ و فووری" هەروەک ، نووسراوە دروستە .یانی "عیسیان ئەوەندە زۆربووە " بەلام رەخنەی ئێوە لەوشەی موتاع بەجێ یە و موتیع دروستە هەڵە لە چاپدا یە ، بەداخەوە دیوانی تەواوی حاجی قادرمان لە لانیە تاکوو شیعری ئەو عارفە پایە بەرز لەنەعتی حەزرەتی موحەممەددا بلاوبکرێینەوە .

کەرج :کاک موحسینی سەدیقی

هیوا دارین لە کۆکردنەوەی شیعرە چاپ نەکراوەکانی مصباح الدیوانی ئەدەبدا سەرکەوتووبی .

لەو پارچە شیعرەیدا کە بۆت ناردبووین شیعری ، دووەم و چوارەمی بۆ ئێمە ساغ نەکراوە ،بۆیە چاپمان نەکرد .ئەگەر دەکرێ ساغ کراوەی ئەو غەزەلەیا هەر شیعرێکی ئەدەبمان بۆبنێرە سپاست دەکەین .

گوندی قازلێلی بۆکان: کاک سەلامی سوارە

هیوا دارین لەهونەری وێنەگەریدا سەرکەوتووبی ئەگەر لەبەر هەمەکانی خۆت ئێمەش بێبەش نەکەی سپاست دەکەین .

میاندواو :کاک ناسری مەعرووفی

لە سەر داوای ئێوەو زۆر خوێنەری دیکە بریارمان ، داوە فەرهەنگۆکی ٤ژمارەی سروە وەک پاشکۆی چوارەمین ژمارەی سروە لە چاپ بدەین چاوەڕوانی ئەم فەرهەنگۆکە بن کە خوا یاربێ لەگەڵ سروەی ژمارە ٤ بلاودەکرێتەوە . لێرەدا داوا لەئێوە و هەموو خوێنەرانی سروە دەکەین کە ئەو وشانەی بەلایانەوە نامۆیە دەربێنن و بۆمانی بنێرن تا لەم رێگاوە هاوکاریمان کردبێن

باختەران : کاک ی. محەممەدی

خوێنەری سروە لە هەر شارێک بێ دەتوانێ پوولی ئابوونمانی گۆوارەکە بدا بەوژمارە حیسابەی کە لە پشتەوەی فورمی ئابوونمانەدا چاپکراوە پێویست ناکا خۆی بێتە ورمێ حیسابی ئێمە لەبانکی سپەدایە بەلام دەتوانن پوولی ئابوونمان بە هەربانکێکی دیکەشدا بنێرن .

سەقز:کاک محەممەدی سەدیقی

برای بەرێز هەموو هەست بەم دەردە دەکەین هیوادارین تۆ دەرمانتپێ شک بێ،ئەگەر بۆمان بلوێ مقالەکەت لە ژمارەکانی داهاتوودا چاپ دەکەین.چاوەڕوانی گەیشتنی نوسخەیەک لە کتێبەکەتین.

بۆکان :خوشکە ماریە رەحمانی

وێرای سپاس ئامادەی وەرگرتنی نووسراوەکانتین .

• **تەوریز :کاک فەرهادی ئێرانی**

لەسروەدا لاپەڕەی تایبەت بە لێکدانەوەی کارەساتە مێژوویی یەکانی کوردستانمان هەیە و هیوا دارین بە یارمەتی ئێوە و خوێنەرانی دڵسۆزی دیکە لە ژمارەکانی داهاتوودا هەموو ئەو رووداوانە بخەینە بەر باس چاوەڕوانیگەیشتنی کورتە چیرۆکەکەتانین .

رەخنەی ئێوە لەسەر رێنووسیش کاتی خۆی بلاودەکرێتەوە

مەریوان :کاک جەلیلی ئازادیخواز

وێنەکەت گەیشت .سپاست دەکەین . ئێمە نەک هەر هەوڵ نادەین بە لەهجەی ناوچەیەکی دیاریکراو ، بنووسین ، بەڵکوو تێدەکۆشین هەموو نووسراوەکان بێنینەسەر زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی .

لە سەر بەکارهێنانی پیتی "ص" لەوشەی "طلاح ، الدین "دا جارێکی تر باسی رێنووس لەسروەی ژمارەیەکدا بخوێنەوە

بەلای ئێمەوە بەکار هێنانی وشەی بێگانە بۆ ئەوشتانەی لەکوردیدا ، هاوتایان نیە لە وشە داتاشین باشترە .

مەهاباد :عەزیزی محەممەدیان

ئێمەش لەسەر بڕوای ئێوەین.سەرنجێکی ئەم بەشەی گۆوارەکەمان (ئێمە و خوێنەر) پێمان دەسەلمێنی کە بۆ وەلام دانەوەی هەستی دلسۆزی ئەو هەموو خوێنەرە بەرێز و خۆشەویستانەمان دەبێ گۆواری "سروە"بکەین بە مانگانە .هیوادارین زۆری پێ نەچێ ئەم ئاواتەمان بێتە دی . انشاالله

سنە :کاک سیاوەشی ئەردەلان

وێرای سپاس ،هیوادارین کە ئێوەیش وەک خوێندکارێکی رشتەی کشت و کاڵ ،بە هاوکاری دۆستان وماموستایانی خۆتان لەسەر ئاژەڵداری و کشت وکاڵ و بابەتەکانی دیکەشتمان بۆ بنووسن و بەشێک لەم ئەرکە گرانە وەئەستۆ بگرن .

نەغەدە :کاک یووسفی رەسوولی

بۆ فێر بوونی لەهجەی هەورامی دەبێ ماوەیەک لەو ناوچەیە بمێنیەوە،دیوانی مەولەوی و شاعیرانی دیکەی هەورامان بخوێنیەوە ، یارمەتیتان دەدا . دەرگای ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و باوەشی ماموستا هێمن بۆ هەموو کوردێکی ئەدەبدۆست ئاوەلایە .

سمنا ن :**کاک بەختیار عبدالله بەرزنجی**

سروەش پێشوازی لە هاوکاری ئێوە دەکا .سپاست دەکەین .

سمنا ن **کاک ئەمین**

لە هەستی خاوێنت بەرانبەر بە گۆوارەکەتان سپاس دەکەین . ئێوە بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن دەتوانن نێوەرۆکی گۆوارەکە هەڵسەنگێنن ، لەهەر زەمینەیەکی ئەدەبی و فەرهەنگیدا کە لە گەڵزانست و زەوقی خۆتان دەگونجێ یارمەتیمان بدەن .

پیرانشار : **کاک قادری عەزیزی**

ئێمە چاوەڕوانی هەر چەشنە هاوکارییەکی ئێوەین . هەر چەند خۆت بە نووسەر نازانی ،بەڵام کوردی نووسینەکەت زۆر جوان بوو. داوا دەکەین پەیوەندیمان لەگەڵ نەپسێنی ،تابەڵکوو ڕێگایەک بۆ هاوکاری زیاتر بدۆزینەوە .

وەزگێڵی سەردەشت :**کاک ئارمان کوردستانی**

کاکە گیان ئەگەر وەک هاوکاری باش دەتەوێ هاوکاریمان بکەی بەیت و باوی کۆنی کوردی لە مەڵبەندی ئێوە زۆرن،بۆمان بخەسەر شریت و بێ ئەوە خۆت زیاد و کەمیان بکەی بۆمان بنێرە .

بڕلەن ئاڵمان :**کاک ئارام**

سپاسی هەستی خاوێنت دەکەین . سروە لە خزمەت فەرهەنگ و ئەدەبی کورددایە و ،بۆ سەرکەوتنی زیاتر بە شانازییەوە لە هەرچەشنە هاوکارییەکی، ماموستایان و ئەدەبدۆستان کەلک وەردەگرێ تکایە لە هاوکاری خۆتان بێ بەشمان مەکە .

ئیسکی بەغدای بۆکان :

کاک رەشیدی حەبیبی فەڕ

ئێمە چۆن دڵی ئێوەی گوندنشین دەشکێنین .

ئێوەن کە جگە لەوەی بە ئارەقەی نێو چاوانتان بژیوی شارنشینان دابین دەکەن زمانەکەشمان دەپارێزن ، خوابتانپارێزێ

بۆکان :**کاک حامیدی ئەحمەدی**

براگیان ئێوە دەتوانن رەخنە لە نووسەران بگرن یا لەسەرهەر بابەتێک کە پێتان وایە جێگای رەخنەیە بە زمانی کوردی بۆمان بەرێ بکەن .

مەریوان :**کاک نامیقی کوهنەپووشی**

نامە و وێنە جوانەکانتان گەیشت . چاوەڕوانی نووسراوەکانی دیکەی ئێوەین

* * *

نامەوشیعرونووسراوەی ئەم خۆشەویستانە شمان گەیشتوتە دەست خوا یاربێ لە ژمارەکانی داهاتوودا دەیانخەینە بەر سەرنج ولێکۆڵینەوە لە نووسراوە بەنرخەکان کەلک وەردەگرین وەڵامی نامەو پرسیارەکان دەدەینەوە وئەوی پێویستی بە رێنموونی بێ رێنوێنی دەکەین دیارە ژمارەیەک لەم نامەو نووسراوانە زۆر لەمێژە ناردراون ونۆرەبڕی یان لێ کراوە ئەویش تەنیا لەبەرئەوە یەکە نێوەرۆکەکەمان لەگەڵ نێوەرۆکی ئەم ژمارەدا رێک نەدەکەوت ،یا خۆ لە بەرتەواو بوونی گۆوارەکە جێگا بۆ نووسراوەی دیکە نەمابوو لەگەڵ داوای لێ بووردن هیوادارین لێمان دڵمەندنەبن وگەرم و گوڕتر لە جاران پەیوەندی خۆیان وگۆوارەکە یان درێژە بدەن .

مەهاباد :کاک حوسێنی شێخ ئاغایی ،کاک سەلاحی عەبباس تاهیری،خوشکە فەوزیەی ق . ، کاک قوربانعەلی کەریمی کاک دوکتۆرسەمەدی قابیلی کاک سەلاحی عەرەبی،کاک ئەحمەدی بەحری،کاک عومەری غەزالی،کاک کەریمی فەرشی کاک عومەری رەسوولی،کاک کەمالی رەشید پووری،کاک مستەفا رەسوولی،کاک سمایلی بەختیاری،کاک ئازادی بیۆتی کاک سەیدعبدالقادری سیادت

کاک ع.غەمبار ،کاک سەیـــد
محەممەدی سەمەدی،کـــاک
سەیدعبداللەسەمەدی
کاک سیلەمەندی فتووحی ،کـــاک
جەمال عبدالکریم

بۆکان : کاک ئەحمەدی تاها
کاک ئیسماعیلی رەحمانـــی
کاک ئەحمەدی مەولانی،کـــاک
ئەحمەدی محەممەدی (دلـنیا)
کاک ئیسماعیلی قاسمی(هیوا)
کاک محمدسعیدی نەجاری ـ
(ئاسۆ) ،کاک محەممەدی سالحی
کاک سولەیمانی جهانگیری ،
کاک ئەحمەدی مەکاری،کـــاک
ئ.م.ئارام ،کاک عومەری حیسامی

سەقز : خوشکە نەسرینـــی
تورابی،خوشکە ئامینـــەی
عەزیزی،کاک عومەری فارووقی ،
کاک عەزیزی کەیخوسرەوی،کاک
محیالدین خوسرەوپـــوور ،کاک
خالیدی ئەمینی،کاک لوقمانی
مەتاعی،کاک محەممەدی سەدیقی
کاک حوسین ،کاک حامید،کـــاک
مستەفا حوسین پوور

سنە : کاک حەمیدی کریمیان
کاک یداللەزارع زادە ،کـــاک
فەرەیدوونی مەحموودی،کـــاک
جەلالی مستەفایی،کـــاک
مەنسووری ئەیلازی،کـــاک
عابدینی کولاه زەردی،کـــاک
ش.ع

تاران : کاک ئۆرغان غالب
کاک کامەران کوێستانی،کـاک
ج.ئاشتی،کاک سمایلی قەزاق ،
کاک ئ.هەمەوەند ،.

تەورێز : کاک قـــادری
فەتتاحی قازی،کاک عبدالرحیمی
فەتتاحی قازی،کاک تـاهـــا
فەیزی زادە ،کاک ب.غەریب
کاک ئ.حەمیدی .

پیرانشار : کاک مستەفـــا
عەتتار ،کاک عبداللـــــە
ئیسماعیلی،کاک قادر پـــۆلا
کاک ئیسماعیلی سەیدشوکـــری
کاک رەحیمی ئەحمەدی

نەغەدە : کاک سمایلـــی
دووبرا زادە ،کاک ح.راوچـــی
کاک سەیدئەحمەدی حوسێنـــی
کاک دژوار خالیدعـــەزیز .

ورمێ : کاک ئازادعیســا
کاک یووسفی شنۆیی مەحمەروود
زادە ،کاک ئەحمەددەشتی .

باختەران : کاک ئەحمـەدی
شەریفی،کاک یاسینی فەتتاحی

بانە : کاک ص.ئـــاوارە
کاک حاجی رەئووفی سەلیمی

شنۆ : کاک بەهمەنی رەشیدی
زەرزا ،کاک عبداللە مدرس
کاک غەفووری سەلیمـــــی

مەریوان : کـاک ح.ا .
جووتیار ،کاک عومـــەری
کوردستانی وهاورێ یانـی ،

ناوچەی ئالانی سەردەشـت
کاک عبداللە مینایی .

گوندی قۆلنجی مەحالـــی ئەنزەل
ماموستا مەلاعبدالقادری کوردی

گوندی قەرەسەقەلی شنـــۆ
کاک محەممەدی حوسێن پـوور

گوندی قۆزلوێی چووکـــی مهاباد
کاک رەحمانی حاجی .

گوندی دڕووی شنۆ : کـاک
شەفیعی جهانگیری .

گوندی رەحیمخانی بۆکان :
کاک ئەمجەدی حاجی ئیسماعیل
زادە ، کاک نادری مستەفا زادە.

گوندی سۆغانلووی پیرانشار
کاک عومەرو کاک رەحمانـــی
نەبی پوور .

گوندی کازێی سەردەشـت
کاک ع.شێواو ،کاک سەعیدی ،
رەحمانی ،

سەددی شەهیدی کاظمی: کـاک
محەممەدی حەبیبی .

کەرەج : کاک دوکتـــۆر
سەفین،کاک عومەرقادر .

ئەهواز : کاک برایمیسەعیدی
کاک ئ.حەمیدی .کاک خالیـد
دەیلەمـی .

خۆی : کاک جەلالی قشووری

سەلماس : کاک ابوالقاسمی
سادق ئەمیری .

کەرەندی غەرب : کاک رێبوار
بەرزەنجی .

بروجرد : کاک مەحمـــوودی
دەبیرفەکەک .

کرمان : کاک ئەحمـــەدی
شمس الهی .

ساوە : کاک مستەفا سۆفـی
عەلی رەواندووزی .

سمنان : کاک بەختیـــار
عبداللە بەرزەنجی .

کوپنهاک : کاک فەرهـاد
پیربال .

لەندەن : کاک سەباحـی
غالب .

ئامستردام : کاک ح.بـێ
رێز .

*** ** **

ڕێنوێنی

سەقز :کاک ئیرەج هەژار ، کوردی نوسینەکەت زۆر ، جوان وڕێک وپێکە ئەگەر بتوانی بەکەلک وەرگرتن لە ئوسوولی چیرۆک نووسی لەوسووژە جوانەکەبەتەواوی رئیالیستی یە ، کورتە چیرۆکێک دەربێنی . نرخی ئەدەبی زیاتر دەبێ . چونکوو نووسراوەکەت وەک گێڕانەوەی بیرەوەری یەکەنە وەک کورتە چیرۆکێک .

ئیستیعدادێکی باشت بۆشاعیری هەیە . شیعری شاعیرە مەزنەکان پتر بخوێنەوە . داهاتوویەکی باشت بۆ چاوەڕوان دەکەین.

شیعرێکت لەسەر ئیعدامی شاعیری شۆڕشگێڕی ئەفریقایی بنجامین ملایزی بۆناردبووین لەبەر هێندێک کەم وکووڕی نەمانتوانی بڵاوی بکەینەوە .

سەردەشت :کاک برایم ب تێ بکۆشە سووژەی ، شیعرت هەر ئی خۆت بێ . ئەم شیعرت دەگەڵ ئەوەیدا کە زۆر ڕێک و پێک نەبوو شوێنی شیعری شاعیرێکی کوردی زۆر پێوە دیاربوو .

مەریوان :کاک ج. ا. ، جووتیار

شیعرەکانت کەم هێزبوون بەڵام پەخشان جوان دەنووسی کە وابوو لە باتی شیعر لە بەشێکی دیکەی ئەدەبیدا کاربکە . سەردەکەوی .

بۆکان :کاک عەلی

دیارە زەوقی شیعرت هەیە بە هیوای کۆششی زیاتری ئێوەین . بەڵام موتالایەکی زیاتریش بکە تا ڕەدیف و قافیەت لێ تێک نەچێ

نەغەدە :کاک ح.راوچی

بەوهەستە پاکەیدا دەرت بڕیوە وبە نووسینە جوانەکە تدادیارە کە دەتوانی هاوکارێکی باشی سروە بی . بەڵام شیعرەکانت زۆر بەهێز نین ، ئەدەبی کوردیش ئێستاکە زیاتر لە شیعر نیازی بە پەخشان نووسی هەیە هیواداریـن زیاتر لەشیعر خۆ بە نووسینەوە ماندوو بکەی.

مەهاباد :کاک م.ع

شیعرەکانت لەباری کێشەوە کەم و کووڕیان هەبوو ، زیاتر لە سەر شیعرموتالابکە

ناوچەی مامەشی لاجان:
کاک ئەحمەد دلدار

لە پێشدا تکادەکەین نازناوەکەت بگۆڕە چونکوو شاعیری بەو نازناوە زۆرن شیعرەکانت هێشتا لە و پلەدانین کە چاپ بکرێن پتر تێبکۆشە

مەریوان :کاک ئەرسەلانی عەزیزی

وێڕای سپاس وەک خۆت نووسیووت کوردی نووسینەکەت هێشتا کاڵ و کرچە .بەڵام بە موتالای زیاتردەتوانی ئەم کەم وکوڕیە نەهێڵی . کورد کوتوویەتی کەس لە پڕێکەوە نابێتە کوڕێک دا وای سەرکەوتنت بۆ دەکەین .

مەهاباد : کاک عەلی داهوان

ئێوە نیازتان بەموتالای زیاتری قەواعیدی شیعری و دیوانی شاعیرە مەزنەکان هەیە . بۆ ڕێنموونی زیاتر لەم شیعرەتدا

ڕوگرژو زۆر وەڕەز بوو
لە گیانی خۆی بێزار بوو

وشەی "بوو" ڕەدیفە نەک قافیە ."وەڕەز "و"بێزار"یش قافیەنین

مەهاباد : کاک مستەفا ڕەسوولی .

بەهەڵبژاردنی سووژەی جوان و بەودەست و قەڵەمە پتر دەتوانن خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بکەن و ئێمە یارمەتی بدەن

ئەدەبی

ئەندیمشک :**عەزیزی ئازاد**

هەروەک خۆت نووسیوتە شاعیر (ێکی بەئەزموون)نی و زەوقی نووسینت هەیە بەو پەخشانە جوانەی کەدەنووسی پێمان حەیفە خۆت بەشیعرەوە ماندووبکەی . هەر ئەو مەبەستەی بەشیعری ، نووسیبووت ئەگەر پەخشان بووبایە زیاتر کەلکی لێ وەر دەگیرا .

بانە :**خوشکە شەهین**

ئاهەنگ و قافیەی شیعرەکانت خراپ نەبوو . بەلاّم لەباری مەوزووعەوە زۆر تێکەڵ پێکەڵ بوو هیوادارین بەرهەمەکانی دیکە شتمان بۆ بنێری .

گوندی نەلاّسی سەردەشت **:کاک هوشیار رشەبستانی**

شیعرەکەت لەباری قەواعیدی شیعری یەوە زۆر کزە .بۆوێنە لەسێ دێڕی چوارەم بە دواقافیەکەت گۆڕیوە .کە ئەوە لەگەڵ شیعری عەرووزیدا جیاوازی هەیە هیوادارین پتر موتالاّبکەی . داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەین .

بانە : **کاک ت. نزار**

هێشتا ناتوانی هەستی دەروونی خۆت لەکێشی عەرووز یدا باش بگونجێنی بە بڕوای ئێمە ئەگەر پتر تێبکوشی و زیاترشیعری شاعیرە مەزنەکان بخوێنیەوە و لە کێشی خۆماڵیدا شیعر بڵێی دوا رۆژێکی روونت لە پێشدا یە .

٧ گوندی کۆنە خانی میوانشار :**کاک سەید ئیسماعیلی سەید شوکری** ، **و کاک عبدالرحمن ئەنبیایی**

لەم ژمارەدا جێگا بۆ چیرۆکی فۆلکلۆریک نەمابوو هیوادارین هەروا هاوکار ـ یمان بکەن .. بەلاّم تێ بکۆشن رەسەنی زمانی چیرۆکی فۆلکلۆری تێک مەدەن .

بێورانی سەردەشت : **کاک هیوا بێورەیی**

لە وشیعرە یدا کە ناردووتە گوڵزارو دڵ ودین قافیەنین کەم لێرەدا رەدیفە و قافیە نیە جارێ ئەوانە فێر بە جا ئەو دەمی شیعری عەرووزی ، بڵێ .

سنە : **کاک نصرالدینی شەریفزادە .**

وادایارە ئەمە یەکەم کاری ئەدەبی ئێوەیە کەبۆت ناردووین ئاواتی دوارۆژێکی گەشەدارت بۆ دەخوازین .

چاوەڕوانی گەیشتنی وتارە مێژوویی یەکانی ئێوەین .

گوندی باب خالاّوێی شنۆ : **کاک مستەفا شێخە**

شیعرەکەت لەباری قافیەوە زۆر جوان بوو هەستێکی خاوێنیشت تێدا دەربڕیوە ، بەلاّم بەداخەوە کێشی تەواو نەبوو .بۆوێنە یەکەم دێڕی کەدەڵێ

"لەم چەرخەدا کە ئێستا لە
خولی بیستەمدا یە "
"لە سەردەمیکی ناسک وگەلێ
ئەستەمدا یە "

مووسیقای شیعری تێدا نیە بە خوێندنەوەی زیاتری دیوانی شاعیرە مەزنەکان ئەم کەم و کووڕیەت نامێنێ .

کوردی نووسینەکەت زۆر لەبارە .هیوادارین درێژە بە هاوکاری بدەی .

سنە : **م.د.هەردەوان**

ئەوشیعرانەی لە سەر کێشی خۆماڵین جوانن بەلاّم لە شیعری عەرووزیدا کەم هێزی و دەبێ پترمتالاّ ، بکەی و خۆت ماندووبکەی

تۆڵەی ئەژدەهاک

خ: ئەویندار



رۆژێکی زۆر تاڵ بوو، رۆژەڕەشی وا کەم کەس دیبووی. خەڵکی شار بە خڕی هاتبوونە دەرێ، یا خزا بوونە خڕ و جۆمان یا پەڕیوەی لادێ ببوون و روویان دەهەندەران کردبوو. هێندێکیان خێوەتیان هەڵدابوو، بڕێکیش کەپریان دروست کردبوو تا منداڵەکانیان لە بڵێسەی هەتاوی جۆزەردان بشارنەوە بەڵام زوربەیان روویان دە بەروموچەی خۆ یا ئی خزمەکانیان کردبوو، خۆیان لە نێو جۆگە و کەندالان حەشار دابوو. بە دڵی شکاو بە چاوی پڕ لە فرمێسک دەیانڕوانییە دیمەنی شارەکەیان کە دەتگوت هەتیوێکی بێنازە و لە کۆشی دایکیدا خرپ خەوی لێکەوتووە هەموو بیریان لە وێرانی شارەکەیان دەکردەوە. دوژمن هەڕەشەی خاپوورکردنی لێ کردبوو.

لە نێو ئەوکەسانەیدا پەنایان بۆ باخەکەی مام- جوامێر هێنابوو، "شوانە" لە هەموویان پتر هەراسان بوو. شوانە لاوێکی کەڵەگەتی سوور و سپی بوو، خوێندنی مەدرەسەی تەواو کردبوو، لە کۆنکووری زانستگاه سەرکەوتبوو، کەچی لەبەر هەژاری و دەستەنگی نەیتوانیبوو درێژە بە خوێندن بدا. زۆر هونەردۆست بوو، هەمیشە دیوانی شاعیرێک یا رۆمانێکی بە دەستەوە بوو کەمتر قسەی دەکرد، ئەگەر وەقسەش هاتبا هەر شیرین بوو گوێی بۆ رادێری. کوڕێکی زار بە پێکەنین بوو، لەگەڵ زوربەی ئاواڵەکانی یەکماڵ بوو، کەسیش قسەی سووکی لێ نەدەبیست، بۆ پەیدا- کردنی پارووە نانێک شەو و رۆژ ئارەقەی دەڕشت، کەرتکە خێزانێکی بە ئەستۆوە بوو، ئەوەندەی رەنج دەکێشا قەت نەیدەهێشت خوشکە هەتیوەکانی زەردەیان لە لێو بتۆرێ. زۆرباش دڵی دایکی راگرتبوو، نەیدەهێشت دڵی گەردی لێ بنیشێ، بۆیە ئەوانیش زۆریان

خۆش دەویست .
ئەوێ ڕۆژی کە خەڵک ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشتبوو، ئۆقرەی نەدەگرت ، هەڵدەستا چەند هەنگاو وێوە دەچوو و و چەند هەنگاو واوە دەهاتەوە، هێندیک ڕادەما ، سیغارێکی دادەگیرساند ،یەک دوو مژی لێ دەدا ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا ، زەق دەگۆشەیەکی ئەو گۆڕستانە بەربڵاوەی هەڵدەورانی کە لەوبەری شار بەرقەدی شاخەوە ڕاکشابوو ، ئالای سووری لەسەر چەقا بوون و با دەیشەکاندنەوە . مووی لێ نەدەبزووت . چاوی نەدەتروکاند لەپڕ زیقەی منداڵێک ، شریخەی تفەنگێک ، گرمەی تۆپێک ڕایدەچڵەکاند ، هەودای خەیاڵی دەپساند ، بە پەشێوی ئاخێکی هەڵدەکێشا و دەستی بە قەدم لێدان دەکردەوە . ئەوەندە هات و چوو ، ماندوو بوو ، ئەژنۆی دەلەرزی، شل و شەکەت ببوو ، سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد وەک بیەوێ بەتاقی کاتەوە ، نێو چاوانی گرژ کرد ،لێوەکانی وەلەرزین کەوتن ، هەر کە مژۆڵەکانی لەسەریەک دادەنا تکە فرمێسکێک کە وەک ئەڵماس لەبەر تیشکی خۆر دەتروسکاوە لە سووچی چاویڕا دەخزییە خوارێ و بەسەر کولمەیدا شۆڕ دەبۆوە و لەسەر سمێڵی دەگیرساوە،کەس نەیدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە،بۆ وا پەرۆشە و لەبەرچیوا شەمزاوە؟ کەسیش بۆی هەڵنەدەهات کە چ ئاگرێکی لە دەروونیدا دەگڕێ و کوورەی دڵی وا نێڵ داوە خەریکە هەموو گیان و لەشی دەسووتێنێ،سەرنجی هەموویانی ڕاکێشابوو. بەڵام دایکی هەر لێی خافڵ نەدەبوو. دەیزانی هەر کاتێکی ئازار هێرشی بۆ دێنێ و هورووژمی خەم و کەسەری دێتە سەر، ئاگای لە خۆی دەبڕێ،زۆر جار لە حاڵی ئاوادا چەند هەنگاوێکی زیاتر نەماوە بکەوێتە باوەشی مەرگ ، گوللەیەکی وەسەر دڵی بکەوێ یا لە نێو چۆم و گۆمدا بخنکێ. بۆیە لە وەختی وادا زۆر چاودێری لێ دەکرد.
شوانە کەمێک وەخۆهاتبۆوە، سیغارێکی تری داگیرساند ، ئارەقەی نێو چاوانی سرییەوە و لەبەر خۆیەوە ورتەیەکی لێهات ، پاش هێندێک بێدەنگی کە بۆی مات ببوو ،وەک مار پێیەوە بدا ، داچڵەکی و بە پەشۆکاوی و تووڕەییەوە گوتی :
ـ ئاخ ..ئەی چارەنووسی ڕەش ،حەیف ... دە سەد بریا منیش.. منیش هەر ئەوێ ڕۆژێ ...دایکی بە دوودڵییەوە قسەکەی بڕی و گوتی :
ـ شوانە ، ڕۆڵە! ئەوە دەگەڵ کێتە؟ دەڵێی چی ؟! بۆ وا نارەحەتی دایک بەبرت مرێ ؟ لە کێ قەڵسی... دەسەرت گەڕێم !!!
شوانە کە تا ئێستا وا نوقمی خەیاڵاتی خۆی بوو، پێی وانەبوو کەسی لێوە دیارە بە سەرسوڕماوییەوە گوتی :
ـ ئای دایە گیان ئەوە بۆ لەسەر سەرم ڕاوەستاوی ؟ خۆ ئەمن چم نەگوتووە ، لە کەسیش قەڵس نیم ،لێم گەڕێ لێ! با ئاوری دەروونم بە ڕێژنەی فرمێسک و خوزگەکانم دامرکێنم ،چت لە من داوە ؟ بچۆ لەگەڵ منداڵەکان خۆ وەشێرە لە من گەڕێ، دوایە دێمەوە لاتان،دەبڕۆ دایە گیان با مەرگی ئێوەش بە چاوی خۆم نەبینم .
کوڵە و گری لە ئەوکی مابوو، کوڵ وا گەرووی ڕێک دەکوشی خەریک بوو بیخنکێنێ هەر کە باسی مەرگی کرد چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و بە لووزە و فرمێسکیان لێ داوەری .
خۆی پێ نەگیرا و دایە پڕمەی گریان،زۆر بە تاو دەگریا ،دایکی بە خۆی نەوەستا خۆی بەسەر کێشا و لە ئامێزی گرت : دەمی بە دەمی یەوە ناو هەڵیمشت ،ئەوجار بەدەم گریانەوە بە سۆزی پڕ لە خۆشەویستی دایکانەوە گوتی:
ـ دەک ڕەببی کوێرایێیم دایە ، لێرەدا• دەستی بە گابۆر و لە خۆدان کرد، ئەوە چت لێقەوماوە ، دەپێم بڵێ

بۆ دەگری، نیگەرانی ئێمەی؟!
ئۆ رەببی رۆڵە شیری ئەو مەمکانەت لێ حەڵاڵ بێ ، ئەوەندەی ئەمن لێت رازیم خودا سەد ئەوەندەت لێ رازی بێ ، دەتو خوا پێم بڵێ بۆ وا ئاڵۆزی لە ئامێزی گرت و بە خۆیەوە کوشی .

شوانە تەواو بزرکا بوو ، قسەی بۆ نەدەهات ،بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا هەستی کرد لە نێو ئەم ئامێزەدا تەنگەتاوە لەسەرەخۆ وەدەنگ هات ، بە ئاستەم نووزەی دەهات :

ـ دایە بەرم دە ...

دایک کە گوێی لە نووزەی کورەکەی بوو ،لە خۆڕا گریی مەچەکی کراوە ، هەستی کرد قورسایی‌یەک لەسەر سینگی لا دەچێ ،سەری شۆڕ بۆوە ،نێو چاوانی کورەکەی ماچ کرد ، فرمێسکەکانی پرژایە سەر دەم و چاوی شوانەی لاواز و رەنگ زەرد ، هەوڵی دا بزەیەک بێنێتە سەر لێوان ،جا پرسی:

ـ حەسایەوە رۆڵە ؟ .... ئامێزی دایکی خۆت پێ ناخۆش بوو ؟!

شوانە سەری هەڵێنا دی خوشکەکانی بە پەرۆشەوە دەوریان داوە ، ئەویش هەر خەمبار بوو ، لێیان وەدەنگ هات :

ـ چ قەوماوە .... ئەوە دەگرین ؟ چ رووی داوە ؟ ئەو کۆرەتان بۆ لە دەوری من بەستووە ؟ !

هەموو دامرکان نەشمیل نەبێ .نەشمیل لە هەموان بچووکتر بوو ،کچێکی رەزاسووک و خوێن شیرین بوو ، هەموو خۆشیان دەویست ، ئەویش پەشۆکا بوو .

شوانە دەستی درێژ کرد ، جمگەی دەستی نەشمیلی گرتە کێشایە لای خۆی، ئەم لا و ئەو لای رووومەتی ماچ کرد ، دەستێکی بەسەریدا هێنا ، بە پێکەنینەوە گوتی :

ـ ئای لە کاکت نەکەوێ، ئەوە بۆ پەشۆکاوی، خۆ من ساغ و سەلیمم . بێ بەڵا بی دایە ، قەت نایەڵی ئەم کچۆڵە بەستەزمانانە بە خەمی کۆنەوە سەر بنێنەوە .

ئەم چەند قسانەی شوانە هەواکەی وا گۆڕی هەموو هەستیان کرد تەواو سووک بوون و کوڵ و کۆیان دامرکاوە دەتگوت لە ناکاو رێژنەیەکی خێر و خۆشی‌یان بەسەردا باریوە .زوربەی خەڵک ئاگایان لەو کارەساتە بوو ، بەڵام پەکیان پێ نەکەوت.

لەو نێوەدا تەنیا مام ـ جوامێر بوو خۆی پێ نەگیرا و هاتە سەر ئەوە بێتە لایان و بزانێ چیان لێ قەوماوە ، چونکە ئەو شوانەی زۆر چاک دەناسی و دەیزانی شوانە نایەڵێ ناکۆکی لە نێو خیزانەکەیاندا پێک بێ و لێشی روون بوو شوانە لەو کورانە نیە خۆ بەزل بگرێ و بە ئازاردانی خوشکەکانی،خۆ بنوێنێ یا لەگەڵ دایکی دەمەچەقە ساز بکا ، بۆیە هێندێک سڵ بوو، بەراوەکەی راگوێست و لەبەر خۆیەوە گوتی :

" دەبێ چیان لێ قەومابێ، هەر ناکۆکی‌یەکیان هەبێ چاری دەکەین ، خۆ من بەڵێنم بە کاک پیرۆتی رەحمەتیش داوە تا بتوانم نەیەڵم بەردی سارد و گەرمیان بێتە رێ!

مام جوامێر پیاوێکی رەقەڵەی دەستە باڵا بوو ، لەبەر لاوازی و بێ گۆشتی توێڵی هەموو گنج و لۆچ بوو ،



←

پاشماوەی ئەوادەبێ ...

لەبەرە خۆمەوە هەزار جۆرە فکر و خەیالم دەکرد، تاوێک دەمگوت کاک کەمال دوژمنمە و جارێک ئاشپەزم بە تاوانبار دەزانی، بەلام راستییەکەی ئەمە بوو کە برینجەکە دەسووتا و دیار بوو یەکێک ئاورێ خۆش دەکا.

هەتا رۆژێک، تەمەشام کرد کارکاری ئینسان نیە، شیرنکی قاپ وکەوچک شوتن بەسەر دوگمەی وەجاخ گازەکە دادێ و هەرچەند جاری کەمال شیلانکەکە رادەکێشێ ئاوری گازەکە خۆش دەبێ و بنکر دەبێ بە خەلووز.

ئەوجار ئیدی حەسامەوە، پالم داوە! خەمم لە دلی برا، ئەوجار هەرچی مشتەری بوو یا گۆشتی چیری خواردووە یا برینجی بۆکز، مانگێکی رەبەقە پوولی ئاشپەز و کرێکارم دەرنەهێناوەتەوە. جا نازانم لەگەل کرێی ئیجارەی سەری مانگێ چ بکەم.

لە قەدیمەوە کوتوویانە بەرە لە لای تەنکییەوە دەدرێ !!!

سۆمایی چاوی لەکزی دابوو لە پارەکەوە کە کورە نێونجییەکەی شەهید ببوو، پیری تەواو رووی تێکردبوو و کەنەفت و کەلەلای کردبوو خەم و پەژارە گەمارۆیان دابوو لەبەر گرانی جەرگ سووتان شانی خزیبوو، و پشتی چەما بۆوە، هەر ئەو کەلە مێر بوو دەنا کێیە سی رۆلەی خۆشەویستی بە دەستی خۆی بنێتە گۆڕی تەنگ و تاریک و سارد و هێشتاش زیندوو بێ و دلی نەتۆقیبێ؟! تەمەنی هێشتا لە شێستی هەلنەبواردبوو، کەچی بە دیمەن زۆر پیرتر دیار بوو، هەر ئەو موسیبەتە وای لێ کردبوو دل ناسک بێ، زوو برەنجێ، بەم حالەشەوە قەت لە چاوەدێری و هاودەردی دەر و جیرانان غافل نەبوو. ئەوەندەی لە دەستی هاتبا پیاوەتی دەگەل دەکردن. پیرە پیاوێکی قسەخۆش و بە ئەزموون بوو. زۆری کوێرەوەری دیبوو، مزەی تال و سوێری چێشتبوو.

ئەوێ رۆژێ نۆرەئاوی بوو گەنمی دەداشت، چۆغەیەکی شینکی شڕی دەبەردا بوو، کیسەی تووتن و پەڕەکەی دەبەر پشتی راکردبوو و دارجگەرەکەی لە پشتەستۆی چەقاندبوو. زۆر ماندوو و شەکەت بوو، ئارەقەی نێو چاوانی بە نێوان برۆیانیدا لووزەوی بەستبوو و بەسەر لووتیدا هەلدەڕژا. دەلینگی تا پشت ئەژنۆیان هەلکردبوو، پێمەرەیەکی ئەسپەرەداری لەسەر شان بوو، لە نێو گەنمەکەدا دەخولاوە، بە وردی دەیڕوانی کوێ تەنک بوایە لاقی تا ئەژنۆکەیتری هەلدێناوە و بە ئەسپایی هەنگاوی داوێشتێ، جار جارەش پێمەرەکەی دێنا خوارێ و هێندێکی دە زەوی دەوەژاند، خەریکی هەلگێرانەوەی پەلان بوو، ئێوارەی پێشتر شەواوی لێنابوو و بۆ سۆزی ورده پەلەی هەلدەگرتنەوە.

بەراوەکانی ئەوەندە بە ئارامی رادەگوێست کەمتر وابوو کە بەدەم پێمەرەکەیەوە پنجە گەنمێک هەلقەنێ، ئەگەر چلێک لار دەبۆوە، هێدی هێدی دادەهاتەوە و چلە گەنمەکەی راست دەکردەوە و تۆپە قوڕێکی بەسەر ریشەکانی دادەدا تا ئیشک نەبێ و لەنێو نەچێ، بە ئاودێریکی چاک و پوخت ناوی دەرکردبوو. پیاوێکی خاوەن زەوق بوو، عاتیفەیەکی ئێگجار پاک و خاوێن و ئینسانی هەبوو، کە بیری لە هەژاری و کۆست کەوتەیی خۆی دەکردەوە، حەیرانی دەگوت یا بە گۆرانییەکی زۆر خەماوی سۆزی دەروونی دەردەبڕی و کولی دلی دادەمرکاند، یا یادی کچە جوانەمەرگەکەی (بێری) دەکردەوە یا بە دوو شۆرە لاوە شەهیدەکەیتری هەلدەگوت.

(درێژەی هەیە)

لەگەڵ شیعری شاعیرانی لاو

ئەستێرەکەم :
چاوی جوانت کە دادەگری
من پێم وایە بۆمن دەژی ، بۆ من دەمری
بەڵام گیانە ،
تۆ هەر بەشەو میوانمی
کە خۆر هەڵات دیسان ونی
ئەی ئاسکۆڵە
زۆر دەترسم
لەودنێوەزمەی
لە ئاست ئەوینی من و تۆ........
لەسمکۆڵە !! ....
لەسمکۆڵە !!

" سالح شیروان"

"بۆگۆواری سروە"

شنەی شەماڵ هەواڵی هێنا
بە وێنەی لەولاو خۆی هەڵ ئەهێنا
لەم دێبۆ ئەودێ لەمشاربۆئەوشار
لەم گوڵ بۆئەوگوڵ لەمداربۆئەودار
بولبول مەلیچک بێچوولەی باڵدار
لەبان تۆپی گوڵ لە سەرلوتکەی دار
ئەیان جریکان بە هەرزو بانێ
لەهەر شەقامێوکووچێ و کولانێ
دەیان گوت‌کوردە زستان بەهارە
بەهاری ئەمساڵ خۆشتر لە پارە
یاخوا هەربژی سروە لە ژینە
دەواو مەرهەمی دڵی بریندە
دوعای خێر ئەکەم بە رۆژو بەشەو
لە بەر مانگە شەویان تاریکی شەو
ئەڵێم یاخوا سروە هەربژی بۆمان
دووربی لە تاڵی سەرکەوی لەژیان
"ژاکاو" ژاکیاگە ژیانی تاڵە
سروە بخوێنە خەمت مەحاڵە

(ژاکاو)

"رق و فرمێسک"
جۆن بتوانم !
هەرگیز نابێ......
من دەریا نیم تووڕە ببم
من بەفری زستانی شووم نیم
نەتوێمەوە و رق هەڵگرم
من زنجێکی گیرۆدە نیم
بۆ زۆرداران کڕنۆش بەرم
من زریان نیم
تا بتوانم هەموو دنیا بەدوای خۆمدا راپێچ
بکەم
من ئەو کەسەم لە فرمێسکی چاوەکانتا تواومەوە

شەماڵ جودایی

م.ع. بەرزنجی

ئەز پەپوولەی بێستانم
خولقاوی کوردستانم
پەپوولەی ناوی باخم
شەیدای گوڵی سەر شاخم
دەفڕم لەم گوڵ بۆئەو گوڵ
تێر دەگەڕێم پڕ بە دڵ
کام گوڵەی زۆر زۆر جوانە
پەسندی دڵ و گیانە
دەیکەم بەهاوڕێی گیانی
دەژین بە کامەرانی
من بۆ ئەو و ئەو بۆ من
دوور لە زۆردار و دوژمن

فۆلکلۆر

بەیتی شێخ مەند و شێخ لەر

ئاودێری دە دێمەکاران! شێخ جافر بابی
فەقیر و هەژاران،
شێخ جافر سێ میوانی دەهاتن لەوان میوانی
دەخاسە.
رۆڵە مەندە مەندەی دە دوڕناسە،
ئەوان میوانانە بۆ بابی خۆت بناسە.
بابەیەکیان خاڵندە یەکیان خدرە ئەوی دی
ئەلیاسە.
رۆڵە مەندە مەندە گیانە!
سەتی بۆریە و بەستەزمانە،
پاکی مردوون لە برسانە،
لەو مەندەی دەنوورانی یە! نەیدەکردەوە
بێ عەمری بابی یە،
دەستی دەداوە داس و گوریسی،
هەر چوار قوڕنەی دنیایەی بە بۆریان
دەپشکنی یە،
چەندی گیای هەوەڵ بۆهاری یە، هەمووی
دەسحێب دەزاری یە،
دەکاتەوە زکری خالەقی جەبباری یە،
جێگای پەت و سینگان خاڵی نیە،
بۆریەی دەهێنانەوە بە برسیایەتی یە،
خۆ بەڵان دەیگوت: بابە! بەوەی کەم کە
رەببی یە،
کە لە ژووری سەری یە،
ئەمن چوار قوڕنەی دنیایەم بە بۆریان
دەپشکنی یە،
چەندی گیای هەوەڵ بۆهاری یە، هەمووی
دەسحێب دەزاری یە،
دەکاتەوە زکری خالەقی جەبباری یە،
جێگای پەت و سینگان خاڵی نیە،
بۆریەم دەهێنانەوە بە برسیایەتی یە،
ئەوە شێخ جافر دەیگوت: رۆڵە مەندە!
مەندە گیانە! سەتی بۆریەو بەستەزمانە،
پاکی مردوون لە برسانە،
لەو مەندەی دەنوورانی یە، دوبارە
نەیدەکردەوە بێ حەمری بابی یە،
چوار قوڕنەی دنیایەی دەپشکنی یە،
چەندی گیای هەوەڵ بۆهاری یە، هەمووی
دەسحێب دەزاری یە،
دەکاتەوە زکری خالەقی جەبباری یە،
جێگای پەت و سینگان خاڵی نیە،
بۆریەی دەهێناوە بە برسیایەتی یە،
دەیگوت: بابە! بەوەی کەم کە رەببی یە
کە لە ژووری سەری یە،
دوبارە چوار قوڕنەی دنیایەم دەپشکنی یە
چەندی گیای هەوەڵ بۆهاری یە،
هەمووی دەسحێب دەزاری یە،
دەکاتەوە زکری خالەقی جەبباری یە،
جێگای پەت و سینگان خاڵی نیە،
بۆریەم دەهێناوە بە برسیایەتی یە،
ئەوە شێخ جافر دەیگوت:

رۆڵە تۆکانی ، ئەمن جۆمە :
تۆ دانیشە و من دەڕۆمە ،
ئەوە شێخ مەند دەیگوت بابە !
هەر لە زەمانی دەپێشینان تا زەمانی
دەپاشینان نەمدەدی باب لەبەر
کوڕیان بڕۆن ، هەر کوڕ لەبەر بابیان
ڕۆیون ، ئەتۆکانی ئەمن جۆمە :
تۆ دانیشە و من دەڕۆمە ،
ئەوە شێخ جافر دەیگوت :
رۆڵە مەندە من حومرم دەگەیی بە —
شێست وسێ ساڵی یە ،
نەمدەدی دوومێگەلە کاوڕی قورس لە نواڵێکی
دوو شێخی بە قەوەت لەسەر بەرماڵێکی
ئەتۆکانی ئەمن جۆمە : تۆ دانیشە من
دەڕۆمە ،
ئەوە شێخ مەند دەیگوت :
بابە حومرم گەیوە بە چاردەی ،پێی ناوە
دە پازدەی ،
نەمدەدی دوو شێری بە قەوەت لە لانێکی
دوو پادشای زۆردار لەسەر تەختێکی
ئەتۆکانی ئەمن جۆمە : تۆ دانیشە من دەڕۆمە
ئەوە شێخ مەند دەستی دەداوە کەشکۆڵێک
و دار عەسایی یە ،
دەکەوتە بەرماڵان ، شێخ جافر پەشیمان
دەبۆوە ، دەیگوت :
دایکی مەندیم بۆ بانگ کەن وێڕای کوێتان
بەرێی کەن ، مەندم زیز بووە ئاشتی
وەکەن ،
دایکی مەندی دەهات دەیگوت :
رۆڵە مەندە ! مەندەی دەڕواڵە !
شیری ئەو مەمکانەت لێ دەکەمەوە حەڵاڵە
بە قسەی دایکت بگەڕێوە بەرەو ماڵە ،
ئەوە شێخ مەند دەیگوت :
دایە ! بەوەی کەم کە رەببی یە ، کە لە
ژووری سەری یە ،
ئەگەر لێم دەگەڕێی چاکە ، ئەگەر لێم
ناگەڕێی ،

لە دیوانی خودا و پێغەمبەران سوڕی تۆ
دەکەمەوە ئاشکرایی یە ،
ئەوە دایکی دەیگوت :
رۆڵە ! ئەگەر سوڕی من نەکەیەوە ئاشکرایی یە ،
رەبی بۆت نازڵ بێ شێخ رەش و شێخ هادی یە ،
بە خوێنی سەرت ببنەوە توونی یە ،
بە جوانی خۆت نەبیەوە شادی یە
ئەوە شێخ مەند دەیگوت :
دایە ئەتۆ کیژ بووی لە نێو کیژانە ،
بابم کوڕ بوو لە نێو کوڕانە ،
ئەوە ژوانوو دەکردەوە لە کانیلەی
دەبەر ماڵانە ،
یەکی سێوێکی سوور و دەداوە بە یەکتر
بە نیشانە ،
ئەمن حەوت ساڵ بوو روحم لەسەر ئەنگۆی
دەکردەوە سەیرانە .
خۆ ئەوە دایکی دەیگوت :
رۆڵە ! وەکوو سوڕی منت کردەوە ئاشکرایی یە ،
رەبی بۆت نازڵ بێ شیخ رەش و شێخ هادی یە ،
بە خوێنی سەرت ببنەوە توونی یە ،
بە جوانی خۆت نەبیەوە شادی یە ،
ئەوە شێخ مەندە دەستی دەدا کەشکۆڵێک و
دار عەسایی یە ،
پشتی دەکردەوە ئاوەدانی یە ،
رووی دەکردەوە دەچۆڵی یە ،
بەڵان دەڕۆیەوە بۆ لای شاری یە ،
شێخ رەش و شێخ هادی بژاری پەمۆیان دەکرد
ئەگەر نەزەری دەکردە بژاری ، بژار سەری
وشک دەبوو ،
پەمۆ زەنگوڵ زەنگوڵ عارەقی دەڕشتی یە ،
شێخ هادی دە شێخ رەشی دەکوتا دەیگوت :
کاکە ئەوە شێخ مەندی ئامۆزامانە دەچێتەوە
نێو شاری یە ،
ئەوی دەکەن بە گەورە ، ئەمە دەکەن بە
چووکایەتی وی یە ،
نوێژ کەرە ، نوێژی ناچێ ،
خۆی لی بکەوە بە مارێکی رەشی لغاوە سپی یە

لێی بچۆوە دەپەڕەی تاتی‌یە ،
بەبەری پێیەوە دەوە تا تووکی سەری
بە با دەیی‌یە .
خۆ ئەوە شێخ ڕەش دەبوو بە مارێکی ڕەشی
لغاوە سپی‌یە ،
لێی دەچۆوە دەپەڕی دەتاتی‌یە .
شێخ مەند دەچۆوە سەر بەردی بەردە تاتی‌یە،
دەیگوت : ئەرێ بەردی بەردە تاتی‌یە !
تۆ ناترسی لە ڕۆژی قیامەتێ کە
بتسووتێننەوە بە ئاگری‌یە ؟
ئەو مارە ڕەشە لغاوە سپێ چیە وەخۆت
دەگرتی‌یە ؟
خۆ ئەوە بەردی دە بەردە تاتی ڕێکی دەکوشی
شێخ ڕەش دەردەپەڕی، دەبۆوە بە بەرانێکی
شین بەشی کەلێنی‌یە ،
شێخ مەند دەبۆوە بە بەرانێکی . زەربەشی
کەلێنی‌یە ،
تا ئێوارێ لێکیان دەدا هیچیان زەفەریان
بە هیچیان نەدەبردی‌یە ،
ئێوارێ سوێندی بۆ دەخوارد بە سوێندی
پیاوانە ،
تەلاقی بۆ دەخوارد بە تەلاقی ژنانە :
ئەتۆ بە ڕوحانەت بچۆوە بەحەشتێ ،
قەندیلەم بۆ بێنە ئەمن بە قالبی تۆ
ناکەمەوە غەیانە ،
ئەوە شێخ مەند بە ڕوحانەت دەچۆ بەحەشتێ
ئەگەر قەندیلەی بۆ شێخ ڕەشی بێنێ ،
شێخ ڕەشم زۆر بە فێڵە خەنجەری دمە بێڵە
سێی لێدەدان بە فێڵە .
وەی هاوار، هاوار، هاوار، قالبم بۆوە
بریندار !
کاغەزێکی نووسی‌یە ،
هاواری کردە زریانی‌یە ،
وەی زریانە هەوێکە !
ئەو کاغەزەی بەرێکە ،
دایک و بابم حالی کە ،
زریان دەیگوت : وەی شاسوارەی جوندی‌یە !

پیر بووم تاقەتم نیە ،
هاوار کە شەمالی‌یە ،
شەمال دەهات کاغەزی دەڕفاند ،
دایکی مەندیم لەبەر نانی‌یە ،
دەستی دا بەو ڕانی‌یە ،
شێخ مەندم دۆڕاندی‌یە ،
حەک مووم بێ لە زبانی‌یە ،
دە هاواری مەندیم بێ،شێخ برایمی خالی بێ ،
دە هاواری مەندیم بێ،شەمسی والە تەورێزێ
دە هاواری مەندیم بێ ، شێخ هەمزەی
ئامۆزای بێ ،
دە هاواری مەندیم بێ ، چاکی لە دول
پەممۆیە ،
دە هاواری مەندیم بێ سەیدی دەماوەلۆیە،
دە هاواری مەندیم بێ شەخسی لەبەرە جۆیە
قوولە و هەللا پەیدا بوو ،
کۆڕەی زکری گیرابوو ،
شێخ برایمی خالی دەیگوت :
وەگەرمبێ هەلوێژم دونیای پاک تێک
داوێژم، خوێنی مەندی دەڕێژن ؟
قوولە و هەللا پەیدا بوو ، شێخ هەمزەی
ئامۆزای گوتی :
وەگەرمبێ هەلبێنم دونیای پاک تێک
داوێنم ،
تۆلەی مەندی دەستێنم ،
شێخ ڕەش لە ترسان دەچۆوە پشت ڕۆژێ .
ئەوان شێخان ئەوان مشایخان دەیانگوت:
شێخ ڕەش عاشقی چیە ؟
دەیانگوت :
شێخ ڕەش عاشقی زکری‌یە ،
ئەوان شێخان ئەوان مشایخان کۆڕی
زکریان دەبەست و
شێخ ڕەش لە پشت ڕۆژێ سەری وەدەردەنا ،
ئەگەر نەزەریان دەکردەوە شێخ ڕەشی‌یە ،
شێخ ڕەشیش دەسووتا بەردەبۆوە، بە تیری
شێخ مەندی گرفتار دەبۆوە .

* * * * *

دیاری

مەتەڵ

هاتە خوار بە خشەخش مامە گەورەی ڕدێـــن فش .

بەرازی نابەراز چل گەزی کەراس .

لووت چرچی چل کون .

زەوی گۆشتە ، تۆوی بەردە گاسنی شاخە .

سووری هەراش ، سەگی نێو بەرداش .

بای بدەی بازرگان دەکا ، هێلکەی وەک چرگان دەکا .

ڕەشی کون کون ، ئافەریم بزن .

سەری قوڕینە ،بنی دارینە ، خواردنی گیـــای شینـــە .

سێ بێ ، سێ زەردەبێ ، سێ هەنار ، ســـێ ژەهری مار .

تەپکە خریلەی گیا وردیلە .

هەڵدەستێ وەک فیتەری کلکی لە تۆقـــی ســـەری .

دایک لە دەشتێ ، کوڕ لە پشتێ .

لێرەدا پڕ بەدڵ سپاسی کاک ئەحمەدی بەحری کاک سەید محەممەد سادقی حوسێنی ، کـــاک ئازاد عسیا ، کاک خدری بەهرام بەگی ،سەید ئیسماعیلی سەید شوکری ،کاک سەعیـــدی محەممەدزادە .دەکەین کە بۆ ڕازاندنـــەوەی ئەم بەشە یارمەتییان داوین . هیوادارین پەیوەندی خۆیان پتر درێژە پێ بدەن .خـــوا ئاگاداریان بـــێ .

پەندی پێشینیان

هەموو شتێک بە خوێ، خوێش بە مەعنا .

کای خۆت نیە ، کادێنی خۆتە .

داعبای گۆشتخۆر دندووکی خوارە .

موویەک لە بەرازی بێتەوە زۆرە .

بە وشتریان گوت : کورت بوو: گوتی: ئـــەو بارەی لە خۆمە هەر لە خۆمە .

قەزای دیزەی وە گۆزەی کەوت.

بەرە لە لای تەنکێوە دەدڕێ .

گاڕانیان بە گردەوە دەبرد لە مانگـــا بەڵەکیان دەپرسی !

ئەگەر د تیانم ئەزم ،نەیاندیتم دزم

پووریێ دەچێ بۆ مردن،مووروودەکا لـــە گەردن !

لە ئێستریان پرسی بابت کێیە؟ گوتی خاڵـم ئەسپە .

میوان میوانی خۆش نەدەویست،خانە. خـــوێ هەردوو .

پیواز بێ و بەقات و نیاز بێ !

خزم گۆشتت بخوا ئێسکت ناشکێنێ .

لە سوار چاکێی نیە ئەسپەکەی هەڵی گرتووە.

بەرخێ نێر هەر بۆ کێرێیە .

پا لە قەلسە هێجەت داسە .

تێ سۆتن نابێ گۆتن .

تێژکێت شێرا شێرن .

چاڤێ کێر نەبێ تلیا خۆ ل بن بدە ودەرینە .

خودێ گۆشت ددت مروڤێ بێ ددان .

خوین نابت ئاڤ .

دەرمانێ هەر تشتێ زێڕە ،بەلێ ژ زێر خورتتر زۆرە .

دنیا هەمی نەیاری کەوییە ،کەوژی نەیاریخۆیە.

شێر شێرە چ ژنە و چ مێرە .



کابرایەکی فەقیر لەماڵی دەوڵەمەندێک وەژوور دەکەوێ و دەڵێ :

ـ براله من وتۆ هەردووک رۆڵەی ئادەم و حەووا ین کە وابوو براین . جا ئەگەر براش بین هاتووم بەشە ماڵی خۆم بەرم

کابرای دەوڵەمەند دەست لە گیرفانی رۆدەکا وقرانێکی دەداتێ .

فەقیرەکە دەڵێ :

ـ براله لەم هەموو سامان وماڵە هەر ئەوەندەم وەبەر دەکەوێ ؟

ـ بێدەنگ بە ! راست سەری خۆت داخەو برۆ . دەنا ئەگەر براکانی دیکەمان پێ بزانن ئەوندەشت رەبەر ناکەوێ .

قسەی خۆش

پادشایەک بەوەزیرەکەی دەڵێ :

ـ هەستە هەرچی سواڵکەر ـ هەیە لەم شارەدا ناویان بنووسە !.

وەزیر دەڕوا پاش دووسێ رۆژان دەگەڕێتەوە ولیستەی سواڵکەران بۆ پادشا دەبا . پادشا کە لێکی دەداتەوە دەبینێ لە سەرەوەی هەموان ناوی خۆی نووسراوە . بە وەزیر دەڵێ :

ـ یانی چی ناوی منت لە ریزی سواڵکەران نووسیوە ؟

وەزیر دەڵێ : قوربان تۆش سواڵکەری بەڵام فەرقت لەگەڵ ئەوانی دیکە ئەوەیە کە ئەوان دەپاڕێنەوە بەڵام تۆ بە زۆری دەیستێنی .

کابرایەکی لادێیی گوێدرێژەکەی لێ ون دەبێ زۆر بە شوێنیدا دەخولێتەوە بەڵام بۆی نادۆزرێتەوە .هەروا لە قەراغ جادە دەچێتە قاوەخانەیەک کە تۆزێک بحەسێتەوە . دەبینێ کچێک و کوڕیک پێکەوە قسە دەکەن کوڕەکە دەڵێ :

ـ گیانەکەم هەر چاولە چاوت دەکەم دونیام لێ ڕا دیارە "

کابرا بەپەلە دەچێتە پێش و دەڵێ :

ـ کاکە بە قوربانت بم بزانە کەرەکەی من لەوێدا نیە ؟!!

★★★



●●●

جارێک سواڵکەرێک دەچێتە لای موعتادێک و دەڵێ :

ـ لەرێی خودا دا شتێکم دەیە .

موعتاد لەوەڵامدا دەڵێ :

بەم شەقامەیدا برۆ. دەگەیە سێ شەقامان شەقامی هەوەڵ نا ، دووهەم نا ، سێهەم دەگەیە سێ کووچان ،کووچەی هەوەڵ نا ، دووهەم نا ، سێهەم دەگەیە سێ ماڵان، ماڵی هەوەڵ نا ، دووهەم نا سێهەم ، راست وەژوور دەکەوی ،سێ سندووقی لێیە . سندووقی هەوەڵ نا دووهەم نا ، سێهەم قورئانێکی تێدایە . بەو قورئانەی هیچ شک نابەم !


●●●

کەڵەباب هەرای مریشک دەکا دەڵێ :


ـ گیانەکەم بۆچی ئەمجار هێلکەکەت رەقە ؟

مریشک بە نازو عیشوە وەڵام دەداتەوە و دەڵێ :

ـ دوێنی شەوێ ئانفۆلانزام گرتبوو کەمێکیشم تەب هەبوو .



تێبینی : لە پڕ کردنەوەی ئەم جەدوەڵەدا هەموو ئوسوولی ڕێنووسی کوردی بە پێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆوارە ڕەچاو کـــراوە جگە لەوەی نیشانەی(٧) دانەنراوە.واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی(شڕ، گوڵ،زۆر،شێرو..)ی تێدا بێ بە شکڵی(شر،گول،زور،شیرو..)دەنووسرێ.



١ - شاعیرێکی بە ناوبانگی کورد کە بەیتی شێخی سەنعانی داناوە- تەختەیەکە لە تاوڵ و ڕەشماڵ، کوتێکی بۆ ئازەیەتی لە ئەستۆ دەکەن ٢ - دار لە خۆی نەبێ ناقەڵشێ - پیتێک و سێ پیت- پشوو لە ڕێبوار دەبڕێ ٣ - پشتی ئەسپی پێ دەخورێنن تا ئارەقی بشکێ - ژنی تازە زاو - پیاوی ئەوتۆ باش نیە ٤- پیتێک لە ئەلف و بێ - هەوای بێ پاشەڵ.- بارەبەری سەحرای وشک و قاقڕ- بۆ زستان شەوێک، بۆ بۆران... ێک، بۆ پیران تەوێک ٥ - لەولاوە لەگەڵ بارە - ئۆقرە گرتن و داسەکنین- بریا عەرەبیش ئەوەیان نەبا ٦ - چارەڕەشی و کەم بەختی - وەڵامی مەنفی- دەنگی ئەسپی هەرە بەکەیف ٧ - ئاخرین ماڵی هەموو کەس- تەڕ نیە - بەدوان دەبنە تایەک ٨ - شاری کەویری ئێران- باشترین دۆستی تەنیایی - جۆرە تفەنگێک ٩ - بیر و فام و تێگەیشتن- لەگەڵ باکوت ڕێ لە ڕێبوار دەشێوێنێ ١٠ - بە لێوان لێدەدرێ- ئەگەر ژان نەبێ نیعمەتی خودایە - یەرەڵماسی بەراستی کوردانە- ١١ - کز و لاواز - ئێستاش مەنجەڵ و ئامانی لە گەورە ماڵان ماوە - ئەوی چۆلی بە قوزگیرێ١٢ - دووپات بێتەوە پیران دەگریەنێ - دیواری دەورەی قەڵا - لە ماری وا مەترسێ١٣ - لە باتی " ملمّع" لە کوردیدا داتاشراوە - ماڵاتێکی ئەو ئەندامەی شۆڕ و تەسک بێ نارەسەنە- ١٤ - دوو کیلۆ - چ کەسێک - جوان و دەلال - دەلاقان دەوەستێ و هێندێک دەستبڕ لێی دەبڕن ١٥ - پەمۆی هەلاجی کراو - گێژ و کاس- کوێستانێکی بەرزی کوردستانە بەناوی بەردێکی مێژوویی یەوە کراوە - .

١ - فەرهەنگێکی کوردی بە کوردیە- ڕەوەک ٢ - پێوەکردنی زەنگیانە و سازکردنی گوریس و پەتک- منداڵی بێباوک ٣ - هەراوهوریا- سفەتی هەڵۆ و بیاوی هەڵکەوتە- ژمارەیەک ٤ - هەڵکەوتوو - ڕۆژی پێش ئیمڕۆ - پێشگرێکە بۆ فیعل ٥ - هەر کەسێک بیکا مەنعی من و .... لەماڵی بمرێ ڕۆژی هەشت و نۆ - کەل و پەل ٦- تایفە- لە هەتاو دەبێتەوە - لە ئەندامە دوانەکانی لەش ٧ - زاراوەی تایبەتی دەروێشانە - هی عوبەیدی زاکانییە و ئەحمەدی قازی کردوویە بە کوردی ٨ - ڕێ پێوان - زەوی ترکان- یەکێک لە تامەکان ٩ - کوردی شیمال بە خۆشخوانانی دەڵێن - کەوڵەکەی بە نرخە ١٠ - پیاوی ئازا بەری نادا- دووجار بڵێی دادر دادر دەبێ - دێمەکار نەیبێ هیچی لێ ناڕوێ ١١ - دەنگدانی مەڕ- پەڕاوێزی لێفە و کولێجە - دۆستی وا زۆر باشە ١٢ - ئەشکەوتێکی بەناوبانگی موکریان - جانەوەرێکی وەکوو قرنوو و گەنەیە بە ئازەڵەوە دەنووسێ ١٣ - هێشتا ورد نیە - گوندێکی زۆر خۆشی کوردستانە لە خۆشناوەتی - پێغەمبەری جوانی زیندانی - هی ئەسپ هەرچی جوانتر بێ پەسندترە-کوێستانێکی باسەفای کوردستان - تووک و نفرین - ئەو بەفرەی با هەڵیدەچنێ - لا - هێلانەی گیان لەبەری نینۆکدار -

پڕکراوەی جەدوەڵی (٢)



* * * * *

دەتوانن پڕکراوەی ئەم جەدوەڵەمان بۆ بەڕێ بکەن. لە نێو ئەوانەیدا کە دروستیان پڕ کردبێتەوە بە پێی قورعە یەک کەس بە بەرندە دەناسرێ.جایزەی بەرندەی جەدوەڵ بریتیە لە ساڵێک ئابوونمانی گۆواری سروە . بەرندەی جەدوەڵی ژمارە (٢) **لە** تەورێزەوە کاک خالیدی دەیلەمییە .

گاڵتە لەگەڵ نووسەرانی سروە (زیانی خورۆ)

سەرو‌تار: "نووسەری ئێمە دوو ئەرکی گرینگی لەسەر شانە"

– یەکەم ئەمەیە کە خەیاڵی خاوی چاپی کتێب لەسەری وەدەرخا، دووهەم ئەمەیە کە ئەگەر بەکەیفی خۆمان نووسراوەکەمان گۆڕی لێمان نەتۆرێ.

سماییلی قەزاق "تەمەنمان وەک دڵۆپە بارانێکە.....بەرداشێک دەسوورێنێ.... ڕەشماڵێک دەڕووخێنێ... گوڵ و گیا و شینکە وەک لباد دەپەستێوێ..."

– ئەوە دڵۆپە باران نیە دێوی نەمەدماڵە

خودا لێ خۆشبوو سەدیقی مەحموودی: "شیعر چیە؟"

– شیعر ئەوەیە کە لە کاتی چاپکردندا دێڕێکی بپەڕێنن بۆ ئەوەی فۆڕمی لاپەڕەی گۆڤار تێک نەچێ.

کەریمی قەیوومی: "ڕەشماڵی ئەوین ئەستوندەکی تاولی لەسەر کوێستانی دڵمدا کوتاوە.... نازانم بڵێم چی؟"

– هیچ مەڵێ! چاوەڕوانی "چرای فوو پێداکراو" بە، بزانە "کەی نەوتی لێ دەبڕێ"؟

عەزیزی فازیلی "قولە ڕەشە...لوور بۆوە و ڕاماڵی بردە سەر پاڕووە سابوونە بۆنخۆشەکە...."

– هێندێکیشی لە چیرۆکەکەی تۆ رفاند، بۆیە تەواوی چاپ نەکراوە.

ئاودێر: "جاچ لە کیژۆڵەیەکی جوان و لەبار و تازە بووکێک چاتر دەتوانێ میر ئاشت کاتەوە... ئەو باوەش لە دەورانی ئاناهیتاوە ماوەتەوە".

– ئەدی بۆ دەڵێن ئاناهیتا کچە؟ وادیارە سەدان ساڵ کڵاوی لەسەر خەڵک ناوە و پیاو بووە و نەیدرکاندووە.

جەدوەل:

– باشترین ڕێگا بۆ تێکدانی ڕێنووسی کوردی و سەرلێ شێواندنی ئەوانەی گڕ و گاڵی کوردی فێربوونیانە.

مەحموودی شکاک نیژاد: "ئەودەم کە شوان بووین و گاوانیمان دەکرد...."

– هێشتا شارتان بە قوڕ نەگرتبوو.

مووسا گەرمیانی: "جنێو چ جنێو؟ شتی وایان دەگوت بەردی دەتواندەوە"


– خۆ سەخڵەت مەکە! هەقی خۆت بوو.

سەلاحی عەرەبی: "ناسینیەوە، شیعری کوێی بوو... لەبەر دەمی لێک هاڵان و بێی هەڵگەڕان... ئەوکیان ڕێک کوشی. ڕەنگی بزڕکا.... لاقی جووت کرد و سەری نایەوە"

– هەتا دەردەکەت پیس‌تر نەبووە و منداڵە وردکە وەدوات نەکەوتوون خۆت بگەیەنە دوکتۆری شێتان. خودا شەفات بدا.

سروە: زیانی خورۆ هێندە خۆت لە قەرەی لادێ مەدە
ئێمە دەزانین چ لە زیانی خورۆ دەکەن!

یەکێک دەیگێڕاوە کە چەند ساڵ لەمەو بەر لە دێیەکی لای شیراز سپای دانیشبووم ، ئەو سەردەمەدا سپای دانیشقەدر و ئیحترامێکی زۆریان هەبوو. هەرکەسنارەحەتییەکی بووبایە یا کارێکی بۆ هاتبا پێش دەهاتە لای من و چارەی لێ دەویستم و بۆ هەر کارێکیخێر و شەڕ ئەمنیان وەپێش دەخست. هەر بەو هۆیە لە ماوەیەکی کەمدا دەگەڵ زوربەی خەڵکی



ئەو دێیە ئاشنا بووم .

ڕۆژێک کابرایەک بە ناوی یار موحەممەد هاتەلام وگوتی:

- بە قوربانت بم دەبێ فاڵی حافزم بۆ بگریەوە .

جوابم داوە :

- بابە لە کۆڵم بەوە من چووزانم فاڵت بۆ بگرمەوە.

بەڵام دەست هەڵگر نەبووگوتی:

- وەڵڵا ئەمن سەوادم نیە بەڵام ئیمانم بە حافز هەیە کەرەکەم ون بووە و دڵنیام دەیبینییەوە .

هەرچی شێر و ڕێویم بۆ هێناوە و کردم و کراندم دەستی هەڵنەگرت . ناچار دیوانی حافزم هێنا و لاپەڕێکم هەڵداوە . غەزەلەکەم لە هەوەڵڕا تا ئاخرێ خوێندەوە بەڵام هیچی لێ حاڵی نەبووم . دەهاتم ناهومێد بم کە لە ئانێکدا ئەو میسرەعە :

ما در پیاله عکس رخ یار دیدەایم

فیکرێکی خستە مێشکمەوە لە دڵی خۆم وام دانا :

ئەگەر " رخ " وەرگێڕی دەبێتە " خر " . " یار " یش مەبەستی " یار موحەممەد " ە کەوابوو حافز کەری یار - موحەممەدی دیوە . بەڵام لە پیاڵەدا ! دەبێ مەبەستی چ بێ ؟

هەرچی فکرم لێ کردەوە بۆم نەچووە سەریەک . لە حاڵێکدا پێکەنینم بەو تەفسیر و لێکدانەوەی خۆم دەهات بۆوەی ئەو کابرایە دەستم لە یەخە کاتەوە گوتم :

- وەڵڵا یار موحەممەد! حافز کەری تۆی دیوە بەڵام لە جێیەکی سەیر .

زۆر خۆشحاڵ بوو ، گوتی :

- لە کوێ ؟ لە کوێ ؟

گوتم :

- دەڵێ لە ... لە پیاڵەدا !

پێم وابوو هەر ئێستا قاقا پێم پێدەکەنێ بەڵام بە پێچەوانە زۆرم بە قوربان و سەدەقە بوو و بەپڕ تاو ڕۆیی . زۆرم پێ سەیر بوو بۆ وای کرد .

سبەینی بەیانی دیتم یار موحەممەد بە قابڵەمەیەک ماست و قاپێک شیرێژ و ڕۆن هاتەوە لام و گوتی :

- ڕاوەستە دەستت ماچ کەم.

- چ بووە بۆ وا دەکەی ؟

- جا چۆن بە قوربانت بم کەرەکەت بۆ دیومەتەوە .

بە سەر سوڕمانێکی زۆرەوە گوتم :

- کورە جا چون ؟

- مەگەر نەتگوت حافز کەرەکەتی لە پیاڵەدا دیوە، پیالە دێیەکی چووکە لەپشت هۆو تەپکە . دوێنێ چووم و کەرەکەم لەوێ دیتەوە.



دایکی جەرگ بڕاو بە دڵێکی پڕ لەخەم و خەفەتەوە لە قولینچکی وەتاغەکە دانیشتبوو.جار جار دەستی هەڵدێنا و رووی لە ئاسمان دەکرد و ورتەیەکی لێ دەهات وەک بپارێتەوە وابوو . تاوتاو دەیناڵاند وجارجاریش مات دەبوو و چاوی لە گۆشەیەکی وەتاغەکە دەبڕی.

ئەورۆ بەیانی بوو کە ناڵە خۆشەویست و ژیکەڵانەکەی ئەویان کە تەنیا یادگاری مێردە خوالێ خوشبووەکەی بوو لە وەتاغ بردبووەدەر .

لە باوەشی گەرمی دایکیان کردبۆوە و لە ئامێزی ساردی گڵیان هاویشتبوو .

چرایەکی کەم نوور لە نێوەڕاستی وەتاغەکەدا دایسا جار جار پتە پتێکی دەکرد. دەتگوت نەفتی لە بڕانە، پیخەفی ناڵەکەی کە ئێستا خڕی نەکردبۆوە هەروا لەو قوژبنەی کە ئەو چاوی تێ بڕیبوو راخرابوو و دیمەنی پڕ لە خەم و نائومێدی وەتاغەکەی، خەماویتر لە دەرەوەی ماڵەکە تاریکێکی تەواو بەسەر وڵات دا زاڵە ، بایەکی ساردی پایزی دێ ، وەک دێوێکی قەڵس و تووڕە ، گەڵای زەرد و بێ تاقەتی دارەکان لێ دەکاتەوە و بۆ ئاسمانیان دەبا و بەتەواوی هێزەوە لە ئەرزیان رادەکێشێ و لە خاک و خۆڵیان دەگەوزێنێ . دارەکان پشتیان لەژێر هێزی ئەو بایە دەنوشتێتەوە لق و پۆیان لێک دەهاڵێ و دەناڵێنن ، جارجارەش لقی هیندێک لە دارەکان کە ناتوانن لە راستی هێزی ئەو تۆفانە خۆ رابگرن دەشکێن و قرچە قرچی شکانیان دەنگ دەداتەوە و لەگەڵ دەنگی با و لوورە لووری سەگ و گرمەی هەور و ناڵەی ئینسان تێکەڵ دەبێ و دنیایەکی بەسام و پڕ لە خۆف بەدی دێنێ. لەپڕ ژنی چاو پڕ لە فرمێسک سەری هەڵدێنێ و چاو لەلای پەنجەرەی وەتاغەکە دەبڕی وەک وەیە کە دەنگێکی بێتە گوێی :

دایەگیان ... دایەگیان ...

ـ ئەو دەنگە چیە ؟

دیسانیش ئەو دەنگە ئەوجار دەلێی بە پتە لە شووشەی پەنجەرەکە دەدەن ، دووبارە دەنگەکە دەبیسی :

ـ دایە گیان .....

دایکی چارەڕەش ولێقەوماو بێ وەی کە بۆ خۆی بیەوێ هەلدەستێ و بۆلای پەنجەرەکە رادەکا و بە حالەتێکی پڕ لە نائومێدی و ترسەوە چاو لە دەرێ دەکا و لەژێر لێوێوە دەلێ :

ـ سەیرە ، ئەوە چ بیر و خەیالێکە ؟ مندالە بەستەزمانەکەی من ئێستا لە ژێر گلێ دایە ، نا .... ئەوە نالە نالی بایە ، ئەو دەنگەش ئی ئەو دارانەیە کە با لە شووشەکەیان دەدا . حەیف کە کەس لە دنیای دیکە را ناگەڕێتەوە ، بەلام گوێ بدەیە دیسانیش دەنگەکە دێ ! ...

ـ دایە گیان ...دایە گیان ... بۆ دەلێی منت لەبیر چۆتەوە ؟

ـ بۆ منت لەو سەرمایەدا لە دەرەوەی مالێ بەجێ هێشتووە ؟ بۆ ئیتر لە باوەشم ناگری و گەرمم ناکەیەوە ؟ نازانی من لە تاریکی دەترسێم ؟... هۆوە جێ و بانی منە کە دوێنێ شەوێ لەسەری نوستبووم؟ تۆش لەکن من دانیشتبووی و بوو.خۆر تیشکی گەرمی بلاو دەکردەوە و ولاتی گەرم دادێنا ، لە ئاسمانی شیندا کە هەورە سپیەکان بە ئەسپایی دەرۆیشتن لەهەر جێیەک گولێکم دیبایە لە چلێم دەکردەوە و بۆم دێنای بەلام تۆ زۆر جار فرێت دەدا و دەتگوت :

ـ ئەوە گیایە ، گول نیە .

لە لقی هیندێک لەوان شیرێکی سپی دەهاتە دەرێ کە دەستمی تال و لیچق دەکرد و قامکەکانمی پێکەوە دەنووساند . من زۆرم پێ سەیر بوو بەلام تۆ قەدەغەت کردبوو : کە من ئەو گیایانە لێنەکەمەوە و زۆر جار ئامۆژگاریت دەکردم و ئاوت بە زارمەوە دەکرد . جار جاریش فرمێسکەکانت دەکەوتنە سەر روومەت و سەرینەکەی من ، پێم وایە بۆ بابم دەگریای ، ئەمنیش چاوم هەلدێنا و دەمڕوانیە تۆ، چاوەکانت پڕ لە عاتیفە و خەم بوو ... ئەدی چ بوو کە بە جارێکی ئەو هەموو خۆشەویستت لەمن هەلبری و منت لە خۆت دوور کردەوە و لەسەرما و تاریکیدا تەنیات هێشتمەوە ؟ ....

داخوا ئەو رۆژە خۆشانەت لەبیر چۆتەوە ؟... دەشت و چیا کەسک و شین بوو، دارەکان بە کەیف و سەرخۆش بوون ، هەموو لایەک گول و گولزار دەتگوت :

ـ هەرکەس گوێ نەداتە قسەی دایکی تەمەنی کورت دەبێتەوە.من مانای ئەو قسەی تۆم نەدەزانی .

رۆژێکی گولێکی سپی و جوانم دی.کە وەک گولەکانی دیکە نەدەچوو.داهاتمەوە کە لێی کەمەوە بەلام گولەکە لەجێی خۆی بلیند بوو، رووی دەئاسمانێ کرد . سەرم سوورما و دلم کەوتە کوتان ، وا دیار بوو رەنگیشم پەڕیوە چونکی گوتت

ـ رۆلە گیان مەترسێ ئەوە گول نەبوو پەپوولە بوو گوتم :

ـ پەپوولە چیە؟ گوتت :

ـ بالندەیەکی بچکۆلانە و جوانە کە لەسەر گولان دەنیشێ و شیرەی وان دەمژێ.

من چاوم لە دوور و بەری خۆم کرد بەلکوو دووبارە پەپوولەیەکی دیکە ببینمەوە بەلام ئەو رۆژە ئیتر پەپوولەیەکم نەدیەوە . رۆژەکانی دوایی جار جار یەکێک لەوانم دەدی،زۆریان بالیان سپی بوو هیندێکیشیان زەرد یا سوور بوون من دەمویست یەکیان بگرم بەلام هیچ کات نەمدەتوانی. ئەو رۆژانە چەند خۆش بوون .ئەورۆژە گەرمانە.... وەک ئێستا سارد نەبوو. من هەر رۆژە شتێکم دەدیەوە و لە تۆم دەپرسی کە چیە !



تۆش هەر جارە شتێکی تازەت فێر دەکردم. هەموو شتێکم پێ سەیر بوو.

حەیف کە ئەو ڕۆژە خۆشانە زوو تێپەڕین. خۆر ئەوجار کەمتر دەهاتە دەر، جار جار دەباری، ئەرز تەڕ دەبوو، لە دەوری ماڵەکان ئاوی باران جۆگەلەی ساز دەکرد، تۆش بۆوەی وەڕەز نەبم لەپشتی پەنجەرە را بارینی باران و ئەو بڵقانەت پێ نیشان دەدام کە بە دڵۆپەی باران لەسەر ئاوی جۆگەلەکە دروست دەبوو من زۆر جار دڵم تەنگ دەبوو بزۆزیم دەکرد و تۆش لێم توورە دەبووی بەڵام من بەو کارە سەرگەرم دەبووم.

وردە وردە ڕۆژەکان ساردتر و ڕەشتر دەبوون، ڕۆژێکی بەیانی کە هەستام هەستم کرد لەشم گەرمە، لاقەکانم بێهێزە و پێم خوش نیە لە جێگا بێمە دەر، تۆش کە منت بەو جۆرە دی ڕەنگت گۆڕا و گوتت:

– ڕۆڵە گیان تۆ ئەوڕۆ دەبێ لە جێگا دابی، دوێنێ سەرمات بووە، لەشیشت گەرمە شتێک نیە تا سبەینێ چا دەبییەوە و دەتوانی هەستی و کایە بکەی.

بەڵام سبەینێ ئەو ڕۆژە حاڵم خرابتر بوو. ڕۆژی دوایی پیاوێکی قەڵەوت هێنا کە چاویلکەی لەچاو دابوو. کەمێکیشی ردێن لەسەر چەنەگەی هێشتبووە، گوتت:

– ئەوە ئاغای دوکتۆرە.

ئەمن لە چاوەکانی دەترسام، دەستی گرتم و شتێکی لەسەر سینگ و پشتی دانام و گویی هەڵخست نازانم چ بوو؟ دوایی زۆر لەگەڵ تۆ دوا، پاشان شتێکی لەسەر قاقەز نووسی و دایە دەست تۆ لەو ڕۆژەڕا دەرمانی تاڵ و ناخۆشت دەرخوارد دام ئەوجار حاڵی تۆش وەک جاران نەبوو کەمتر قسەت دەکرد و ئیتر پێ نەدەکەنی، دوێنێ حالم لە هەموو ڕۆژێک خراپتر بوو.

ئێوارە چاوەکانم بەست و نووستم و ئیتر ڕووی تۆم نەدیەوە. جار جار دەنگت لە دوورەوە دەهات وەک وەی بوو کە دەگریای و دەتناڵاند.

دوایی خەونێکی ناخۆش و پڕ لە مەترسیم دی:... خۆمم دی کە بە چاوی بەستراو و ڕەنگی زەرد لەسەر گڵێکی سارد و نەرم نوستووم. کرمی سەیر سەیر لە دەور و بەری من لە ئەرزی دەهاتنە دەر و بۆلای من دەهاتن، مشکی گەورە گەورە دەستی یەکتریان گرتبوو بەجیکە جیک لە دەورم هەڵدەپەڕین و سەمایان دەکرد... دارەکان ریشەی خۆیان بۆ لای من رادەکێشا و تێم دەهاڵان.

دایەگیان. دووری تۆ بەسە. دەرکەی بکەوە و ڕێم بدە دیسان لە کۆشی تۆدا دانیشم و دەستت لە ئەستۆی کەم، دەمەوێ ماچت کەم و هیچ کات لێت جوێ نەبمەوە.

با ئەم خەیاڵەی تێکەوە پێچا و لەگەڵ خوێ بۆ سنووری نادیاری برد.

کتێبی تازە



هەر ماڵێکی ئێرانی کە قورئانێکی پیرۆزی لەسەر تاقە دانا بێ پێویستە دیوانێکی حافزیشی لەبن بێ. منیش دەڵێم خۆزگە هەموو ماڵە کوردێکیش دیوانی نالی لەژێر قورئانی پیرۆزدا دانابایە. (هێمن)

رەنگبێ زۆرکەس خەریکی کۆ کردنەوەی شیعرەکانی نالی بووبن بەڵام لە هەموولان تەواوتر و رێک و پێکتر ئەم کتێبەیە کە ماموستا عبدالکریمی مودەریس و کوڕەکانی شەرحیان لێ کردووە و ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی لەچاپی داوەتەوە. دیوانی نالی یەکێک لەو کتێبە بە نرخانەیە کەهەموو ئەدەبدۆستان بە تایبەتی شاعیرە لاوەکانمان دەبێ بیخوێننەوە و هونەری شاعیری و سەنایعی شیعری لێ فێر بن.

کۆ کردنەوە و شەرح لێکردنی دیوانی میرزا ـ عبدالرحیمی سابڵاغی (وەفایی) شوێنەوارە بە نرخەکەی ماموستا محەمەد عەلی ـ قەرەداغی یە. ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی لە چاپی داوەتەوە.


لەم کتێبەدا شیعرە کوردی یەکانی ماموستا وەفایی دیارن.

" کە تۆ رۆیی لەبەر چاوم کورەی خاکی بە ئاوا چوو
لەپاش تۆ ئەی گوڵی نەورەستە خاکی کوێ بە سەردا کەم "

کتێبی شاری وێران نووسراوی عەلی حەسەنیانی " هاوار ". لێکوڵینەوەیەکی بە رێ و جێ لەسەر شاری وێران، نامەیەکی مێژوویی بەهاری کوردستان، چیرۆکی لەگلەگ، موسیقای خۆماڵی، بەشێک لە نێوەرۆکی ئەم کتێبەن. وتاری شیعری کوردی هەشتەمین وتاری ئەم کتێبەیە هەروەها ژن بە ژنە و ئالەکۆک و چاکی خاڵەسووە و " چ بنووسین " بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبە پێک دێنن.

تێبینی: لەسەرلەچاپدانی دیوانی نالی و دیوانی وەفایی پێویستە روونی بکەینەوەکە لەهەل ومەرجی ئێستادا نەمانتوانیوە ئیجازەی چاپ لەدانەرانی ئەوکتێبانە ماموستا مەلا عبدالکریمی مدرس وکوڕەکانی وماموستا قەرەداغی وەربگرین. راوەستان لەسەرپێک هاتنی هەل ومەرجێکی لەبار بۆئیجازەوەرگرتن دەبووەهۆی وەدواکەوتنی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بەنرخانە. بەتێ ڕادیویەک کەلەوماموستا پایەبەرزانەمان هەیەدڵنیاین لەم کارەمان کەتەنیا بۆ خزمەت بە فەرهەنگ وئەدەبی کوردیمان کردووە دڵمەند نابن.

دیارە مافی دانەرانی ئەم دووکتێبە دەپارێزرێ وهەرکات بۆیان بگونجێ پەیوەندیمان لەگەڵ بگرن، لەسەرچاوی دادەنێین. خۆشمان بۆ پەیوەندی گرتن لە هەوڵداین.



- کرد در تاریخ همسایگان : سیاحتنامهٔ اولیا چلبی
  ترجمهٔ فاروق کیخسروی
- کۆیلەی راپەڕیو : نووسەر : تی.واشینگتۆن
  وەرگێڕ : م . بەهرەوەر

چاوەڕێی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبانەش بن

- کاروانی خەیاڵ : بەشێک لە شیعرەکانی خالیدی حیسامی (هێدی)
- یادداشتهایی از کردستان : خاطرات شیخ رئوف ضیائی.بە کوشش (عمر فاروقی)
- قامووسی زمانی کوردی : دانەر: م . ئ . زەبیحی
- بسوی جهان جاویدان : اثر ملا عبدالله احمدیان .
- فەرهەنگی ناوە دوانەکانی کوردی : دانەر : تاها فەیزی زادە .

فۆڕمی ئابوونمانی گۆواری سروە

من .... سەد و دە تمەن (١١٠) پوولم بە حیسابی ژمارە ٥٤٠٠ ی بانکی سپە ، شوعبەی مەرکەزی ورمێ، (اورمیە) بە ناوی ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەیوووبی بۆ ناردوون . داوا دەکەم لە ژمارە.......... ی سروە بە دوام جار لە گەڵ جار بۆ بنێرن ، ناو نیشانم ئەمەیە :

ناونیشان : ....

....



پاشماوەی سەرداری ....

پێ دەگەیشت . بەڵام پارێزەرانی شار دەستیان بە هیچ جێگایەک رانەدەگەیشت و کەشتییەکی پڕ لە خواردەمەنی و کەرەستەی شەڕیش کە سوڵتان صلاح‌الدین لە بێرووتەوە بۆی بەڕێ کردبوون کەوتە بەر پەلاماری خاچپەرستەکان و لە دەریادا نوقم بوو. سەرەڕای ئەمانەش پەتا و ئاهۆی جۆرا و جۆر لە شاردا بڵاو ببۆوە و بڕستی لە دانیشتوان و پارێزەرانی شار بڕیبوو.

لە وەزعێکی ئەوتۆدا " ئەمیر سیف‌الدین علی- المشطوب " فەرماندەی پارێزەرانی شار چووە لای پادشای فەڕانسە و پێی گوت: "ئێمە شارەکەتان تەسلیم دەکەین بە شەرتێک ئێوەش عەینی معامەلەمان لەگەڵ بکەن (٩). فیلیپ ئۆگوست لە بەرانبەر ئەم پێشنیارەدا گوتی : " من قەت رازی نابم کە لە خەڵکی عەکا و مودافیعینی یەکێک ساغ بمێنێ (١٠)". شار ماوەیەکی تریش خۆی راگرت ، بەڵام برسییەتی و نەخۆشی ناچاری کردن لە ١٧ی رەجەبی ساڵی ٥٨٧ " ١٢ی ژووئیەی ١١٩١ی.ز" دا خۆ بەدەستەوە بدەن .

خاچپەرستەکان کوشتارێکی بە کۆمەڵیان لە خەڵکی عەکا بەرپا کرد و نزیک بە سێ هەزار کەسێکیان لێ کوشتن .

دوای ئەمەش شەڕ کۆتایی نەهات و لە چەندین جێگا هێزەکانی هەر دوو لا بە گژ یەکدا چوون و زۆر جاریش لەشکری موسڵمانان زەبری کاریگەر و توندی لە خاچپەرستەکان وەشاند.تاکوو سەرەنجام پادشای ئینگلیس " ریچارد" پێشنیاری ئاشتی هێنایە گۆڕێ و لە (٢٢ ی شەعبانی ٥٨٨ ی.ک ١١٩٢ی.ز"دا پەیمانی ئاشتی مۆر کرا و بەپێی ئەم پەیمانە شاری قودس و هەموو خاکی فەلەستین جگە لە باریکەیەک لە " سوور "ەوە تا عەکا ، بە دەست موسڵمانەکانەوە مایەوە و رێگا بە مەسیحییەکانیش دەدرا کە لە حەج و زیارەتی شوێنە پیرۆزەکانیاندا ئازاد بن .

(درێژەی هەیە)

(٩) و (١٠) کورد و کوردستان - ئەمین زەکی بەگ ل ١٧٠ .

روون کردنەوەیەک لەسەر فۆڕمی ئابوونمان

ئەو ١١٠ تمەنەی کە دەینێرن بو ئابوونمانی شەش مانگ یا ساڵێک نیە ، بەڵکوو بۆ شەش ژمارەی " سروە "یە کە خەرجی پۆست‌کردنیشی خراوەتە سەر ، دیارە بۆ داخوازان لە دەرەوەی وڵات زۆر و کەمی زێدە خەرجی پۆستیشی دێتە سەر ، کە بۆ خۆیان دەتوانن بەراوردی بکەن .

اورمیه : صندوق پستی ٧١٧ ، تلفن ٣٥٨٠٠.

ناوەندی بڵاو کردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی

ئینتیشاراتی صلاح‌الدینی ئەییووبی

بارگەی یاران

«هێمن»

دێت و رادەبرێ وەکوو سەروی رەوان من چ بکەم؟
کە بە قوربانی نەکەم رووحی رەوان من چ بکەم؟

قەدی ئەم شۆخە وەکوو دووخ و خەدەنگە ئەفسووس
پشتەکەم کۆمە وەکوو ماڵی کەوان من چ بکەم؟

تازە هەنگاوی شلم کوانێ دەبێ بۆ شەو ڕاو
جوانە زۆر جوانە بەڵێ رەوتی کەوان من چ بکەم؟

زەبری ئاوزەنگی بڕا و شل بووە دەستی جڵەوم
دێ دەنا پرمەیی بۆر و بدەوان من چ بکەم؟

ژوانی خۆشی هەرەتی لاوەتی دێتە خەونم
کاتی ئاویلکە دەگەڵ زیندە خەوان من چ بکەم؟

شەو هەتا رۆژێ لەبەر ئێشی لەشم نائەم دێ
دێتە گوێم دەنگی گەلۆ و نیوەشەوان من چ بکەم؟

بارگەیان تێکەوە پێچا و بە ڕێ بوون یاران
لە دنێ وا بەتەنێ پاشی ئەوان من چ بکەم؟

ژیانی من ئێستە وەکوو خۆری دەمی زەردە پەڕە
پێم نەما تین و گوڕ و هێز و تەوان من چ بکەم؟

سروە هات خونچە گوڵی باخی ئەدەب پشکووتن
باخەوانی گەرەکە تازە جەوان من چ بکەم؟

ئاو نەبوو ئەو دەمی هێمن مەلەوانی کورد بوو
ئاو شوکر زۆرە وەرن زوو مەلەوان من چ بکەم؟

